یەکەمین گۆڤاری کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی لە کوردستاندا

لە پێناو گەلێکی
خاوەن بڕیاردا

# بڕیار

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی

ساڵی شەشەم
71
ئایاری ٢٠١٤

- بۆ ڕزگاربوونی وڵات.. پێویستمان بە پەپوسلێمانە!
- سەرکردەی مەرد بە ڕەوشتی دیواری دڵان دەبڕێت!
- ئاوڕمەدەرەوە لەو وتانەی لەبارەتەوە دەوترێت!
- با ئاوەکە لێڵ نەکەین!

پروشەی ئەوین!
لەگەڵ سەید کامیلی شاعیردا



دایکانو باوکان و
پەروەردەی دەرەکی!

بۆدابەزاندنی جۆرەها كتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

زۆرن ئەوانەی لە دەوری

کورسین!

کەمن ئەوانەی لە دەوری

نیشتیمانن!!

(غاندی)



بڕیار

مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو
گەشەپێدانی مرۆیی

ساڵی شەشەم - ژمارە 71 - نایاری 2014




6



8



9




**خاوەنی ئیمتیاز**

ئەندازیار:-

مەسعود تـاهیر ڕۆژبەیانی

**سەرنووسەر**

عادل محەممەد شێخانی

sarnosar@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین**

بەرزان ئەبوبەکر

**دەستەی نووسەران**

ئەسکەندەر ڕەحیم

بێگـەرد فـــارس

زاهـیــر زانـــا

گوڵان حەمەئەمین

محەممەد مێرگەیی

محمد هاشم محمد

وەهـاب حەسـیب

یەحیـــا محەممەد

**ڕاوێژکاری یاسایی**

پارێزەر: ئازاد محێدین

**بەشی هونەریو دیزاین**

قەیدار ڕەحیم

پشتیوان عبدالرحمن

**تایپ**

کلسوم جەلال

**ناونیشانی گۆڤار**



سلێمانی - شەقامی سالم -تەلاری جەمالی حاجی عەلی-
نهۆمی چوارەم- یەکەی (٤٠١) نزیك پردی خەسرەو خاڵ
٠٧٤٨٠١١٢٧٨٧ - ٠٧٧٠٢١٧٨٦٨٢

هەولێر
٠٧٥٠٤٤٦٣٢٣٠ - ٠٧٥٠٥٢٥٣٠٣٥

E-mail: bryarmagazin@gmail.com



دابەشکردن: کۆمپانیای پەیك
07708649210

چاپ: کۆمپانیای پیرەمێرد


bryarmagazine

10



12



14



## کارگێڕیو بازاڕسازی

نرخ 2500 دینار

یەکەم دڵۆپ
سەرنووسەر

# با ئاوەکە لێڵ نەکەین!

## پێشکەشە بە ڕۆژی جیهانی کتێب ٤/٢٣

شیعرێکی سوهرابی سیهری زۆر سەرنجی ڕاکێشام کە دەڵێ:

با ئاوەکە لێڵ نەکەین
لە خوارتر لەوانەیە
کۆترێك ئاو بخواتەوە!

زۆر گرنگە ئێمە هەمیشە بەم شێوەیە بیربکەینەوە، ئەم بیرکردنەوەیە بکەینە ڕۆشنبیریو کەلتوری ژیان، چونکە ئێمە لە پێناو سەعادەتی مرۆڤەکاندا دەخوێنینەوە، دەنوسین، دەئاخفبین..

عاشقانی کتێبو پەیڤی جوانو وشەی بەهەشتیو هەستی پڕ لە سۆزو ئەوینو خۆشەویستی، جگە لە پەیامی شادیو خۆشەویستیو میهرەبانی پەیامێکی دییان پێ نییە!

هەرگیز ئاوەکە لێڵ ناکەن..!

چونکە ئەم جیهانە تەنها بە موڵکی خۆیان نازانن!

هەموو زیندەوەرەکان بە هاوبەشی خۆیان دەزانن! نەوەك تەنها مرۆڤەکان!

با ئاوی دەریاکە بە ڕوونی بمێنێتەوە، با پارێزگاری لە ڕوونی ئاوی حەیات بکەین، تا هەموو کۆترەکان بە ئاسانی ئاو بخۆنەوە!

تا بەبێ ترسو دڵەڕاوکێ لە دەریاکە نزیك بنەوە، ئیدی لە مرۆڤ نەترسن!

هەرگیز وا گومان نەبەن مرۆڤ دڕندەیە!

ئیدی بە بینینی ئێمە، نادەن لە شەقەقەی باڵ..!!

ئیدی فەرموو لە پەپولە دەکەین، بەخێرهاتنی هەنگ دەکەین، بە زمانی گوڵ دەدوێین، بە ئاوازی باران سرودو درود بۆ ژیان دەچڕین!

ئێمە پەروەردەی کتێبین، لە باوەشی کتێبدا چاوەکانمان بە جیهان هەڵهێناوە!

ئێمەش وەکو دایك لە باوەشمان گرت..

نانمان دا، بە کتێب...

پارەمان دا، بە کتێب...

جل‌وبەرگمان دا، بە کتێب...

ژووانی تەمەنمان لەگەڵ کتێب بەست...

هەربۆیە دڵمان هێندەی پەڕەی پەرتووکەکانی دونیا فراوانە..

هێندەی پیتی چاپخانەکان خەونی ئەرخەوانی جوانمان هەیە، نەك تەنها بۆ خۆمان، بەڵکو بۆ خۆمانو هەموو کۆترو مێرولەو هەنگو نەهەنگو چۆلەکەو هەموو هەمووتان!

ئێمە جگە لە وتەی جوان، پەیڤی شیرین، هیوای شادیو بڵاوکردنەوەی ئاشتیو سۆزی مرۆڤانە هیچی دیمان ناوێت!

دەمانەوێت ژمارەی هێلانەکان زێتر بن!

گوڵەباخەکان زۆرتر بن!

دڕکەکان وشك بن..!

هەموومان بە یەکسانی لە دەریاکە بخۆینەوە!

پارەکانمان دەدەین بە کتێبو قەڵەم!

بە مەرهەم بۆ دەستە قڵیشاوەکان..

ئەوانەی بەیانیان زوو دوای ئەوەی بە نوری دەستنوێژ دڵەکانیان دەکەنە زیو، کونجو کۆڵانی نیشتمان پاك دەکەنەوە!

ئەوسا وڵات دەبێتە نیشتمانی پەپولە..

پۆستەرەکانمان هەرگیز باران نایشواتەوە..

چونکە ئێمە بە ڕەنگی شەونم دەنووسین..

بە زمانی بارانیش دەدوێین!



# کارگێڕی بە گوفتار

لاوێتی بەبێ خەون و هیوا
وەکو بەهار وایە بەبێ گوڵ و گوڵزار!

پەندێکی دانیمارکی

بە کارکردنی زۆر، چارەسەری ئافاتی بێهیوایی بکە!

پەندێکی عەرەبی

ئەگەر ناتوانی حەق بڵێی، چەپڵە بۆ ناحەق لێ مەدە!

محمد متولی شعراوی

پیشەوەر بەدەستی کاردەکات، خاوەنکار بە عەقڵی کاردەکات،
بەڵام هونەرمەند بە دەست و بە عەقڵ و بە دڵ کاردەکات!

گۆتە

لە خراپترین عەیبەکانمان
گرنگیدانمانە بە عەیبی خەڵکی!

لحد خاطر



# وەسیەتنامـــەی شا!!

لە سەرەمەرگدا پاشای وڵات ئەم وەسیەتنامەی بە وەزیرەکانی ڕاگەیاند:

وەسییەتی یەکەمم ئەوەیە کە:- کاتێك دوای مردنم لاشەم بەرەو گۆڕستان بەڕێدەکەن، بۆ کەس نییە لاشەم هەڵبگرێت جگە لە پزیشکەکانم!

وەسییەتی دووەمم ئەوەیە:- کە لێرەوە تا گۆڕستان هەرچی ئاڵتونو زیوو خشڵو بەردێکی گرانبەهام هەیە، کە بە درێژایی ژیانم کۆمکردونەتەوە، لە ڕێگەکەمدا پرشو بڵاوی بکەنەوە!

وەسییەتی کۆتاییم ئەوەیە:- کاتێك دەمخەنە سەر دارە مەیتەکە هەردوو دەستم لە کفنەکەم بهێننە دەرەوە، با خەڵکی دەستەکانم ببینن!

دوای ئەوەی پاشا لە وەسیەتنامەکەی بووەوە، سەرکردەی سوپا دەستەکانی شای ماچکردو خستییە سەر سینگیو گوتی: گەورەم دڵنیابە وەسییەتەکانت وەکو خۆی جێبەجێ دەکرێن، بەڵام خۆزگە پێت دەگوتین کە مەبەستی جەنابتان لەم وەسیەتنامەیە چییە؟!

پاشا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو پاشان گوتی: دەمەوێت وانەیەك فێری هەموو جیهان بکەم کە من ئێستا خۆم لێی حاڵی بووم!

سەبارەت بە وەسییەتی یەکەمم دەمەوێت بە هەموو خەڵکی ڕابگەیەنم کە ئەو کاتەی مەرگ یەخەمان پێدەگرێت، پزیشکەکانمان هیچیان پێناکرێت، دەبێ ئەوە بزانن کە لەشساغیو تەمەن سەروەتێکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێ پێتی ببەخشێت!

سەبارەت بە وەسییەتی دووەم دەمەوێت بە هەموو خەڵکی ڕابگەیەنم کە هەموو ئەو کاتانەی سەرفمان کرد لە کۆکردنەوەی زێڕو زیودا، هەمووی بەفیرۆ چوو، ئەمرۆ ناتوانین هیچ لەو ماڵو سەروەتە لەگەڵ خۆماندا بەرین!

بۆ وەسیەتی سێیەمیش دەمەوێت خەڵکی دەستەکانی من بە بەتاڵی ببینن، تا بزانن ئێمە بە دەستی خاڵییەوە هاتینە ئەم دونیایەو هەر بە دەستی خاڵیشەوە ئەم دونیایە جێدەهێڵین!

**لەم چیرۆکەوە فێردەبین:-**

١- هێزی مرۆڤەکان سنوردارە، ناتوانن بە سەروەتو سامانو پارە هەموو ئارەزووەکانیان بهێننە دی.

٢- پاشاو سەرۆكو گەورەکانیش نەخۆش دەکەون، دەمرنو ئەم دنیایە بەجێدێڵن، بێئەوەی پزیشكو حەکیمەکان هیچیان پێ بکرێت.

٣- مرۆڤ لە نەزانییەتی کە خۆشترین ڕۆژەکانی تەمەنو گوڵزاری لاوی خۆی دەکاتە قوربانی کۆکردنەوەی مەتاعی دونیا!

٤- بەداخەوە هەموومان دەزانین ڕۆژێك دادێت دەبێت ئەم دنیایە جێبهێڵین، بەڵام گوێ بەم ڕاستییە نادەین!

٥- هیچ مرۆڤێکمان نەبینی لەگەڵ خۆیدا ماڵو سەروەتەکەی ببات، لە نێو گۆڕدا بازاڕ نییە! بەڵام ئەم ڕاستییەش دووبارە فەرامۆش کراوە!

٦- تەنها کردەوە جوانەکانی مرۆڤە، دوای خۆی بە زیندوییو دەمێنێتەوەو لە گۆڕیشدا دەبێتە چراو هاودەمی هەمیشەیی!

# تەنها بۆ سەرکردەکان

ئەگەر ناتەوێت سەرکردە بیت، ئەم لاپەڕەیە مەخوێنەرەوە!

لوتکەی عەبقەری، ئەوەیە کە ئەو کارانە بزانیت کە گرنگ نین، بۆئەوەی کاتەکانی خۆتی تێدا بە فیرۆ نەدەیت.

ویلیام جیمس

ئێمە دەوڵەمەندین بە زانستو زانیاری، بەڵام هەژارین بە ئەزموونو شارەزایی.

جون نیسبت

زۆربەی خەڵکی مایەپووچ لە ژیاندا، ئەو کەسانەن کە خاوەنی تواناو ویستو لێهاتوویی پێویست نین، بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن.

ئیدون ویبل

پێویستە لەسەرمان کە بارودۆخمان بگۆڕینو تازەگەری لە کارو پیشەماندا بکەین، ئەگەرنا هەر لە شوێنی خۆمان دەمێنینەوە.

جوهان ولف

هەرکات هەلو دەرفەت، لەگەڵ خۆئامادەکردندا بە یەك بگەن، سەرکەوتن ڕوودەدات.

بوبی ئونسر

# زاراوەی کارگێڕی

وەهاب حەسیب محەممەد

**کارگێڕی ناوەند (الإدارة الوسطى):-** کارگێڕی ناوەند دەستەواژەیەکی ناتەواوە، بەشێوەیەکی ئاسایی لە ڕێکخراوەکەدا بەو کەسانە دەوترێت کە پلانی کارگێڕی باڵا ڕاڤەو جێبەجێدەکەن، بەشێوەیەکی سروشتی کەسانی کارگێڕی ناوەند پێکدێت لە سەرۆک بەشەکانو بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکان، کە سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرتییە جێبەجێکارییەکانن لە ڕێکخراوەکەدا، کارەکانی بەڕێوەبەرێتی ناوەند لە ژێر چاودێری کارگێڕی باڵادایە.

**گەڕانەوە (تغذية العكسية):-** گەڕانەوە کرداری دووبارە گەڕانەوەی زانیارییەکانە (ئەو زانیارییانەی پەیوەستن بە چالاکی دەزگایەکی دیاریکراو، بە نموونە وەزارەتی پلاندانان) بۆ دەزگایەکی کارگێڕی دیاریکراو، بەمەبەستی چاککردن، یان ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانەی دەگەڕێتەوە بۆ دەزگاکە، ئەو زانیاریانە( زانیارییە گەڕاوەکان) دەدرێت بە دەزگایەکی ڕێکخەر لەناو دەزگای بەڕێوەبردندا، کە کاری ڕێکخستنی ڕەوشی سیستەمەکەیە، کرداری گەڕانەوەی زانیارییەکان بە ئامێری گەرمی پێو دەچوێنرێت، دەگونجێت گەڕانەوەی زانیارییەکان نەرێنی بێت، واتە کۆمەڵێك هاتنە ناوەوەی (ئەو زانیاریو ئامێرو کەسانەی دێنە ناو ڕێکخراوەکەوە) نەگونجاو بێت لەگەڵ کارو ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوەکەدا، وەك ئەوەی دەوڵەتێك پلانێك دادەنێت، پاشان لەلایەن دانیشتوانەوە پێشوازیی لەو پلانە دەکرێتو لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی فراوانبوونی پلانەکە.

توانای سیستەمی ڕامیاری لە وەڵامدانەوەی گەڕانەوەدا هۆکارە لە توانای سیستەم (سیستەمی کارکردن، سیستەمەکە ڕامیاری، یان کارگێڕی بێت) لە بەرگەگرتنی فشارەکان، چارەسەری کێشەکانو کارکردن بۆ گونجاندنی کارە پێویستەکانی کۆمەلگا، گەڕانەوە وادەکات سیستەم وەك دەزگایەك کار بە ئاڕاستەی خۆی بکات، یاخود وەك دەزگایەك خۆی ڕاستبکاتەوە، گەڕانەوە بە توخمێکی سەرەکی پەیوەندیکردن دادەنرێت.

**کۆنۆسی دەوام (سجلات دوام):-** دەفتەرێکە دەوامی کارمەندانی تیادا ڕێکدەخرێت، بەشێوەیەك کارمەند سەرەتاو کۆتایی دەوام واژۆی خۆی تیادا تۆمار دەکات، هەندێك لە دامەزراوەو کارگەکان کاژێریان ئامێری دانراو (اجهزه توقيت) دادەنێن، کە بریتییە لە ئامێرێك کارمەند لە سەرەتاو کۆتایی دەوامدا ناسنامە، یان کارتی دەوامی تێدەخات ئامێرەکەش کاتەکان دیاری دەکات، ئەم دەفتەرو کارتانە لە دامەزراوەو دەزگاکاندا بە مەبەستی ڕێکخستنی دەوامی کارمەندان دادەنرێن، بۆئەوەی کاتی بە فیڕۆدراویی کارمەندی پێ دیاری بکرێت، تادواتر وەك داشکاندنێك لە موچەکەی کەمبکرێتەوە، یان وەك کەمکردنەوەیەك لەسەر مۆڵەتی ساڵانەو کاتی کارمەند بێتە ئەژمار، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆداو بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە زۆرێك لە داموو دەزگاکان پەنجەمۆر لە ڕێگای ئامێری ئەلکترۆنییەوە بەکاردەهێنن کە لە هەردووشێوازی پێشوو، پێشکەوتووترەو بواری فێڵکردنو چاوپۆشینی تیادا نابێتەوە.

**توێژی کارمەندان (طبقة الموظفين):-** ئەم دەستەواژەیە، بەسەر ئەو کارمەندانەدا دەبڕێت کە لە بواری بەڕێوەبردن، نوسینو فرۆشتنندا کاردەکەن، واتە کاری جەستەیی ئەنجام نادەن، وەك توێژێك بەرامبەر بە (یەخە زەردەکان) "ئەوانەی کاری جەستەیی ئەنجام دەدەن»، بە( یەخە سپییەکان" ناودەبرێن.

بە واتایەکی دیکە کارمەندان توێژێکن لەناو چینی ناوەندی کۆمەلگادا، لە ڕوانگەی خاوەندارێتییەوە، توێژی کارمەندان لە نێوان ڕەگەزی کارو سەرمایەدان، بەڵام بە کرێکار دێنە ئەژمار.

**سەرەموچە (علاوە):-** بڕێك پارەی زیادەیە، دەخرێتە سەر موچەی بنەڕەتی کارمەند، ئەوبڕە دراوە دەدرێت بەو کارمەندانەی موچەکانیان لە زیادبوون «هەڵکشاندا»یە، بە واتایەکی تر نادرێت بەو گەورەکارمەندانەی کە مووچەکانیان جێگیرە.

**سەرەمووچە دوو جۆرە:-** سەرەمووچەی ئاسایی "ساڵانە"و بەرزە مووچە کە هەر چوارساڵ جارێکە، سەرەمووچەی ساڵانە بڕێکی دیاریکراوە بە گوێرەی پلەی وەزیفی کارمەند دەگۆڕێت، ساڵانەو بەشێوەیەکی ئاسایی مووچەکەی پێ زیاد دەکات، بەڵام بەرزە مووچە بەهەمان شێوە دەچێتە سەر مووچەی بنەڕەتی، بە گوێرەی فەرمانێکی کارگێڕی بڕێك پارەیە وەك هاندان، یان پاداشتێك دەخرێتە سەر مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەرەکە، بەرزە مووچە کاریگەری نابێت لەسەر سەرەمووچەی ئاسایی.



# سەرکردەی مەرد، بە ڕەوشتی دیواری دڵان دەبڕێت

سەرکردەی مەرد چەشنی ئاوێنەیە، کە بەردەستو فەرمانبەرانی خۆیانی تێدا دەبیننەوە، سەرکردەی مەرد دەبێتو دەبێت چەشنی چرا بێت، ئاشکرایە چرا خاوەنی دوو سیفاتە نەمرەکەیە:-

یەکەم:- ڕووناکی بەخشە.

دووەم:- خۆی دەسوتێت لە پێناو ڕووناککردنەوەی دەورووبەری.

هەروەك مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ دەڵێت:

گەورە ئەوەیە شێوەی شەمعی بێت
بۆخۆی بسوتێت نەفعی جەمعی بێت.

سەرکردەی مەرد بە ڕەوشتی دیواری دڵان دەبڕێتو لە ناو ماڵی دڵی هەر فەرمانبەرێکدا تۆوی ئەمانەت پارێزی دەچێنێتو لە ساتی نەداریدا بەرهەمی ئەو تۆوە دەچنێتەوە. دەگێڕنەوە لە ساتەوەختی ڕزگارکردنی شاری مەککەی پیرۆز، لەلایەن پێغەمبەر(سەلامی خودای لێبێت)و هاوەڵانییەوە، لە ساتی نزیکبوونەوەیان لە شاری مەککە، هیندی هاوسەری ئەبوسوفیان بە ئەبووسوفیانی گوت: "ئێستا تۆ گەورەو سەرکردەی شاری مەککەیت، شتێك بکە با موحەممەد نەتوانێت بێتە ناو مەککەوە، هەر نەبێت شورایەك دروست بکە بە دەوری مەککەدا تا ڕێگر بێت لە خۆیو سوپاکەی". ئالەو ساتەدا ئەبوسوفیان وەڵامێکی مێژوویی دایەوە، کە شایستەیە بە ئاوی تەڵا بنوسرێتەوە، وتی: "دیوار لەبەردەم کێ دا دروست بکەم؟ لە کاتێکدا محەممەد دیواری دڵانی بڕیوە".

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە لە کۆندا وڵاتی چین بەردەوام ڕووبەڕووی هێرشی بەربەرییەکانی دەورووبەری دەبووەوە، لەبەرئەوە هاتن بۆ پاراستنی خۆیانو نیشتیمانەکەیان دیوارێکیان دروستکرد، دیوار بە ئەندازەیەك بەرز بوو کە ئەوان بۆچوونیان وابوو هیچ کەس ناتوانێت لێی تێپەڕێت، ئەوەندەش پتەو بوو کە بێگومان بوون لەوەی ناتوانن بیڕووخێنن، دیوارێکی وەهایان بنیاتنا تا لە هێمنی و ئاسایشدا بژینو چێژ وەربگرن. کەچی لە ماوەی سەد ساڵی یەکەمی تەمەنی دیوارەکەدا "چین" سێ جار کەوتە بەر هێرشی دەورووبەر. سەیر لەوەدا بوو کە بەربەرییەکان تەنانەت جارێکیش نەیانتوانیبوو دیوارەکە بڕووخێنن، یاخود لێوەی بپەڕنەوە، بەڵام هەرجارێك بەرتیلیان بە یەکێك لە پاسەوانانی دەرچەی شورا دەداو دەهاتنە ژوورەوە. سەرکردەی ئەو سەردەمە بە دروستکردنی دیوارێکی مەزن دڵخۆش بوو کە هەزارەها میل درێژ بوو، بەڵام لە بیری چوو بوو دیواری ئەمانەت پارێزی لە دڵی سوپاو ژێر دەستەو فەرمانبەرانو شوێنکەوتووانیدا دروست بکات.

کەوابوو ئەگەر سەرکردەیت دیواری دڵان بە ڕەوشت ببڕە، ئەو کات دیوارە ماددییەکان خۆیان لەبەردەمتدا واڵا دەبن، ئەگەر سەرکردە نیت لە ئێستاوە تۆوی ئەو بڕیارە بچێنە: کە پەیمان بێت لە ماوەی سەکردایەتی کردنتدا هەوڵی بڕینی دیواری دڵان بە ڕەوشتە بەرزو بەهادارەکانت دەدەیت.



دیاری ئاکۆ

# دەوڵەتی ئەلیکترۆنی

عەلی عەبدوڵا ئەحمەد

سالآنێکی زۆرە بە سەر تەمەنی ئینتەرنێتو خزمەتگوزارییەکانی لە وڵاتانی جیهاندا تێدەپەڕێو هەرێمی کوردستانیش بە کەمو کورپییەکانییەوە لەم خزمەتگوزاریو تەکنەلۆجیایە کەڵکوەردەگرێتو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەم نێوەندەدا پێشکەوتنو خزمەتگوزاری زیاتر بەدی دەکرێت.

وڵاتانی جۆراوجۆر لە ساڵانی ڕابردوودا هەر کامەو بە جۆرێك کۆمەڵێك ڕێووشوێنو ڕێکارییان بۆ فراوانکردنی پانتایی بە کارهێنانی ئەم تەکنەلۆجیایە گرتۆتەبەر. بەڵام ئایا حکومەت، یا دەوڵەت بە تەنها دەتوانێت ئەم گەشە جیهانییە بە یەکسانیو لە یەك ئاستدا بگەیەنێتە هەرێمی کوردستان.

هەر کاتێ کە ناوی دەوڵەتی ئەلیکترۆنی دەبیسترێ، یەکەمین خەیاڵو سەرەتاییترین بیرۆکە کە بۆمان دێت، ئەوەیە کە پێمانوایە هەموو کارێكو شتێك لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە ئەنجام دەدرێت. دواتر ئەم بیرۆکەیەشمان بۆ دێت کە چۆن ئەم شتە دەکرێو دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەموو کەسێك لە بواری بەکارهێنانی کۆمپیوتەر شارەزاییو لێهاتوویی نییەو تەنانەت هەندێ لە خەڵکی توانای کڕینیان نییەو هەندێکیش هەر خوێندەوار نیین تاوەکو بە کاریبهێنن!

ئایا دەکرێ، یاخود ناکرێو ئایا ئەم دەوڵەتە تەنها لە ژێردەستی کۆمەڵێکی تایبەت دەمێنێت؟

بەڵام ئامانجی دەوڵەت ئەمە نییە کە ئەم گۆڕانکارییە بۆ بەرژەوەندیو سوودی کۆمەڵێکی تایبەت ئەنجام بداتو بەدی بێنێت، بەڵکو ئەم هەنگاوە گەورەیە دەنێت تاوەکو بتوانێت ڕێژەی کارئاسانیو ئاسایشو خێرایی لە جێبەجێکردنی کارو مامەڵەی هاوڵاتیان بەرز بێتەوەو یەکسانی زیاتر لە جێبەجێکردندا بەدی بێت.

ئامانجی دەوڵەت دەبێت:-

- بە ئاسانی کارو مامەڵەی هاوڵاتیان تەواو ببێت.
- بەرزکردنەوەی ڕێژەی خێرایی لە کارە کارگێڕییەکانداو لێپرسینەوەو مامەڵەی هاوڵاتیان.
- کەمکردنەوە لە ڕۆتینیات.
- ئامانجی گەیاندنی خزمەتگوزاری خێراترو بە یەکسانی بۆ



هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگادا بێت.

- ئامانجی کەمکردنەوەی سەفەرکردنو هاتووچوی هاوڵاتیان بێت، بۆ ڕاپەڕاندنی مامەڵەو کارەکانیان لە ناو شارەکانداو لە نێوان شارو شارۆچکەکاندا..

-ئامانج دەست گرتنو کەمتر بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانی وزەو کاتدا بێت، واتە ڕێگەگرتن لە زێدەڕۆییو ئیسرافو نارێك بەکارهێنانی بێت.

- لە کۆتاییدا ئامانجی دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێت.

بەڵام ئایا حکومەتو دەوڵەت بە تەنها دەتوانن؟

**دەوڵەتی ئەلیکترۆنی:-** بە مانای ئاگادارکردنەوەو گەیاندنی زانیاریو خزمەتگوزارییەکان لە کاتی خۆیدا دێت، بە وردیو کارامەیی لە ٢٤ کاتژمێری ڕۆژانەو حەوت ڕۆژی هەفتەو تەواوی ڕۆژەکانی ساڵدا لە ڕێگەی ئامێرو ئامرازە جۆراوجۆرەکانی گەیاندن وەك تەلەفۆنو ئینتەرنێتدا.

ئامارەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە یەکێك لە نیشانەکانی دەوڵەتی ئەلیکترۆنی لە دونیادا، ئەوەیە کە بەلایەنی کەم هەر خانەوادەیەك کۆمپیوتەرێکی تایبەت بە خۆیان لەگەڵ هێڵێکی ئینتەررنێتی لە ماڵەوە هەبێت.

لە کوردستان ڕێژەی هەبوونی کۆمپیوتەر لە ماڵەکانداو ڕێژەی هەبوونی ئینتەرنێتو ڕێژەی بەکارهێنانی بە وردی دیار نییە، بەڵام دەزانرێ کە زۆر کەمترە لە ڕێژە ستاندەرەکەی جیهانیدا. چونکە هەروەك دیارە ڕێژەی سایتە کوردییەکان کە بەکاردێت زۆر کەمەو وەك دڵۆپێکە لە ناو دەریایەك، بەڵام.... ئایا دەوڵەت بە تەنیایی دەتوانێت ئەم دەوڵەتو حکومەتە ئەلیکترۆنییە پێکبێنێت؟

وەڵام: نەخێرە چونکە ئەگەر ئیرادەیەکی میللیو هەمەلایەنەو پاڵپشتی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگادا نەبێت، ئەم دەرفەتە نارەخسێت. هەموو کەسو لایەنێك دەبێت خۆیان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئامادە بکەنو تەنیا پێکەوە دەتوانین ئەم ئامانجە بەدیی بێنین.

چۆن ببین بە هاوڵاتییەکی ئەلیکترۆنی؟

هەروەك باسمان کرد ئەم ئەرکەو ئامانجە بە نرخە پێویستی بە هاوکاری هەمەلایەنەی هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەدایە.

چۆن دەتوانین بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەورو ڕۆڵمان هەبێت؟

یەکەمینو سادەترین ڕێگە ئەوەیە کە هەر خێزانێك بە لایەنی کەم کۆمپیوتەرێکی تایبەت بە خۆی لە ماڵدا هەبێتو فێر بێت کە چۆن بە شێوەیەکی سادەو سەرەتایش بێت بتوانێت کاری پێ بکاتو لەم بارەیەوە دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت کە نابێ بە هۆی هەبوونی کۆمپیوتەرێکی پێشکەوتوو، یان کۆمپیوتەرێکی زۆر گران خۆمان لە کڕینی بێ بەش بکەینو دوای بخەین لەبەرئەوەی بۆ پەیوەندیکردن بە ئینتەرنێت کۆمپیوتەرێکی ئاساییش دەتوانین سوودی لێوەرگرینو ئەم کارەمان بۆ دەکاتو بەهێزبوونو گرانیو پێشکەوتووی مواصفاتی کۆمپیوتەرەکە، زۆر کاریگەری لە سەر کارکردنو کارامەیی ئینتەرنێتدا نییە. تەنها ئەو کەسانەی کە کاری پرۆفیشناڵی وەك گرافیكو ئەنیمەیشنو کاری وێب ئەنجام دەدەن، پێویستییان بە سیستەمە بەهێزەکان دەبێتو کەسانی ئاسایی بە نرخی کەمو گونجاو دەتوانن ببن بە خاوەن کۆمپیوتەرێکی کەسیتیو جگە لە کاری تایبەتی خۆیان دەتوانن پەیوەندیش بە ڕێزەکانی دەوڵەتی ئەلیکترۆنی بکەن. بەڵام بیرمان نەچێت کە ئێستاکە مۆبایل کێبڕکێیەکی سەخت لەگەڵ کۆمپیوتەردا دەکاتو زۆرینە خەڵکی خاوەنی مۆبایلنو زیاتر لە کۆمپیوتەردا.

دووەم گرنگترین شت ئینتەرنێتەو فێربوونێکی سەرەتایی شارەزاییەکی سادە لێیدا لە سەر کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتدا کە تا ڕادەیەکی زۆر لە وڵاتی ئێمە تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ئەم خزمەتگوزارییە بەو ئاستە بەرزەو خێراییەکی باشو بەهێز بۆ خەڵکی دابین بکرێت. بەڵام ئەم هەنگاوە زۆر پێویستەو گرنگە کە دەبێت بە یەکسانیو بۆ هەموو شوێنەکان دابین بکرێت بە نرخێکی گونجاوو خزمەتگوزاری فراوانو خێرایی زۆردا.

سێیەم:- هۆکاری گرنگ بەشداربوونە لە خولە تایبەتەکانو گشتییەکانو لە سەنتەرە باوەڕپێکراوەکاندا، بۆ فێربوونو بەهێزکردنی توانایو کارامەییو شارەزایی لە بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆجیایەدا، واتە بەم مەبەستەش خولی تایبەت بە هاوبەشی ئەلیکترۆنی دەبێ بکرێتەوەو پێویستە لە هەموو شوێنێك ئەم تەکنەلۆجیایەی تێدا فەراهەم بکرێتو دابین بکرێت کە دەمانەوێ کاری تێدا بکەین.

لە خولی هاوبەشانی ئەلیکترۆنیدا فێرمان بکەن کە کۆمپیوتەر چییەو چۆن کاری پێ بکەینو ئینتەرنێت چییەو دواتر کۆمەڵێك زانیاری سەبارەت بەو وێب سایتانەی کە زیاتر لە کاری ڕۆژانەدا بە کاری دێنینو هەروەها فێرکردنی هەموو ئەو پرۆگرامانەی کە پێویستەو کاری لە سەر دەکەین، ئێمە وەك ئۆپەراتۆرێکی کۆمپیوتەرمان لێدێتو دەتوانین هەموو پێویستییەکانی خۆمان دەستەبەر بکەینو بەدەست بێنین، بەم شێوەیە بە کەمترین تێچووو کەمترین کات ئێمە لە نەخوێندەوارییەکی کۆمپیوتەری دەبینو دەگۆڕێین بۆ بەکاربەرێکی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت، لە ناو بازنەی حکومەتی ئەلیکترۆنیدا.

لەبەرئەوە پێویستە حکومەتو خەڵکی پێکەوە هەوڵ بدەنو لە ڕێگەی ئەم دەوڵەتە ئەلیکترۆنییەوە لە هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبووندایە سوودی پێویست وەربگرین.

خەڵکیو هاوڵاتیانی ئێمە لە هەموو شارو دێو هەر شوێنێك کە هەن دەبێ هەوڵ بدەن هەنگاو بنێن بۆ ئەم مەبەستە.

لە دەوڵەتی ئەلیکترۆنیدا خەرجکردنی وصولاتی ئاو کارەباو قستەکانو گواستنەوەی نێوان حیسابەکانو گواستنەوەی نێوان بانکەکانو هەموو جۆرە کارێکی بانکیداو هەموو جۆرەکانی ناونووسینو ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانو هەلی کارو ئاگادارکردنەوەکانو ...هتد، دەتوانرێت بە داگرتنی چەند کلیکێكو دوگمەیەك ئەنجامی بدەین. نابێ بە هیچ شێوەیەك ڕۆڵی گرنگی بانكو سیستەمی بانکیمان بیر بچێتەوە.

بەو ئومێدەی کە هەر هاوڵاتییەکی کورد بتوانێ وەك هاوڵاتییەکی ئەلیکترۆنی بناسرێتو سەرکەوتوو بێت.

سەرچاوە: www.egtesadgar.com



# ڕێکخراوەو کۆمەڵگا

فاروق یەزدان ستا/ دکتۆرا لە بەڕێوەبەری پەروەردەو مامۆستای زانکۆ

کاتێك سـەیری مێژووی مرۆڤایەتـی دەکەین، هەرکات تاقمێك خەڵـك کۆدەبنـەوە یەکەمیـن بنەماکانـی پێکهێنانـی کۆمەڵـگا دادەمەزرێ. بەپێی ڕادەی گەورەیی‌و ئەژماری کەسـەکانی تێدەگەن بۆئـەوەی کە بە باشـترین شـێوە کارەکانی خۆیـان بەڕێوە ببەن، دەبێـت ڕێکخراوەکان پێکبێنن. لەمەڕ هەر پێویسـتییەکی مرۆڤدا بە شـێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ ئێمە دەکرێ ڕێکخراوێك بە دی بکەین. بۆ نموونە لە پێناو پێداویسـتی پاراسـتنی هێمنی کۆمەڵگادا ڕێکخراوە سـەربازییەکان سـازبوون بە هەمان شێوە بۆ دابینکردنـی پێویسـتی خواردن‌و خواردنـەوە گەلێك ڕێکخراو بۆ دابینکردنی ئەم پێداویستیانە دامەزراون. بە گشتی پێداویستییەکان بەدیهێنەری ئامانجـن بۆ ڕێکخراوەکان، ئامانجەکانیش پێناسـەی ڕێکخراوەکان‌و هۆی بوونیان دەسـەلمێنن. پێش ئەوەی کە دەست بە شیکاری ئەم بابەتە بکەین باشتر وایە کە دوو وشەی کۆمەڵگاو ڕێکخراو پێناسـە بکەیـن. (ئێمیـل دورکهایم) لە پێناسـەکردنی کۆمەڵـگادا دەڵێ: کۆمەڵگا بریتیە لـە کۆمەڵێك کەس کە بە هۆی کۆبوونەوەیان داب‌و نەریت‌و پەیوەندی لە نێوانیاندا پێکهاتووە، ئەم پەیوەندییانە لە ڕێگەی یاساو داموو دەزگا کۆمەڵایەتییەکانەوە پتەو دەبنـەوەو لە لایەکی دیکەوە بـۆ بەڕێوەبردنی ئەم داب‌و نەریتەو ڕاگرتنی پەیوەندییەکان سـزادان دەکرێ بە گەرەنتی بەڕێوەبردنی ئەم یاساو ڕێسایانە. لەمەڕ ڕێکخراوەشدا دەگوترێ:- هەرکات چەند کەسێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش پێکەوە هاوکاری دەکەن چەشنێك لە ڕێکخراو پێکدێت.

لە ڕوانگـەی پارسـۆنزەوە ڕێکخراوە بریتیە:- لـە یەکەیەکی کۆمەڵایەتـی کە لـە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێکـی دیاریکراودایەو هەنـدێ ئەرکی بـۆ بەڕێوەبـردن لـە ئەسـتۆدایە. لەوانەیە ئەم پرسـیارە لە مێشکی هەندێکدا هەبێت کە بۆچی تاکەکانی کۆمەڵگا خۆیان کارەکانی خۆیان بەڕێوەنابەن‌و دەبێ لە ڕێگەی ڕێکخراوەوە ئەنجامی بدەن‌و زۆرجار کێشـەیان بۆ سـاز دەبێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا سێ هۆکار بۆ هەبوونی ڕێکخراوەکان هەیە:-

**یەکـەم:-** هێزی زەینی‌و هزری تاکەکان سـنوردارە، بەو مانایە کە ئێمە دەسـەڵاتی بوونی هەموو زانستەکانمان نییە، بەو بۆنەوە ئەگـەر تاکـەکان بە ڕادەیەکـی زۆریش زانیاریان هەبێت، دیسـان ناتوانن لە کاتێکی گونجاودا بڕیاربدەن.

**دووەم:-** جیـاوازی تاکـەکان لە بـواری توانـاو لێهاتوویی‌یەوە، چونکـە تاکەکان لە بـواری تواناکانیانەوە جیـاوازن. ڕێکخراوەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان کەڵك لە کەسـانی تایبەت وەردەگرن، بۆ نموونە ڕێکخراوێکی فێرکاری کاتێك کەسـێکی زمان زان دەکات بە مامۆسـتا، باشـتر بە ئامانجی خۆی دەگات تا کەسێك کە وێڕای زانیاری باش، لە قسەکردندا کێشەی هەیە.

**سـێیەم:-** سـنورداری کات، ڕێکخراوەکان جگە لەوەی کە کەڵك لـە تواناو لێهاتوویيە جیـاوازەکان وەردەگرن، بەڵکو بە زیادکردنی کەسـەکان لە کاتێکی کەمتردا بە ئامانجەکانیان دەگەن، بەوبۆنەوە خێرایی کار زۆر دەبێ. کەوایە بەو هۆکارانەی سەرەوە وا چاکە کە زۆرێك لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بخرێتە ئەستۆی ڕێکخراوەکان.

### جۆری ڕێکخراوەکان:-

ڕێکخـراوەکان بە پێی ئەو ئامانجانەی بەدیدێنن گەلێك جۆری جیاوازیـان هەیـە. هەندێـك لـە بیرۆکەوانان ڕیزبەنـدی جۆری ڕێکخراوەکانیـان بـە پێوەرگەلێکـی جیـاواز ئەنجـام داوە لێرەدا بـۆ پۆلێن بەنـدی کردنی جـۆری ڕێکخراوەکان چاو لە شـێوازی پۆلێنبەندی بلاوسـکات دەکەین کە پێوەرەکەیان ئەم پرسیارەیە: "لـە هەبوونی ڕێکخراودا کێ بەهرەمەند دەبێت؟" بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چوار جۆری ڕێکخراو دەستنیشان دەکەن:-

یەکەم:- ڕێکخراوی سـامانە گشتییەکان، کە لە ڕاستیدا سوودی بـۆ هەمـوو ئەندامانی هەیە، وەك حیزبە سیاسـییەکان، کۆمپانیا هەرەوەزییەکان‌و یانەکان.

دووەم:- ڕێکخـراوە بازرگانییـەکان، کە سـوودیان بۆ خاوەن‌و بەڕێوەبەرەکانـی خۆی دەبـێ، وەك کارخانەو بانـك‌و هۆتێلەکان.

سـێیەم:- ڕێکخراوەکانی خۆشگوزەرانی گشـتی کە تەواوی خەڵکی سـوودمەندن، ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان، وەك ئاسـایش، قوتابخانەو پۆلیس لەم چەشنەن.

چـوارەم:- ڕێکخـراوە خزمەتگوزارییـەکان، کـە سـوود بـە مشتەرییەکانی خۆیان دەگەیەنن، وەك نەخۆشخانەکان.

### دەرەنجام:-

لەمەڕ هەر پێویسـتییەکی مرۆڤدا، ئێمـە دەکرێ ڕێکخراوێك بـەدی بکەین. بە گشـتی پێداویسـتییەکان بەدیهێنـەری ئامانجن بـۆ ڕێکخـراوەکان، ئامانجەکانیش پێناسـەی ڕێکخراوەکان‌و هۆی بوونیان دەسەلمێنن.

سـەرچاوەکان:١. http://vista.ir. ٢- مشـبکی، اصغـر.(١٣٨٥). مبانـی سازمان‌و مدیریت، تهران: چاپ‌و نشر اقبال.
٣. هربرت جی. هیکس‌و سـی. ری گولت.(١٣٨٥). تئوریهای سازمان‌و مدیریت، ترجمەو تالیف: گوئل کهن، جلد اول، چاپ چهاردهم، تهران: انتشارات اطلاعات.
٤.علاقەبند، علی.(١٣٨٦). مدیریت عمومی،ویراست دوم، تهران: انتشارات: نشر روان.

# دزو ئاوات

و: هەورامان محمد

لە ســەردەمانێکی کۆنو ڕۆژگارێکی دێریندا، گەنجێك ئاواتی ئەوە بوو کە ببێتە دز. هەڵبەتە ئەمە ئاواتێکی سەیر بوو، بەڵام ئــەو ئەوەندە هۆگری دزی ببوو کە هەوڵی دەدا هەموو ڕێگاکانی دزی فێــر ببێت، بۆ ئەمەش گوێی لەمو لەو دەگرتو جوان گوێی بۆ هەموو شــتەکانییان دەگرت، تا ڕێوڕەســمی دزیکردن بە باشی فێر ببێت.

ڕۆژێکیــان کۆنە دزێك پێــی گوت: "ئەگەر دەتەوێ ببیتە دزێکــی گــەورە، دەبێت بچیت بــۆ لای مامۆســتای دزەکان"! گەنجەکــەش وتــی: "ئەو ئێســتا چــۆن دزی دەکات؟" دزەکە وتــی: ئەو چیــدی دزی ناکات، ســاڵانێکەوازی لێهێناوە، بەڵام هەرکەسێك پێویستی پێی بێت، بە هەموو شێوەیەك یارمەتی دەدات.

گەنجەکــە خۆی ئامــادە کردو ڕێگای ســەفەری گرتەبەر، چەنــد ڕۆژێــك ڕێگەی بــڕی، تا ئــەو کاتەی گەیشــتە ماڵی پیرەمێردێك.

بە ئەســپایی لــە دەرگای دا، پیرەمێردەکــەش دەرگاکەی کردەوەو پرســی: تۆ کێیت؟ چــی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟"چیت پێویســتە تا بتوانــم یارمەتیت بدەم؟ وادیارە لــە ڕێگایەکی دوورەوە هاتووی؟"

گەنجەکــە وتــی: "ئەی مامۆســتا هاتووم تا ڕێو ڕەســمی دزیکردن فێر ببم!"

پیرەمێردەکە باوەشــی بۆ کردەوەو وتی: "وەرە بۆ لام تۆ بۆ باشترین شوێن هاتووی"

گەنجەکە بە خۆشحاڵییەوە چووە ژوورەوەو وتی: "حەز دەکەم ببمە دزێکی گەورەو لێهاتوو! دەبێ لە کوێوە دەست پێبکەم؟"

پیرەمێردەکە وتی: سبەی بەیانی هەموو شتێکت پێدەڵێم! بــۆ ســبەینێ کــە دونیا بــە تــەواوی ڕووناك بــووەوە، پیرەمێردەکە گۆشــتو سەوزەو نانی کڕیو خوانێکی باشی بۆ گەنجەکە ڕازاندەوە، پیاوەکە هەرچەند ورد دەبووەوە شتێکی نەدەبینــی کە لــە دزیکردن بچێت. کاتێ کــە بوو بە نیوەڕۆ، پرەمێردەکە دووبارە خوانێکی ناوازەی ڕازاندەوەو گەنجەکەی بانگکردە ســەرخوانو وتی: "وەرە پێشــەوە وانەکەی تۆ ئێستا دەســت پێدەکات، گەنجەکە لە تەنیشــت خوانەکەوە دانیشتو ویســتی یەکەم پاروو بۆ دەمی ببات، بەڵام پیرەمێردەکە وتی: "بە دەستی چەپ نان بخۆ ." گەنجەکە پێی سەیربووو پرسی: "بۆ چی؟"

پیرەمێردەکــە وتی: "هیچ چارەیەکت نییە ئەگەر دەتەوێ ببیتە دزێکی گەورە بە دەســتی چەپ نان بخۆ، ئەمە بەشێکە لەوانەی دزیکردن».

گەنجەکــەش وتی: "خۆ مــن تا کۆتایی تەمەنــم ناتوانم فێری ئەوە ببم کە بە دەستی چەپ نانبخۆم"؟

پیرەمێــرد وتــی: "ئــەی پیاو کەســێك کــە دزی دەکات، دەستی ڕاستی دەبڕنەوە، بۆ ئەمەش، ئەگەر دەتەوێ لە برسان نەمریــت دەبێ خــۆت ڕا بهێنی کە بە دەســتی چەپ ئیشو کارەکانت ئەنجام بدەی"!

گەنجەکە لە ماوەی گوێبیستبوونی لە قسەی پیرەمێردەکە چرای مێشکی ڕووناك بووەوەو داوای لێبوردنی لە پیرەمێردەکە کــرد. بەرەو شــارەکەی خۆی گەڕایــەوەو ئیشــێکی پیاوانەو شەرەفمەندانەی هەڵبژارد.

سەرچاوە/ سایت کودکان کتابخانه نوجوان



# چۆن له چاوپێکەوتنی کاردا سەرکەوتوو دەبین؟

کارکردن بۆ هەر تاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە تاك لە ڕێگای کارکردنەوە دەتوانێت داهاتوویەکی گەش بۆ خۆی بنیات بنێت. لە هەمانکاتدا کارکردن مرۆڤ لە ئائارامی دەروونی دەپارێزێت، هەربۆیە دیلکارینگی دەڵێت: کارکردن وا لە مرۆڤ دەکات کاتی بەتاڵی نەبێت بۆ بیرکردنەوە لە ڕووداوە ناخۆشەکانو بێزاربوون بۆیان.

هەروەها کارکردنی مرۆڤەکان کۆمەڵگا بەرەوپێش دەبات، هەر بۆیە زۆرینەی ئاینە ئاسمانییەکان تیشك دەخەنە سەر کارکردنی مرۆڤەکان، بە جۆرێك لە جۆرەکانیش پێویستە دەسەڵات بە شێوەیەکی یەکسان دەرفەتی کار بۆ چینو توێژەکانی کۆمەڵگا برەخسێنێت، تاکو ڕێژەی بێکاری لە کۆمەڵگادا کەم بێتەوە.

هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی کارو خۆئامادەکردن بۆ چاوپێکەوتنی کار، وا دەکات تا ئاستێکی باش سەرکەوتوو بین لە بەدەستهێنانی کاردا. لێرەدا چەند پرسیارێکی چاوپێکەوتنی کار دەخەینە ڕوو، بە جۆرێك لە زۆرینەی چاوپێکەوتنەکانی کاردا، ئەم جۆرە پرسیارانە دەکرێن. ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی باشو لێهاتووانە خۆمان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئامادە بکەین، ئەوا دەتوانین لە چاوپێکەوتندا سەربکەوینو کارێکی باش بەدەستبهێنین.

پرسیارەکانی چاوپێکەوتن بە گوێرەی بابەتەکان ڕێکخراون.

**یەکەم: پرسیارە کەسییەکان:-**

لەم بەشەدا زۆرینەی پرسیارەکان کەسینو خاوەنکار، یان ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکە ڕێکدەخات، هەوڵدەدات زۆرترین زانیاری لەسەر ئەو کەسە کۆبکاتەوە کە داخوازی کاری پێشکەشکردووە.

١- ئایا دەتوانی بە کورتی باسی خۆت بکەیت؟
٢- ئایا لایەنی بەهێزی کەسایەتی تۆ چییە لە کاردا؟
٣- ئایا لایەنی لاوازی تۆ چییە لە کاردا؟
٤- ئایا لای تۆ سەرکەوتن مانای چ دەگەیەنێت؟
٥- ئایا پلانت چییە بۆ داهاتوو؟
٦- ئایا چ گۆڕانکارییەك لە ژیانی تۆدا ڕوویداوە لە دە ساڵی ڕابردوو تاکو ئێستا؟
٧- ئایا لای تۆ باشترین کتێب کامەیە؟

**دووەم: خوێندنو بڕوانامە:-**

لەم بەشەدا زیاترو زیاتر تیشك دەخرێتە سەر باکگراوندی خوێندن.

١- ئایا باکگراوندی خوێندنی تۆ چییە؟
٢- ئایا تۆ ئارەزووی چ کۆرسێکی ئەکادیمی دەکەیت؟ یاخود ئایا ئارەزووی چ کۆرسێك ناکەیت؟
٣- ئایا کامە کۆرسی ئەکادیمی گران بووە بۆ تۆ؟
٤- ئایا پلانت هەیە بۆ خوێندنی باڵا؟
٥- بۆچی ئەو بوارەت هەڵبژارد بۆ خوێندن؟

**سێیەم: کارو شارەزایی کارکردن:-**

لەم بەشەدا وەکو بەشەکانی تر چەند پرسیارێك ئاراستەی ئەو کەسە دەکرێت کە داخوازی کاری پێشکەشکردووە، خاوەنکار، یان ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکە ئەنجام دەدات، هەوڵدەدات زانیاری کۆبکاتەوە لەسەر لێهاتووییو شارەزایی ئەو کەسەی داواکاری پێشکەشکردووە.

١- بۆچی تۆ داوای ئەم کارە دەکەیت؟
٢- بۆچی پێویستە ئێمە تۆ دابمەزرێنین بۆ ئەم کارە؟
٣- ئایا بڕوات وایە تۆ باشترین کەس بیت بۆ ئەم کارە؟
٤- بۆچی تۆ بڕوات وایە لەم کارە دا سەرکەوتوو دەبیت؟
٥- ئایا بەهرەو لێهاتوویی تۆ چییە بۆ ئەم پۆستە؟
٦- ئایا لە کاتی کارکردن تۆ چ شتێکی نوێو بەسوود پێشکەشی دامەزراوەکەمان دەکەی؟
٧- ئایا ئامانجی کورت مەوداو درێژ مەودای تۆ چین؟
٨- ئایا شارەزاییەکانی تۆ چین لە کاردا؟
٩- ئایا هیچ کاتێك کاری خۆبەخشیت ئەنجام داوە؟
١٠- ئایا پلانت چییەو دەتەوێت بۆ ماوەی چەند لەم کارەدا بەردەوام بیت؟
١١- ئایا هیچ کاتێك کێشە ڕوویداوە لە نێوان تۆو بەڕێوەبەرەکەت؟ ئەگەر ڕوویداوە چۆن چارەسەرت کردووە؟

**چوارەم: تایبەتمەندی کارو مووچە:-**

لەم بەشـــەدا چەند پرسیارێك ئاراستە دەکرێت دەربارەی تایبەتمەندی کارو مووچەی مانگانە.

١- ئایـا تـۆ بـە دوای full or part - Time کاردا دەگەڕێی؟

٢- ئەگەر پێویستی کرد ئایا ئامادەی کاتی زیادە کاربکەی، یاخود ڕۆژانی پشوو کاربکەی؟

٣- ئایا دەتوانی گەشت بکەی ئەگەر پێویستی کرد؟

٤- ئایا چۆن ڕاپۆرتی کاری خۆت بەرزدەکەیتەوە؟

٥- ئایا چ زمانێکی بیانی دەزانی؟ ئایا شـارەزاییت چۆنە لە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت؟

٦- ئایا ئـارەزووی کارکردن بە تیم (Team)، یاخود بە تەنیا دەکەیت؟

٧- ئایا چۆن دەتوانی هاوکاری تیم بکەی لە کاردا؟

٨- پێشبینی دەکەی مووچەکەت چەند بێت؟

**پێنجـەم: ئـەو پرسـیارانەی داواکاری کار دەتوانێـت لە خاوەنکار، یان لەو کەسەی چاوپێکەوتن ئەنجام دەدات بکات:-**

١- ئەگـەر ئێوە ئـەم ئەرکەتان بە من سـپارد، ئایا کەی دەتوانم دەست بەکاربم؟ ئایا کەی هەواڵم لێ دەگێڕنەوە؟

٢- ئایا بەرپرسیاریەتی سەرەکی لەم کارەدا چییە؟

لە کۆتاییدا خۆئامادەکردن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بە شـێوەیەکی باشو کاریگەر، دەتوانین سـەرکەوتوو بین لە چاوپێکەوتـنو کارێـك بۆ خۆمان مەیسـەر بکەین، ئەمەش هاوکارمـان دەبێت بۆئەوەی زیاتر بەرەوپێش هەنگاو بنێینو ئامانجەکانمان لە ڕێگای کارکردنەوە دەستەبەربکەین.

و: لە ئینگلیزیەوە: بەکر ئیسماعیل گەردی

نووسینی: Rebecaa





# زمانی جەستە ئاماژە پۆزەتیڤەکان

بەشی پازدەیەم

**٤- پێشوازیکردن لە چوونە ژوورەوە:-**

دەکرێت ئەم ئاماژەیە دەربېڕدرێت بە بەرزکردنەوەو چەماندنەوەی قۆڵ لە ئانیشکەوەو پاشان ئاڕاستەکردنی بۆ شوێنی مەبەست (ژووری میوان..هتد)، دەکرێت چەمانەوەیەکی کەمی لاشەو زەردەخەنەشی لەگەڵدا بێت، وەك نیشانەیەك بۆ دەرخستنی زانینی ڕێزو پێزانین بۆ سەردانکردنەکەی.

**٥- پێشوازیکردن لە دانیشتنی بەرامبەر:-**

لەو کاتانەی کەسێك سەردانی ماڵەکەت دەکات، یاخود شوێنی کارەکەت دەکرێت لە ڕێی درێژکردنەوەی دەستی ڕاستت بۆ ئەو شوێنەی مەبەست ئاماژەیەك بەو کەسە بگەیەنێت کە دەتەوێت لە فلان شوێن دابنیشێت.

**٦- ئاماژەی سەرکەوتن:-**

دەکرێت بە بەرزکردنەوەی هەردوو دەست بۆ سەرەوەو نوقاندنی پەنجەکان (بە شێوەی مستە کۆڵەیەك)، کەسی بەرامبەر ئەوەت لەلا بگەیەنێت کە سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو دەیەوێت هەستی خۆیت بۆ دەرببڕێت، ئەم شێوازە لە زۆرێك لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا بەکاردێتو زیاتریش لە یارییە وەرزشییەکاندا بەدی دەکرێت.

**٧- چاوەڕێکردن لە پێشبینییە ئیجابیەکاندا:-**

لەو کاتانەی بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ڕووداوێکی دیاریکراو دەکەیت، پێشبینی دەکەیت دڵخۆشکەر بێت بۆت، دەستەکانت لێکدەخشێنێت وەك ئاماژەیەك بەوەی زۆر بە پەرۆشیت بۆ گەیشتنی ئەو هەواڵە، زیاتر لە تەمەنی منداڵیدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئەو کاتەی بە کوڕەکەت ڕادەگەیەنیت دیارییەکی پێشکەش دەکەیت کە زۆر حەزی پێیەتی، یاخود گەشتێکی سەرسوڕهێنەری بۆ دەسازێنیت، دەبینیت لە خۆشیدا هاواردەکاتو دەستە بچوکەکانی لێکدەخشێنێتو زەردەخەنەت بۆ دەکات.

**٨- ماڵئاوایی:-**

بەرزکردنەوەی دەستت بە جۆرێك لەپی دەستت بەڕووی کەسی بەرامبەردا بێتو بە ئاڕاستەی چەپو ڕاستتدا بیجوڵێنی، مانایەکی ئاشکرای ماڵئاوایکردن دەگەیەنێت.

**٩- تەوقەکردن:-**

لە جوڵە هەرە ئیجیابیەکان بریتییە لەوەی بە دەستەکانت تەوقە بکەیت، چەندین شێوازی جیاواز هەیە بۆ تەوقەکردن، هەریەکەیان مانایەك دەگەیەنن، بۆ نمونە: لە تەوقەکردنی ئیجابیدا پەنجە گەورەی تەوقەکەران بۆ سەرەوە ئاڕاستە دەکرێت.

**١٠- بەرزکردنەوەی برۆکان:-**

زەردەخەنەکردنو بەرزکردنەوەی برۆکان پێکەوە، لە بەناوبانگترین ئاماژەکانی سڵاوکردنێکی ناسیاوانەیەو پێویستی بە قسە نییە، بە زۆری لە کاتە سەرقاڵییەکاندا ڕوودەدات، چۆن؟

بۆ نموونە:- سەرقاڵیت بە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی زۆر گرنگەو جانتاکەشت بە دەستێکتەوە هەڵگرتووەو دەستەکەی تریشت مۆبایلەکەت پێیە، لەم کاتەدا یەکێك لە ناسیاوەکانت لە بەردەمتدایەو دەیەوێت بڕوات، یاخود تازە هاتووەو سەلامت لێدەکات، تۆش بە بەرزکردنەوەی برۆکانتو زەردەخەنە بۆ کردنی وەڵامی گونجاوی دەدەیتەوە زۆر بە سانایی.

بە سپۆنسەری
CHILCHAMA

# ئەوەی خاوەنی قژە

# با ڕێزی بگرێت

**١- سودەکانی قژو کێشەکانی:-**

زانایانی کارئەندامزانی (physidology)دەڵێن: قژ سەر دەپارێزێت لە زیانەکانی تیشکی خۆرو ڕێگری دەکات لە بەفیرۆچوونی گەرمی لە لەشدا.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەرکێکی تری هەیە لە دوانەکەی سەرەوە گرنگتر، ئەویش بەخشینی جوانیو ڕەونەقە.

قژی پاكو بریقەدار وات لێدەکات بە پاکیو جوانی دەرکەویت، هەست بە خۆشیو ئاسودەیی بکەیت، بەڵام ڕەنگە لە قۆناغێکی تەمەنتدا توشی کێشە جۆراوجۆرەکانی قژ ببیت، وەکو:

هەڵوەرین، وشکبوونەوە، دڕوو زبربوون.. چەندین کێشەی تر، کە ئەم کێشانە ڕەنگە بە هۆی نە شارەزایی بێت لە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ قژمان.

گومانی تێدانییە کێشەکانی قژ خەڵکی زۆر دڵتەنگ دەکات بە تایبەتتر کچان، بەڵام لە یادمان نەچێت زیادەڕۆیی نیگەرانیو خەفەت لێخواردن کێشەکانی زیاتر دەکات، بەڵام دوورکەوتنەوە لەوەی بێزاریو ڕەقی مامەڵە لەگەڵ قژمان بکەین زیاتر بۆمان ئەپارێزێو جوانتر دەردەکەوێ.

**٢- لێبوونەوەی قژ لە کۆتاییەکەیەوە:-**

یەکێك لە کێشە باوەکانی ناو ئافرەتان، لێبوونەوەی قژە لە کۆتاییەکەیەوە.

هۆکارەکانی: زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی شامپۆو قژداهێنان بە توندی، بەکارهێنانی وشککەرەوە (مجففە)، بەستنی بەردەوامی قژو توندکردنی بە بەکارهێنانی بەکرەی قژ، یان بە درێژایی شەو بە مەتات قژت بەستبێت.

هەندێجار لە ئەنجامی: کەمی کانزاکان، ڤیتامینەکان، یان کەم چالاکی سایرۆیدە ڕژێن.

**٣- قژی وشك:-**

هۆکارەکانی: بەستنی قژ بە مەتات، قژ ئوتوکردن، زیاد بۆیەکردنی قژ، خراپی خۆراك.

چارەسەر: وا باشە شامپۆی تایبەت بە قژی وشك بەکاربهێنن، هەروەك دەگرێت لە ناو دەستیاندا کەمێك زەیتی زەیتون لەگەڵ شامپۆ تێکەڵ بکەنو پاشان بەسەریاندا بڵاوی بکەنەوەو دواتر بە باشی بیشۆن.

**٤- قژی چەور:-**

زۆرن ئەوانەی دەناڵێنن بە دەست چەوری قژیانەوە، قژی چەور پێویستی بە گرنگی پێدانی تایبەت هەیە، بۆ ئەوەی کرێژی چەور دروست نەبێت، کە دواتر ئەمیش دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پێستی سەر.

پێویستە لانی کەم هەفتەی دووجار سەریان بشۆن... ڕاست نییە کە دەڵێن:- قژ شۆردن دەبێتە هۆی وەرینی.

وا باشە پێش خۆشۆردن بە گوشراوی لیمۆیەکی سروشتی قژت چەور بکەیت، دواتر بە باشی قژت بە شامپۆ بشۆ کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرێك لە چەورییەکانی قژ لەگەڵ ئاو لیمۆکەدا بێتە خوارەوە.



ن: د.حسان شمسی پاشا

و: یەحیا محەممەد عەلی

١/٤

## ٥٠ مۆم بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەتان

## مۆمی ٢١

## بۆ کوڕو کچە لاوەکانە

# هەموو شتێك سنووری خۆی هەیە

ن: د. عبدالكريم بكار و: ئاسیا صەلاح

هەموو پێغەمبەران -سەلامی خودایان لێبێت- لەسەر بیرۆکەیەکی بنچینەیی هاتوون ئەویش (سنووردارییە):- سنووورداری ژیانو مرۆڤو هەموو شتێك، لە ڕاستیدا کچو کوڕەکانم زۆر بواری کارپێکردن بەدی دەکرێت بۆ ئەم بیرۆکە گرنگە، فەرامۆشکردنی زۆر کێشە دەهێنێت بەسەر مرۆڤدا. گەر بۆ هەموو شتێك توانایەکی سنوردار هەبێت، کەواتە بە زیادەڕۆییکردن تیایدا لەدەستی دەدەین، یان شەرمەزارمان دەکات، یاخود بەڕووماندا پێچەوانە دەبێتەوە. ئەم مۆمە تایبەتە بە خستنەڕووی هەندێك چەمکی گرنگ لەسەر ئەم باسە لە ڕێگەی نیشاندانی چەند نموونەیەك:-

١- ئەو ماددە ئاسنەی لە ڕاگری بیناکان بەکاردێت، بەمەبەستی هەلگرتنی سەقفەکەی، تا ڕادەیەك خۆی دەگرێت، گەر لە توانای خۆی زیاتر بدەین بەسەریدا چی بەسەردا دێت؟ دەچەمێتەوە، کە لاریش بۆوە هەبوونو نەبوونی یەك شتە، سەقفەکە دەکەوێت، ئەمە نموونەیەکی ماددیو بەرجەستەیەو تێگەیشتنی زۆر ئاسانە.

٢- ئەو ویژدانەی کە لە ناختاندایەو ئەو پەروەردە ناوازەیەی لە خێزانەکانتان وەرتانگرتووەو ئەو ڕێسا مەزنانەی بڕواتان پێیەتی... هەموو ئەمانە سنوورێکی دیاریکراوی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە ئەو سنوورانە مەبەزێنن بە بەسەربردنی ژیان لە ژینگەیەکی پڕ لە تاوانکاریو نەگریسی، یاخود بە هاوڕێیەتیکردنی کەسانی خراپ کە دەست لە ناو دەستی شەیتانن بۆ فریودانو تێکشکاندنتان. زۆرینەی ئەو گەنجانەی لایان داوە، ئەوەیان بەسەرداهاتووە، بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کێشمەکێشی ڕەوشتانێکی نائاسایی، پێویستە کەسی ژیر لە کەسانی چواردەوری ئەزموون وەرگرێ.

٣- زۆرێك لە کوڕو کچان خاوەن زیرەکیو بلیمەتییەکی باشن، بەڵام بڵندیو سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە، لە زۆربەی کاتەکاندا ئەمە بە هۆی پشت بەستنێکی لە ڕادەبەدەرە بە توانا زگماکییەکانیان، واتە لە گەشتی بەدەستهێنانی سەرکەوتندا زیاد لە پێویستیان داوە بەسەر زیرەکیاندا، ئەمەش زۆر ڕووداو پشتڕاستی دەکاتەوە، زیرەکی تەنها هۆکار نییە کە بۆ سەرکەوتن پێویست بێت، بەڵکو پێویستی بە زانستو ڕاهێنانو سووربوون لەسەر مەبەستو کۆڵنەدانو ئامانجی ڕوونو خواستی بەهێزیشە.

٤- هەندێك لە کچان خاوەن جوانییەکی زۆرو کەم وێنەن، دوای هاوسەرگیریکردن، پاش بەسەرچوونی ماوەیەکی کورت ئیدی ناکۆکییەکانی دەست پێدەکات لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، دواتر دەبێتە هۆی جیابوونەوە...

بۆچی ئەمە ڕوویدا؟ بەدڵنیاییەوە هۆکاری زۆر هەن، لەوانە پشت بەستنی کچان بە جوانییەکەیانو سنوور بەزاندنیان کە بە بڕوای ئەو هاوسەرەکەی دەبێت هەموو هەڵەیەکی لێ قبوڵ بکات، بە هۆی جوانییەکەی، دەبێت وەڵامی هەموو داواکارییەکانی بداتەوە، بێ ئاگایە لەوەی کە جوانی دەبێتە شتێکی ڕۆتینیو ئاسایی لای هاوسەرەکەی لە دوای ماوەیەك، ئەوەی کە دەمێنێتەوە تەنها جوانی ڕۆحو جوانی هەڵوێستە.

### ئەمە چی دەگەیەنێت لای کوڕو کچەکانم؟

١- ئاگاداربن بۆ هەموو شتێك هێڵێکی سوور هەیە کە پێویستە تێیدا بووەستین، وەك دەڵێن: کە شتێك لە سنووری خۆی دەرچوو، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ پێچەوانەکەی.

٢- هاوسەنگی جوانترین شتە لە ژیاندا، گرنگتریشە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت پێویستە پشت ببەستین بە چەند هۆکارێکی جیاواز لە بەڕێوەبردنی کارەکانی ڕۆژانەمانو دابینکردنی پێداویستییەکانماندا، بۆیە هەمیشە بەدوایدا بگەڕێن.

٣- خۆتان بپارێزن لە کەفوکوڵی گەنجانەو کڵپەکردن، کە هەمیشە بەرەو ئاراستەی زیادەڕۆیی دەڕواتو لە میانڕەویی دوور دەکەوێتەوە.



# دواخستن
# کلیلی شکستە!

یەکێك لە خاڵە جیاوازەکانی نێوان کەسی سەرکەوتوو، کەسی شکستخواردوو، ئەوەیە کە کەسی سەرکەوتوو لە بیرکردنەوەیدا نییە کارێك دوابخات، بەڵکو زۆریش سورە لەسەر جێبەجێکردنی لە کاتی خۆیدا.

خویەك لە مرۆڤەکاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە بەردەوام بەرەو ئەو کارانە دەڕوات کە حەزی لێیەتیو ئاواتییەتیو کارە قورسەکانیش دوادەخات بۆ کاتێکی تر، بە بیانووی باشتر کارکردن لەسەریو لێکۆڵینەوەی زیاتر.

لە باشترین چارە بۆ ئەم خووە ئەوەیە سەرەتای ڕۆژەکانمان بەو کارانە دەست پێبکەین کە حەزمان لێی نییەو گرنگیشە، بەمجۆرە دەبینیت لە سەرەتای ڕۆژەکەتدایتو کەچی لەوپەڕی چالاکیدایت کە دەبینیت وا کارە قورسەکانت تەواوکردووەو کارە ئاسانەکانیش بۆ کۆتایی ڕۆژەکەت دابنێ.

کاتێك گەیشتیتە کۆتایی کارەکانی ئەو ڕۆژەت لە کۆتاییەکەیدا پاداشتێکی خۆت بکە بەوەی کارێك بکەیت کە زۆر خولیاتەو حەزت لێیەتی (نمونە: تەلەفۆن کردن بۆ هاوڕێ، هتد...)

ئەوانەی بۆ هەمیشە کارەکانیان دوادەخەن دەبینیت لە کۆتایشدا ئەو کارە باشەش ناکەن کە تۆ گومانت پێیان دەبرد، چونکە هێندە کار بەسەریاندا کەوتووە توانای ئەوەیان نییە یەکێکیان بە جوانی بکەنو ئەوانی تر واز لێبهێنن، (چونکە هەمووی بووە بە کاری پەلە).

بەگشتی ئەو کارانەی حەزمان لێی نییەو دوای دەخەین، دەبینیت لەسەرەتاوە کاتی تەواوت لەبەردەستدایە بۆ تەواوکردنی، کەوابوو گونجاوترین کات بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك ئەوەیە: (ئێستا دەست پێبکەین).

بۆچی دەبێت کارەکەت دوا بخەیت بۆ دواتر لە کاتێکدا ئەمڕۆمان بۆشایی زۆری تێدایە؟!

**دواخستنی کار:** بریتییە لە گۆڕینی کردارەکانمان بۆ شاخێکی زۆر بەرز، کە ئەوەندە دوور نییە ئەمڕۆ نا سبەینێ بڕۆخێت بەسەرمانداو هیچمان دەست ناکەوێت لێی بێجگە وتنی خۆزگە وا....

بریتییە لە شێوێنەواری پلانەکەت، سادەت لەلا گرنگ دەکاتو ئاسانت لەبەرچاو دەکات بە قورسو بەپەلە.

بریتییە لە جوانترین پلان بۆ شکست!

**لە سنوری ئێستاتدا بژی:-**

ئێستا وات لێدەکات... کات پارێز بیت بۆ داهاتووتو لەگەڵ کاتانێکدا مامەڵە بکەیت کە ژیانت پڕدەکەن لە ئازادیو دوور لە تەسکبوونەوەی کاتەکانت.

ئێستا وات لێدەکات... هیممەتو بەرهەمت بێ وێنە بێت.

ئێستا وات لێدەکات... لە بارێکی خراپەوە بۆ باشو لە کێشەوە بەرەو چارەسەرو لە خەواڵوییو بێکارییەوە بەرەو چالاکیو جموجوڵ بڕۆیت.

ئێستا وات لێدەکات... پێشڕەوی سەرکەوتن بکەیت.

دواتر... وات لێدەکات بترسیتو پێشڕەوی بکەیت بەرەو شکست!

بەمەش ناتوانیت بەردەوام بیت لە هەوڵدانو ڕێگریت دەکات لە بەرەو پێشچوونت.

کەسایەتییەکی دوودڵ بۆ خۆت بونیات دەنێیتو دەبیتە ژێر دەستەی کێشەکانت.

بەکار دەڵێت: (گەر ئەو کارەی ئێستا گونجاوە بیکەم، ئەوا ئەوەی ئەمڕۆ بە موعجیزە ئاسای دەزانم، دەبینیت سبەینێ هەر ئەنجام دەدرێت).

**سنورێك دابنێ بۆ دواخستنەکانت:-**

- بزانە دواخستن خۆی کێشەیە! نەوەك چارەسەر بۆ کێشەکانت!!
- کارەکانت بەش بەش بکە بۆ چەند قەبارەیەك کە بتوانیت بەسەریاندا زاڵ بیت.
- پلان دابنێو گرنگترین لە پێش گرنگ دابنێ.
- پێشبڕکێ سازبکە لەگەڵ دەروونی خۆتدا.
- پاڵنەری دەروونت بە.
- لەسەرەتادا بە قورسترین دەستپێبکە.
- کات ڕابگرە بۆ خۆت، خۆت تاقیبکەرەوە، بۆ ئەوەی بزانیت ئەو کارە لەو کاتەدا ئەنجام دەدەیت؟

باشترین ڕێگا چارە بریتییە لە گۆڕینی خوی دواخستن، بەوپەڕی هەوڵەوە بەرەو جێبەجێکردنی کارەکان لە کاتی خۆیدا، هەوڵ مەدە بڕوا بە خۆت بهێنیت کە دواخستنەکەت لەبەر باشترکردنە..



و: کیژان فەرەج

# جۆرەکانی بیروباوەڕ

(ڕۆبرت دیلز) لە پەرتوکی (بیروباوەڕ)دا دەڵێت:

(بیروباوەڕ دادەنرێت بە گەورەترین چوارچێوە بۆ ڕەفتاری مرۆڤ، کاتێك باوەڕ بەهێز دەبێت، ڕەفتارت لەگەڵ ئەو باوەڕەدا هاوشانی یەك دەبن).

(د.ریتشارد باندلر) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (NLP) دەڵێت:

(باوەڕەکان هێزێکی زۆریان هەیە، خۆ گەر توانیت باوەڕی کەسێك بگۆڕیت، ئەوە دەتوانیت وای لێ بکەیت هەر کارێك ئەنجام بدات).

هەروەها (هیرامویسمر) لە پەرتوکی (١٠ یاسای ئاسایی بۆ کاتی سودلێوەرگیراوو ڕێکخستنی ژیان)دا دەڵێت:

(هەموو باوەڕێك کۆمەڵێك یاسای داڕێژراوی هەیە لە ئاستێکی قوڵی عەقڵی ناوەوەدا، لەسەر بنەمای ئەم یاسایانە مرۆڤ ڕەفتار دەکات).

ئێستا بەشێوەیەکی دیاریکراو دەدوێین، (٥) شێوەو جۆری بنەڕەتی لەباوەڕ هەیە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕەفتارمان:-

**جۆرەکانی باوەڕ:**

**یەکەم:- باوەڕی تایبەتی بەخود:-** ئەمە بەهێزترین جۆری باوەڕە، جۆری باوەڕبوون بەخودت دەکرێ ببێتە هۆکاری زیادبوونی تواناتو هاوکاریکردنت بۆ بەرەوپێشچوونو بەدەستهێنانی ئاواتەکانت، بەپێچەوانەشەوە دەکرێت ببێتە هۆکاری لەناوچوونو دوورکەوتنەوەت لە ئاواتەکانتو ڕێگر لەبەردەم هەر گۆڕانکارییەکدا، نموونەیەك: (محمد علی کلای) پاڵەوانی بۆکسێنی ئەمریکی بەردەوام دەیگوت: (من گەورەترین پاڵەوانی بۆکسێنم)، بەهۆی هێزی باوەڕی بەخودو تواناو لێهاتووییەکانی، توانی بگاتە پلەی (ئیمتیاز)و بوو بە گەورەترین پاڵەوانی بۆکسێن لەسەردەمی خۆیدا، جارێك لە گفتوگۆیەکی تەلەفیزیۆنیدا لێیان پرسی: ئایا چی دەبێتە هۆکاری دروستبوونی پاڵەوانێکی گەورە؟ وتی: (بۆئەوەی ببیتە پاڵەوان، یەکەم شت دەبێت باوەڕت وابێت کە تۆ زۆر باشیت، خۆ گەر باش نەبوویت، ئەوا واخۆت دەربخە کە تۆ باشتری).

ئەو خاڵەی کە (محمد عەلی کلای) دەیویست بە ئێمەی بگەیەنێت ئەوەیە کە دەبێت ئێمە باوەڕێکی بەهێزمان هەبێت کە ئێمە کێینو دەمانەوێت ببینە چی؟

**چەند نموونەیەك لە باوەڕی نێگەتیف بەرامبەر بەخود:-**

(من شایەنی هیچ نیم! من شایەنی سەرکەوتن نیم! من گەر دەوڵەمەند بم ئەوا هەموو دەوروبەرم لەدەستدەدەمو تەنیا دەمێنمەوە! گەر واز لە جگەرەکێشان بهێنم ئەوا کێشم زیاد دەکات! من ناتوانم لەسەر خەتی خێرا ئۆتۆمبێل لێبخورم، چونکە مەترسیدارە! هەموو جارێك کە شتێکی نوێ تاقیدەکەمەوە سەرکەوتوو نابم! من کەسێکی دۆڕاوم).

**چەند نموونەیەك لە باوەڕی پۆزەتیف بەرامبەر بەخود:**

(من بەهێزمو تەندروستییەکی باشم هەیە، من متمانەم بەخۆمو تواناکانم هەیە لە سەرکەوتندا، من کەسێکی نایابم.. باوەڕەکان بەرامبەر بەخود هێزێکی بەتینیان هەیە گەر بیانگۆڕیت، دەکرێ ببیتە کەسێکی تەواو جیاوازو ژیانت بە تەواوەتی بگۆڕێت.

**دووەم:- شێوەی باوەڕ بەرامبەرماناکان:-**

شتەکان چ مانایەکیان هەیە لای تۆ؟ ئەم جۆرە لە باوەڕ وێنای مانای شتەکانە لای تۆ، ئایا چی گرنگەو چی گرنگ



نییە، نموونەیەك: جارێك لە (لویزیانا) وتارێكم پێشكەشكرد لەسەر سەركەوتن، وەك هەموو جارەكانی تر حەزم بە پرسیاركردنە لە ئامادەبووان، لێم پرسین گەر كەسێك لە ئامادەبووان باوەڕێكی نەرێنی هەیە بەرامبەر بە خودی خۆیو هەست بكات كە تواناكانی فەتیس كردووەو دەشیەوێت ڕزگاری بێت لێیان، كچێك هاتە سەر شانۆی هۆڵەكەو بەچاوی فرمێسكەوە وتی: من ناتوانم متمانە بكەم بە پیاوان، چونكە (٣) جار بریندارکراوم، لەبەرئەوە بڕیارمدا كە ئیتر متمانەم بە هیچ پیاوێك نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە تەنهاییەكی بكوژ دەكەمو دەشترسم لەوەی جارێكی تر بریندار بكرێم، یەكەم شت كە دەبوایە من بیكەم ئەوەبوو ئەو بیركردنەوە نەرێنیانەی بوەستێنم، بۆئەوەی واز لە گریان بهێنێت، پێموت: چوویت بۆ چین؟ كچەكە سەرسام بوو خێرا لە گریان وەستاو وتی: نەخێر، پاشان داوام لێكرد بدوێت لە بارەی متمانە نەبوونی بە پیاو، دیسان دەستیكردەوە بە گریان، لێم پرسی وادەبینی كە خەڵكی چین وەك ئێمە بگرین، یان ئەوان دەمو چاویان بەشێوەیەكی جیاواز دەگۆڕێنو فرمێسك لە گوێیانەوە دێتە دەرەوە؟ كچەكە دەستیكرد بە پێكەنین! دیسان داوام لێكردەوە كە چیرۆكەكەی تەواو بكات، بەم ڕێگایەوام لێكرد واز لە گریان بهێنێتو پێ بكەنێت، لێم پرسی پەیوەندی نێوان ژنو پیاو لای تۆ چ مانایەكی هەیە؟ وتی: خۆشەویستی، وتم: تۆ پێویستیت بەچییە بۆئەوەی هەست بكەیت خۆشویستراوی؟ وتی: متمانە، گەر متمانەم بە پیاوێك نەبێت ناتوانم خۆشمبوێت. وتم: حەزت بەسواربوونی شەمەنەفەری شاری یاری هەیە، ئەوانەی كە لەبەرزبوونەوەو دابەزینێكی خێراو شێتانەدان؟ وتی: بەڵێ، ئەوە لە هیوایەتەكانمەو هەفتەی ڕابردووش لە شاری یاری بوومو دووجار سواری بووم، وتم: لە كاتی سواربوونت لەو شەمەنەفەرە مەترسیدارە گومانت نەبرد كە ڕەنگە ڕووداوێك ڕووبداتو ئەو شەمەنەفەرە تێكبچێتو ببێتە هۆكاری مردنت؟ وتی: ڕەنگە شتیوا ڕووبدات، وتم: باشە چۆن كارێك ئەنجام دەدەیت كە ڕەنگە ببێتە ئاكامی مردنت؟ وەڵامی نەدامەوە، وتم: كاتێك لەسەرەوە بوویتو شەمەنەفەرەكە بەملاولادا ئاڕاستەی دەگۆڕی بەخێراییەكی بەهێز، ئایا دەبوو ببێتە هۆكاری تووشبوونت بەجەڵتەی دڵ؟ وتی: ڕەنگە، وتم: لەگەڵ ئەوەشدا تۆ هەرسواری ئەو شەمەنەفەرە بوویت؟ وتی: بەڵێ، وتم: چۆن؟ وتی: من متمانەم بەخۆم هەیە كە دەتوانم سواری ببم، متمانەم بە بەڕێوەبەرانی شاری یارییەكەش هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا كە نایانناسمو ناشزانم ئایا ئەوان دڵنیان لەوەی كەیارییەكان شكاویان تێدایە، یان نا، وتم: ئەی باشە سەبارەت بە پیاوان دەڵێی چی؟ وتی: باوەڕم هەیە كە دەكرێ متمانەم بەخۆم هەبێت، وتم: بەڵام ڕەنگە جارێكی تریش بریندار بكرێیت؟ لە كۆتاییدا وتی: گرنگ نییە، بە ئەزموونی زیاتردا دەڕۆم تا ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو كەسە دەدۆزمەوە ببێتە هاوبەشی ژیانم.. كاتێك تۆ باوەڕت دەگۆڕی بەرامبەر مانای شتێك دەتوانی خودی باوەڕەكەش بگۆڕیت، بەمشێوەیە باوەڕت شێوەیەكی تەواو جیاواز وەردەگرێت.

چیا عەبدوڵا



## بەرهەمە نوێیەکانی بڕیار لەم شوێنانە دەستدەکەوێت:-

## سلێمانی: - نووسینگەی گۆڤاری بڕیار

## - بازاڕی ڕاپەڕین - کتێبخانەی تیشک

## هەولێر: کتێبخانەی مەحوی - خانەی ئاشتی




















چاپی سێیەم




چاپی دووەم



چاپی دووەم

# ئەو شتانەی باوکم لە ژیاندا پێی نەگوتووم

**پێشتر دەربارەی ئەم ڕێسایە هیچت ژنەوتوە (١٨=٤٠=٦٠)؟**

ئەم ڕێسایە زۆر بەسانایی شتێکی گرنگ بەگوێچکەتدا دەچرپێنێتو پێت دەڵێ: کاتێك تۆ تەمەنت هەژدە بەهارە، زۆر گرنگی دەدەیت بە ڕای خەلکی، بە وریاییەوە گوێ ڕادەگریت بۆئەوەی لەبارەتەوە دەگوترێت، هەست بەدڵەڕاوکێ دەکەیت دەربارەی هەستی خەلکی بەرامبەرت.

کاتێك تەمەنت هەڵدەکشێتو دەگەیت بەچل ساڵ، ئەوەی خەلکی دەربارەت دەیلێیت بەهیچ شێوەیەك بەلاتەوە گرنگ نییە، ئاوڕ لە ڕاکانیان نادەیتەوە! بەڵام کاتێك زەردەی خەزان بەسەر تەمەنتدا دێتو دەگەیت بە شەست ساڵی ئەو کات ڕاستییەکی ونبوو دەدۆزیتەوە، ئەوڕاستیەش ئەوەیە کە لەژیاندا کەس گرنگی پێنەداوی بەو شێوەی تۆ گومانت دەبرد. ئێمە زۆرو زیاد لە پێویست بەدەست ڕای کەسانیترەوە گرفتارین، کردەوەکانمان بە تەرازووی بۆچوونەکانی ئەوان دەکێشین، چۆن دەبێت ئێمە ژیانو زیندەگی خۆمان بە بۆچوونی کەسانیتر دیاری بکەین؟!

ئەگەر دڵی خەلکی بپشکنین، تێڕوانینی سەیرو چارەڕواننەکراو دەبینین، کەسانێك هەن بەشێوەی پاكو بێگەرد خۆیان پیشان دەدەن، خۆشیان دەوێیت، ئاواتیان سەرکەوتنو سەربەرزیتە لە ژیاندا، کەسانێك هەن حەز بەبینینت ناکەن! کەسانێکی تر هەن بەشێوازی خۆیان دەنگی تۆن، ئایا ژیانی خۆت بەشێوەیەکی باش، یان خراپ دەکەیت بە بارمتەی کەسانیتر؟ نەخێر، بەهیچ شێوەیەك ئەمە کارێکی لۆژیکیانە نییە!

بەڵام کاری باش ئەوەیە گوێ ڕادێریت بۆئەوەی لەبارەتەوە دەگوترێت، لە هەر ڕێنماییەك، ئامۆژگارییەكو ڕەخنەیەك بەباشی ڕابمێنە، ئەگەر خاوەن ورە بووی وتەی کەس ساردت ناکاتەوە، ورە ڕوخاوو لەشگران مەبە، ئاواتە خواز مەبە وەك تەوەزەلان.

ئەگەر تەماشای پەیامبەر بکەین (دروودی خودای لێبێت) کاتێك تۆمەتبار دەکرا بەشێت، ئەگەر دلگران بوایە بەو تاوانانەی دەدرایە پاڵیو... تاد. ئەوا ئیسلام بەمانان نەدەگەیشتو ئاینی ئیسلام بڵاونەدەبووەوە، کاتێك تۆمەتی شایەری درایە پاڵیو کاڵ فامانی ئەوێ ڕۆژگاریان واتێگەیاندبوو کە قورئان شیعرەو محەمەد دەینوسێتەوە، ئەوا ژیانی پەیامبەر (دروودی خودای لێبێت) تەواو دەبوو، هیچ کۆششی نەدەکرد. بەڵام محەمەد (دروودی خودای لێبێت) فێری کردین کە پێداگربین لەسەر پتەوی باوەڕەکەمان، باوەڕمان هەبێت بەڕیشاوەژۆی بەهاو باوەڕەکانمان.

ئەگەر خاوەنی خەونی گەورە بیت، دەبێت زیاتر پەیوەستی بیروباوەڕەکانت بیت، تێگەیاندنی کاڵ فامان کارێکی قورسە، بەدیهێنانی خەونەکانت لای نەفامان کارێکە ئەستەمو مەحاڵە، بەڵام هەمووان خۆیان وا پیشان دەدەن کە بەوتەو ئامۆژگارییەکانیان دڵسۆزی تۆن.

سەربەخۆیی هزرت، ئازادی هەڵسوکەوتت بۆ بەدیهێنانی ئاواتو خەونەکانت لە ژێر دەسەڵاتی «بیروبۆچوون»ی کەسانیتر کارێکی زۆر گرنگە، هیچ کات ئاواتو خەونەکانت بەدیناهێنیت ئەگەر بیروباوەڕەکانت، خەونەکانت لەسەر بنەمایەکی پتەو دانەڕێژرابێت، گوڕوتینێك «تریاکێك» نەبێت دژ بە هەڵمەتو بانگەشەو گومانو ڕەخنەی کەسانیتر.

گشت هۆکارێکی بەردەست بەکاربهێنە، هەوڵی گەشەکردنو پێشکەوتن بدە، سکاڵا مەکە لەو کەسانەی دەبن بە بەربەست لەبەردەم ئەو هەڵکشانەتدا، تەنها تەماشای پێش خۆت بکە (ئبراهام لنکۆڵن)

سەرچاوە/ کتێبی: مالم يخبرني به أبي عن الحياة



**ئاوڕمەدەرەوە لەو وتانەی لەبارەتەوە دەوترێت**

و: چیمەن لەتیف

زیرەکی | باڵۆل «٢٢»



# مامەڵەی نێوان باڵوڵو خاتوو زوبەیدە!

حەکیم ئەو کەسەی کە هەموو ڕۆژەکانی ژیانی چیرۆکێکی پەندئامێزی تۆمارکردووە، مرۆڤ بە خوێندنەوەو بیستنی هەڵوێستو ڕووداوو چیرۆکەکانی ژیانی حەکیم سەرساموو موتەحییر دەبێت.. گەر هەر پرسیارێك ئاڕاستەی حەکیم کرابێت، وەڵامێکی داوەتەوە کە بووەتە پەندو چیرۆك.. لە چیرۆکی ئەمجارەی حەکیمدا باس لە مامەڵەی نێوان هاوسەری خەلیفە هاروون (خاتوو زوبەیدە)و جەنابی حەکیم دەکەین.. باڵوڵ ئەو کەسەی کە نەك تەنها شادیو خەندەی بۆ گەورەکان دەگێڕایەوەو چارەسەری گرفتو کێشەکانی دەکردن، بەڵکو ئەوەندە مرۆڤێکی سادە بوو کە هەوڵی دەدا منداڵانیش شادومان بکات.

ڕۆژێکیان باڵوڵ بە لای کۆمەڵێك منداڵدا تێپەڕی کە سەرگەرمی یاریکردن بوون، ئەویش بێئەوەی گوێ بداتە تەمەنو پلەوپایەی لەگەڵ منداڵەکان دەستیکردە یاریکردن، پێکەوە خانووی بچووك بچوکیان دروستدەکردو ناویان دەنا کۆشك، لەو کاتەدا خاتوو زوبەیدە بەلایاندا تێپەڕی، کاتێك چاوی بە حەکیم کەوت، گوتی: ئەوە سەرقاڵی چیت جەنابی باڵوڵ؟

حەکیم پێش ئەوەی وەڵامی هاوسەری خەلیفە بداتەوە، بە منداڵەکانی گوت: منداڵەکان ئاگاداری ئەو کۆشکانە بن کە دروستمان کردوون، نەیانڕوخێنن، پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ لای خاتوو زوبەیدەو وتی: دەبینیت لەگەڵ منداڵەکان سەرقاڵی دروستکرنی کۆشکو تەلارین!

خاتوو زوبەیدە دەیزانی ئەگەر ڕاستەوخۆ هەر چییەکی بداتێ قبوڵی ناکاتو ڕەتی دەکاتەوە، هەروەکو چەندین جار یارمەتیدانی خودی خەلیفەی ڕەتکردۆتەوە، لەبەرئەوە ویستی ئەو هەلە بقۆزێتەوەو لەو ڕێگەیەوە یارمەتییەکی حەکیم بدات، بە حەکیمی گوت: بەڕاستی ئەو کۆشکو تەلارانەی تۆ بۆ منداڵەکانت دروستکردووە جوانو ڕەنگینن، دەمەوێت ئەو کۆشکەتان لێ بکڕم، نرخەکەی چەندە؟

حەکیم سەیرێکی زەوییەکەی کردو وتی: مەبەستت ئەم کۆشکەیە؟ خاتوو زوبەیدە وتی: بەڵێ.

حەکیم وتی: باشە ڕازیم پێت بفرۆشم، نرخی ئەو کۆشکەیان هەزار درهەمە، بۆ خۆمو ئەو منداڵانەی هاوکارییان کردوم لە دروستکردنیدا..

خاتوو زوبەیدە دەستبەجێ بە خزمەتکارەکەی گوت: نرخەکەیان پێ بدە.. ئەویش هەزار درهەمی دا بە باڵوڵی حەکیمو پاشان ماڵاواییان کردو ڕۆیشتن..

حەکیم کیسە پارەکەی بە دەستەوە گرتو دەستیکرد بە دابەشکردنی بەسەر منداڵەکانو هەژاراندا، تەنانەت یەك درهەمیشی بۆ خۆی هەڵنەگرت.. (ئەم پاڵەوانە چەندە بەخشندە بووە، هەر کات شتێکی دەستکەوتبێت دەستبەجێ بەخشیویەتی بە هەژاران)!

چەند ڕۆژێك بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی، شەوێکیان خەلیفە هارون لە خەویدا شتێکی زۆر سەیری بینی، لە خەویدا بینی وا بەڕێدەکەون بۆ بەهەشت، کاتێك گەیشتە لای دەروازەی کۆشکێکی خۆشو دڵڕفێنو سەرسوڕهێنەر، پێیان گوت: ئەوە کۆشکی هاوسەرەکەت خاتوو زوبەیدەیە! ویستی بچێتە ژوورەوە ڕێگەیان نەدا!

بۆ بەیانی خەلیفە هاروون ئەم خەوەی بۆ زانایانی کۆشك باسکردو داوای لێکردن خەوەکەی بۆ لێك بدەنەوە!

زاناکان پێیان گوت: لە خاتوو زوبەیدە بپرسە، بزانە چ چاکەیەکی گەورەی ئەنجامداوە؟

کاتێك خەلیفە پرسیاری لە خاتوو زوبەیدە کرد، ئەویش بیری کردەوە دەبێت چ چاکەیەکی کردبێت شیاوی ئەو کۆشکە

بێت لە بەهەشتدا!!

هیچی بیرنەهاتەوە تەنها ئەو هەزار درهەمە نەبێت کە بەخشیبووی بە باڵوڵی حەکیم! پاشان چیرۆکەکەی بۆ خەلیفە هاروون گێڕایەوە..

خەلیفە تێگەیشت کە ئەو چاکەیە هۆکاری بەدەستهێنانی ئەو کۆشکە بووە، لەبەرئەوە پێویست بوو بڕوات بە دوای حەکیمدا.. بۆئەوەی ئەویش یەك لەو کۆشکانەی لێ بکڕێت کە لە دونیادا کۆشکێکی گاڵتینەیەو لە دوارۆژدا کۆشکێکی هەمیشەییە!

خەلیفە لەگەڵ چەند کەسێکدا چوونە دەرەوەی کۆشكو دەستیان کرد بە گەڕان بە دوای باڵوڵدا، لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری بەغداد حەکیمیان دۆزییەوە، بینیان بە هەمان شێوە کە خاتوو زوبەیدە وەسفی کردووە، وا لەگەڵ منداڵان یاری دەکاتو سەرقاڵی دروستکردنی کۆشکی منداڵانە، خەلیفە هاروون وا خۆی دەرخست کە حەکیم پشتگوێ دەخاتو بە تایبەت بۆ لای ئەو نەهاتووە، بۆیە بە ئارامییەوە وتی: دەبینم نزیکترین کەسی من لەگەڵ منداڵان یاری دەکات، بە پەنجەکانی خاك هەڵدەکۆڵێت!!

حەکیم وەڵامی دایەوەو وتی: ئێمە چێژو خۆشی دەبینین لەو شتەی خودا لە دونیادا پێی بەخشیوین، دەبینیت من کۆشكو تەلار لەسەر زەوی دروستدەکەم، بۆئەوەی بیفرۆشین!

خەلیفە زۆر بە دڵخۆشیو خەندەوە وتی: هەرچەندە ئەوەی تۆ دروستی دەکەیت وەکو کۆشکی خەلیفەو پاشاکان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا من دەمەوێت یەك لەو کۆشکانەت لێبکڕم!

باڵوڵ دەستی لە نێو گڵەکە هەڵگرتو بە تیلەی چاوەکانی سەیرێکی خەلیفەی کردو وتی: دەتەوێت کۆشکێکی ئاوەها بکڕیت؟

خەلیفە لەسەر ئەژنۆ لەبەردەمیدا دانیشتو وتی: بەڵێ من دەمەوێت بە هەر نرخێك بێت ئەم کۆشکە بکڕم!!

حەکیم بە وردی سەرنجی خەلیفەی داو پاشان دەستیکردە پێکەنینو وتی: ئەم کۆشکە نرخەکەی زۆر گرانە!

خەلیفە وەها خۆی دەرخست کە گرنگی بە پێکەنینەکەی حەکیم نادات، وتی: ئێمە هەر شتێکمان بوێت بە هەر نرخێك بێت دەیکڕین، کێشەیەك نییە!

حەکیم وەکو ئەوەی ئاگاداری تەواوی وردەکاری خەونی خەلیفە بێت، وتی: نرخی ئەم کۆشکە هەزاران سکەی زێڕو باخاتی گەورەو ماڵو سامانێکی بێ شومارە!

خەلیفە کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان توڕەبوو، وتی: ئەگەر سەروەتو سامانی هەموو دەوڵەمەندەکانی ئەم شارە کۆبکەینەوە، ناگاتە ئەو نرخەی تۆ داوای دەکەیت، جەنابی حەکیم!

مەبەستت لەو قسانە چییە، چی لە پاش ئەم نرخە خەیاڵییەوە خۆی حەشارداوە؟!

لە کاتێکدا کۆشکێکی هاوشێوەی ئەم کۆشکەت بە زوبەیدەی هاوسەرم فرۆشتووە، تەنها بە هەزار درهەم!

حەکیم هەڵسایە سەرپێو گوتی: جەنابی خەلیفە، جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان تۆو خاتوو زوبەیدەدا، زوبەیدە هیچی نەبینیبوو، ئەو کۆشکەی بەو نرخە زۆرە لێکڕین، بەڵام تۆ بینیوتەو دەتەوێت بە هەمان نرخ کۆشکە گاڵتینەکەی دونیا لە بری کۆشکە ڕازاوەو هەمیشەییەکەی قیامەت بکڕی؟!

حەکیم بە لێهاتوویی‌و زیرەکی‌و بیرتیژی خۆی دەیزانی کە خەلیفە لە خۆڕانەهاتووە، هەمان ئەو کارە بکات کە هاوسەرەکەی کردوویەتی، یاخود دەگونجێت حەکیمیش هەمان خەوی بینبێت..

بەڵێ خۆشەویستان یارمەتیدانی هەژارانو بێ نەوایان، بە سەدان قات پاداشت دەدرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ماڵ بەبەخشین کەم ناکات! کەواتە ببەخشە تا زیاترت پێببەخشرێت!

# هەمیشە وەك گەوهەرو مەرجانە بە..

خانمەکەم.. کاتێك وەکو گەوهەرو مەرجانە، بەنرخو گرانیت، دەستی هەموو کەسێك ناکەویت، مەگەر کەسێك نرخت بزانێت.

خانمەکەم.. کاتێك هۆکاری بەختەوەری دەوروبەرەکەتی بە تایبەتی خێزانەکەت، بە دروشمی (خیرکم، خیرکم لاهله وانا خیرکم لاهلی).

خانمەکەم بەڵێ بۆ تۆ.... کاتێك گوڵاو ئاسا لە هەر شوێنێك بیت، ئاسودەیی بە ڕۆح دەبەخشیت، ئەها دیدەکەم گوڵاو کاتێك بڵاو دەبێتەوە چەندە هۆکاری ئاسودەیی ڕۆحەکانە.

خانمەکەم بەڵێ بۆ تۆ....کاتێك ناتوانی ببیتە پێنووسێك بۆ نوسینی بەختەوەری مرۆڤێك، ئەوە ببە بە لاستیکێك بۆ سڕینەوەی خەمو ئازارەکانی.

خانمەکەم بەڵێ بۆ تۆ... کاتێك کەسێکی بە ئەمەكو بە وەفایتو دروشمی پێکەوەبوونو پێکەوە ژیانت: (ئەگەر گوڵ نیت بۆ باخی ژیان، دڕکیش مەبە بۆ ئازاری گیان).

خانمەکەم بەڵێ بۆ تۆ... کاتێك بەرنامەڕێژیت بۆ کاتەکانت کردووەو بەشێکت تەرخانکردووە بۆ خوێندنەوە، تا مێشکتی پێ زاخاو بدەیتو بیگەیەنیتە دەوروبەرەکەت، نەك تەنها دەست بە کڵاوەکەی خۆتەوە بگری تا با نەیبات.

خانمەکەم بەڵێ بۆ تۆ... کاتێك وەك قەڵەم داریت، ئەها دیدەکەم قەڵەم دار، بۆئەوەی جوانتر بنوسێ بچوك دەبێتەوە تا لە کۆتاییدا جوانترین شت بەجێ دەهێڵێت.

خانمەکەم بەڵێ بۆ تۆ... کاتێك دەنگت بەرز ناکەیتەوەو بە هێمنی لە کۆڕی موناقەشە دەکشێیتەوە.

خانمەکەم بەڵێ بۆ تۆ... کاتێك دەزانی هەڵسوکەوتت هونەرە، چون دیدەکەم تا هەڵسوکەوتت جوانتر بێت، جێگەو پلەوپایەت بەرزتر دەبێتەوە.

خانمەکەم بەڵێ بۆ تۆ... کاتێك کەسێکی بەخشندەی، بەبێئەوەی چاوەڕێی پاداشت بیت.

چرۆ حسین

# وانەیەك لە درەختی (بامبۆ)ەوە

ڕوواندنو سەوزبوونی درەختی بامبۆی چینی، نموونەیەكی زۆرجوانە، نیشانەی هەوڵدانو خۆڕاگریو ئارامگریو بەردەوامبوونە، بامبۆ وانەیەك بە ئێمەی مرۆڤ دەڵێتەوەو فێری بەردەوامیو ئارامگرتنمان دەكات..

با پێكەوە سەرنج بدەینو بزانین چینییەكان چۆن درەختی بامبۆ دەڕوێنن:-

سەرەتا تۆوەكە دەڕوێننو بەردەوام ئاوی ئەدەنو خزمەتی دەكەنو پەیینی تێدەكەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجو تێڕامانە ئەوەیە كە ساڵی یەكەم هیچ گۆڕانكارییەك لە تۆوەكەدا ڕوونادات، ساڵی دووەمیش دووبارەو بە هەمان شێوازی ساڵی یەكەم خزمەتی تۆوی درەختەكە دەكەن، بەڵام دووبارە لە ساڵی دووەمیشدا تۆوەكە سەوز نابێت. بۆ ساڵی سێیەمو چوارەمیش هەمان كردار دووبارە دەكەنەوە، بەڵام ئەم تۆوە هەر سەوز نابێت!

چینییەكان بە ئارامگرییەكی زۆرەوە ساڵی پێنجەمیش بە هەمان شێوە ئاوی دەدەنو پەینی تێدەكەنو خزمەتی دەكەن، بەڵام ئەمجارەو جیاواز لە چوار ساڵی پێشوو درەختەكە هیوایەك بە كشتیارەكەی دەبەخشێت، لە كۆتایی ساڵی پێنجەمدا وردە وردە درەختی بامبۆ دەستدەكات بە سەوزبوون لە ماوەیەكی زۆر كەمدا كە نزیكەی شەش هەفتەیە، بەرزییەكەی دەگاتە نزیكەی ٢٧ مەتر!

یەكەم پرسیار كە لەمێشكماندا دروستدەبێت ئەمەیە:-

ئایا درەختی بامبۆ بە شەش هەفتە بەرزییەكەی گەیشتە ٢٧مەتر، یان بە پێنج ساڵ؟

بێگومان وەڵامی دروست بۆ ئەم پرسیارە پێنج ساڵە.

ئەگەر ئارامگریو سوربوونو بەردەوامیو ئاودانو خزمەتكردنی بۆ ماوەی پێنج ساڵ نەبوایە، نەك هەر گەورە نەدەبوو، بەڵكو سەوزیش نەدەبوو!

ئەمەش مانای وایە نابێت مرۆڤ وا چاوەڕوان بكات كە بە زوویيو دەستبەجێ بەرهەمی كارو ماندوبوونی بدوورێتەوە، بەڵكو زۆرجار كارەكان، ماوەیەكی زۆر ماندوومان دەكەن، بەڵام دواجار بەرهەمەكەی دەدوورینەوەو دەزانین كە ڕەنجمان بەفیڕۆ نەڕۆیشتووە!

مەرجەكانی سەركەوتن هەموو كات زۆر ئاسانن (هەوڵبدە- ئارامبگرە، بەردەوامبە، بە هیچ شێوەیەك وازمەهێنە!

دڵپاك ئەبوبەكر

هەڵسەنگاندن

# لێکدانەوەی کەسایەتیت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی یەکێك لەم وێنانەوە:-




**سەرەتا یەکێك لە وێنەکان هەڵبژێرە، پاشان لێکدانەوەکەی بخوێنەرەوە:-**

**- ئەگەر وێنەی (١) هەڵبژارد:-** ئەوا تۆ کەسێکی شیکپۆش‌و پاك‌وخاوێن‌و زیرەکی، ژیری‌و بیرکردنەوەت بەهێزەو دەتوانیت گرفتو کێشەکان چارەسەر بکەیت، هەروەها دەتوانیت بەئاسانی ناڕاست لە ڕاستی جیابکەیتەوە، ئارامی‌و پشوودان لە پێشینەی کارەکانی تۆدان، لەگەڵ ئەوەشدا حەزدەکەیت هەستو سۆزت بشاریتەوە، لایەنی هێزو توانات دەربخەیت، حەز بە دابڕان‌و تەنهایی دەکەیت.

**- ئەگەر وێنەی (٢) هەڵبژارد:-** تۆ کەسێکی بەختەوەرو بە هەڵمەتی، متمانەت بە خۆت هەیە، دەتەوێت هەمووان ئاشنابن بە سەرکەوتنەکانت، تۆ کەسێکی ژیرو قسەزانی، وەکو یارییەکی ستراتیژی بۆ ژیان دەڕوانیت، کەمێك حەز بە تەنهایی دەکەیت، هەروەکو چۆن حەزدەکەیت پشت بە خۆت ببەستیت، هەمیشە پارێزگاری لە هێمنی‌و ئارامیت دەکەیت.

**- ئەگەر وێنەی (٣) هەڵبژارد:-** ئەوا تۆ کەسێکی ڕووخۆشی، حەز بە چوونە دەرەوە دەکەیت، تا ئەندازەیەکی زۆر کەسێکی خۆبەکەمزانی‌و هەرگیز لوتبەرزو خۆبەزلزان نیت، خاوەنی ڕۆحێکی سوك‌و دەروونێکی لێبوردەی، تۆ کەسێکی بە هەڵمەتو کەم وێنەی، هەموو ڕۆژێکی نوێ بۆ تۆ جەربەزەییە، لەگەڵ ئەمانەشدا کەسێکی سەرەڕۆیتو زوو هەڵدەچی، بەڵام بە هەڵسوکەوتو ڕەفتارەکانت دەوروبەرت سەرسام دەکەیت.

**- ئەگەر وێنەی (٤) هەڵبژارد:-** تۆ کەسێکی خەیاڵاویی، بێوەی‌و سەلامەتو پاك‌وبێگەردی، گەشبینی، زیرەکیت، کارەکانت دڵسۆزانە ئەنجام دەدەیت، گرنگی زۆر بەدەوروبەرت دەدەیت، هەمیشە هەوڵدەدەیت لایەنی پۆزەتیف لەبەرامبەردا ببینیت، کەسێکی ڕووخۆش‌و لێو بەخەندەیت، هەوڵدەدەیت دەوروبەریشت وەکو خۆت ڕووخۆش‌و لێو بەخەندە بن، بەڵام کەسێکی شەرمنی، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی خەڵکی ڕووخۆشی تۆ بەدی ناکەن.

**- ئەگەر وێنەی (٥) هەڵبژارد:-** تۆ کەسێکی سەرنجڕاکێشی، بەهێزو سەرکردەی، لێوان لێوی لە وزەو تواناو سۆزو بەزەیی، هەندێجار هەستو سۆزت چەند لایەنێکی تاریك‌و ناڕوونی هەیە، تۆ هەرگیز لە ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر شکست ناهێنیت، کەسێکی بیرتیژو وریایت، بەڵام زوو توڕەدەبیتو هەڵدەچیت.

**- ئەگەر وێنەی (٦) هەڵبژارد:-** کەسێکی پاك‌و بەختەوەری، حەزدەکەیت یارمەتی هەموو کەس بدەیت، کەسێکی نهێنی پارێزیت، حەزدەکەیت دەوروبەریشت نهێنی پارێزبن، هەوڵدەدەیت بەسەر هەموو کاروبارەکانتدا زاڵبیت، حەز بە چاکسازی هەموو کۆمەڵگا دەکەیت، خەڵکی لە هاوڕێیەتیت چێژو خۆشی وەردەگرن، چونکە هەوڵ نادەیت کەسایەتییەك جگە لە کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆت نیشان بدەیت، هەمیشە وەکو سروشتی خۆت هەڵسوکەوت دەکەیت، هەموو کات هەوڵدەدەیت خۆشی‌و شادومانی بە بەرامبەرت ببەخشی.

**- ئەگەر وێنەی (٧) هەڵبژارد:-** تۆ کەسێکی بەڕێزو ئایندۆستو حەکیمی، هەرگیز لە خۆت ڕازی نیت، هەموو کات هەوڵدەدەیت باشتر بیت، هەمیشە بەدوای زانستو شارەزاییدا دەگەڕێیت، زۆربەی کاتەکانت بە خوێندنەوەو لە ناو کتێبدا بەسەردەبەیت، خەون بە باشبوون‌و چاکسازی لە خۆتدا دەبینیت، ئاشتی‌و ئارامیت بۆ هاوڕێو دۆستانتو جیهانیش دەوێت.

**- ئەگەر وێنەی (٨) هەڵبژارد:-** تۆ کەسێکی متمانەت بەخۆت هەیە، لای هەمووان خۆشەویستی، ئامادەبوونت لە کۆڕو کۆبوونەوەدا تایبەتی‌و جیاوازە لە کەسانی دی، کەسایەتییەکی قوڵت هەیە، جاروبار حەز بە هەڵگەڕانەوەی میزاجت دەکەیت، بەڵام هەر کارێك ئەنجام دەدەیت، کاریگەری لەسەر هەستەکانت هەیە، تۆ کەسێکی شوێنی دڵت دەکەویت، نەك ژیریت، لە جۆری تۆ دەگمەنە، داهێنەری، ڕێگری ناکەیت لە دەربڕینی سروشتی خۆتو بیروباوەڕت، بەهۆی بەختداریتەوە زۆربەی خەڵکی بیرۆکە نامۆکانت بە سەرنجڕاکێش دەبینن.

**- ئەگەر وێنەی (٩) هەڵبژارد:-** تۆ کەسێکی پاك‌و بێگەردی، توانای خۆگونجاندنت لەگەڵ هەموو بارودۆخەکان هەیە، حەز بە تێکەڵاوی دەوروبەرت دەکەیت، لای ئەو کەسەی نایناسیت شەرمن دەردەکەویت، بەڵام بوێرانە هەموو بیروبۆچوونەکانت دەردەبڕیتو زۆر ڕاشکاوانە مامەڵە لەگەڵ هاوڕێکانتدا دەکەیت، تۆ لەو باوەڕەدایت کە لە ژیانێکی پاك‌و بێگەردا ژیان دەگوزەرێنیت، هەندێجاریش دڵڕەقانە حوکم بەسەر بەرامبەرەکەتدا دەدەیت، لە ئەنجامی ئەوەش دەوروبەرت هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی تۆ دەدەن.

# بۆ ڕزگاربوونی وڵات پێویستمان بە پەپوسڵێمانە!

پەپوسولێمان ئەو باڵندە بچوکەیە کە لە قورئاندا شایەتی زیرەکی بۆ دراوەو مەدالیای ورەبەرزیو لێهاتوویی کراوەتە گەردنی، لەبەرئەوە بە جیاواز لە هەموو باڵندەکانی تر ناوی تۆمارەو سەرمەشقە بۆ هەموو مرۆڤە داهێنەرو خاوەن پەیامەکان، چیرۆکو دەقە قورئانییەکان گەر لە ڕواڵەتدا واتایەك بدەن ئەوە لە ناوەرۆکیاندا چەندەها واتاو نهێنی جیاواز لە نێویاندا خۆی حەشارداوە کە تەنها بە تێڕامانو وردبوونەوە دەتوانرێ دەرکیان پێبکرێت.

لێرەدا دەمانەوێت تەنها لە یەك دەروازەوە تیشکێك بخەینە سەر ئەم چیرۆکی پەپوسڵێمانەو چەند نهێنییەکی لێ ئاشکرا بکەین.

پەپوسولێمانە کە چاوی هەڵهێنا خۆی لە ناو سوپایەکی بێشوماردا بینییەوە، لە هەموو دروستکراوەکان (مرۆڤ، پەری، هەموو جۆری گیاندارو باڵندەکان) بەرپرسی سوپا کە پێشەوا سولەیمانە هەم پێغەمبەرو هەم پاشا زۆر بە تواناو لێهاتوو بە سامو هەیبەت، بە ئاگا لە هەموو جوڵەیەك، لێپرسینەوە لە هەر سەرپێچیەك، دەستخستنی هەر زانیارییەك بەزووترین کات، ئاخر دەبێت پێگەی وەها باڵندەیەك چی بێت؟ یان دەبێت ئەم چی پێبکرێت؟ تۆ بڵێی هەر لە بنەڕەتدا بوونی ئەم هەر پێویست بێت لە ناو سوپایەکی ئاوا بێ شوماردا؟ بەڵام خۆ سنوری داهێنانو گەڕان بە دوای زانستدا سنوری نییە، کەواتە دەکرێت شتێکی تر هەبێت هەم پاشاو هەم ئەم سوپا بێشومارە پەی پێنەبەن؟ کاتێك هەموو ئەم پرسیارانە ناخی بچوکیان هەژاند ئارامیان لێبڕیو چیتر نەیتوانی خۆی بگرێت، لەبەرئەوە بێئاگاداری بەرپرسی سوپا قوڵایی ئاسمانی دایەبەرو کەوتە ڕێ، بەبێ بیرکردنەوە لە هیچ سەرەنجامێك کە ڕەنگە دواتر لەناوی ببەن، چونکە ئەو بێ پرسی پادشاکەی کۆبوونەوەکەی جێهێشتووە، بەڵام سەرەنجام چی بینی؟ گەلی سەبەئی بینی کە ئافرەتێك بە ناوی بەڵقیس پاشایانەو خۆردەپەرستن، کە تا ئێستا پاشای بە توانا سولەیمان لێیان بێئاگایەو ئەوان هێشتا خودا ناپەرستن!

ئەوەی زیاتر لێرەدا مەبەستە بووترێت ڕاڤەی ئایەتەکانو گێڕانەوەی چیرۆکەکە نییە، بەڵکو گەڕانە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا، ئایا ئەم باڵندە چۆن توانی وەها کارێکی سەرکەوتوو ئەنجام بدات؟ یاخود باڵندەیەك چۆن توانی وەها گفتوگۆیەك لەگەڵ پادشاکەی ئەنجام بدات کە هەم پاشاو هەم خاوەندەسەڵاتو زانیارییە، دەرەنجام ئاڕاستەی گفتوگۆکەش بەلای پەپوسڵێماندا بشکێتەوەو ڕای پاشاکەی بگۆڕێو بەرەو لای دۆزینەوەو ئامانجەکەی خۆی کەمەندکێشی بکات.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت زۆر شت بووترێت، لێرەدا دەکرێت باس لە هەندێکیان بکرێت، سەرەتا چیرۆکەکە بەناوی باڵندەو گیاندارەوەیە، بەڵام هەموو ئاڕاستەو واتاکانی لە ناوەڕۆکدا بۆ مرۆڤە، ئەم باڵندەیە خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەت بووە کە هەر مرۆڤێك بیەوێت وەها کارێکی گەورە ئەنجام بدات دەبێت خاوەنی ئەو خەسڵەتانە بێت:-

١- باوەڕی بە تواناکانی هەبوو:- خۆی بە هیچ کەس بەراورد نەکرد، ئەگەر پەپوسولێمانە لە سەرەتاوە ئەم بەراوردانەی بکردایە:-

ا- خۆی لەگەڵ تواناو لێهاتووی پاشا سولەیمان بەراورد بکردایە!

ب- خۆی بە ژمارەو توانای سوپاکە بەراورد بکردایە!

ج- خۆی لەگەڵ باڵندەکانی دیکە بەراورد بکردایە!

ئەو کات هەرگیز نەیدەتوانی ئەو هەنگاوە هەڵگرێ، ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات، بەوەش تەنها تواناکانی خۆی پوچەڵ دەکردەوە، چونکە لە ڕاستیدا بەراوردەکان زۆر لە یەکەوە دوورن، پێشەوا سولەیمان تەنها پێغەمبەر نەبووە، بەڵکو پاشایەکی زۆر گەورەو خاوەن دەسەڵات بووە، لە هەمان کاتدا خاوەن زانست ئاگادار لە هەر جۆرە جموجوڵێك، سوپاکەشی چەندەها سەربازی بە تواناو زیرەکی وەك عیفریتی تیایە، کە لەماوەی چاوتروکاندا عەرشی بەڵقیسیان دەهێنا، لێرەدا ئەو وازی لە هەموو ئەم بەراوردانە هێنا، توانی پەی بە توانای جیاوازی خۆی ببات، کە خودای گەورە توانایەکی جیاوازو تایبەتی بەم بەخشیوە، گەر بیخاتە گەڕ ئەوە دەتوانێت کاری سەرسوڕهێنەر ئەنجام بدات.

٢- زانستو زانیاری بەکارهێنا:- کە گەشتە وڵاتی سەبەء زۆر بە وردی لە زانیارییەکانی کۆڵییەوە تا بۆی دەرکەوت کە خەڵکی ئەم وڵاتە چی دەکەن، خەریکی چین؟ کێ سەرۆکیانە بەم وردەکارییانەوە گەڕایەوە بۆ لای حەزرەتی سولەیمان، بۆیە پەپوسڵێمانە لە کاتی لێپرسینەوەدا زۆر بە جورئەتو ئازایانەوە هەواڵەکەی گەیاندو قسەی لە سەر کرد، چونکە پشت ئەستور بوو بە ڕاستی زانیارییەکانی، مرۆڤ کاتێك توانی پڕ زانیاری بێت جورئەتو ئازایاتی پەیدا دەکات، مێژوو پڕە لە داستانی ئەو کەسانەی کاتێك زانیارییەکی نوێیان دۆزیوەتەوە چۆن ئازایانە گەیاندویانە، لە کاتێکیشدا کە خەڵك بە ڕوویاندا وەستاونەتەوە، ئەوان ئازایانە بەرگرییان لە ڕاستی دۆزینەوەکانی خۆیان کردووە، کەسانی خاوەن زانست زانیاری هەمیشە ئاکارو تەیان کاریگەرترەو زووتر دەتوانن بیروڕاکانی خۆیان بگەیەننو بیروڕای ئەوانی تر بگۆڕن.

٣- زیرەكو خاوەنی دەركو هۆشیارییەکی بەهێزبوو:- پەپوسڵێمانە زووتر هەستی بەوەکرد کە دەکرێ کۆمەڵێك ڕاستی

تر هەبــن کە ئەم هەموو بلیمەتە هێشــتا پەییان پێ نەبردبێت، ئەمــەش وای لێکــرد زوو بە دووای ئەو نهێنیــەدا بگەڕێو خێرا سوود لەو دەرفەتە وەرگرێو دۆزینەوەکەی خۆی بکاتە داهێنانێکی گەورەو ســەرنجی هەمووان بۆ لای خۆی ڕاکێشــێ، بە ڕادەیەك لە قورئانیشدا تۆمار بکرێت.

٤- ورەی بەرزوو گەشبین بوو:-

أ- گەشــبینی ورەبەرزبوو بەوەی کە ئەم دەتوانێت کارێکی بە سوودو داهێنانکارانە ئەنجام بدات، لەم پێناوەشدا هەوڵەکانی خۆی بە تەواوی خستە گەڕ.

ب- پەپوســولێمانە کاتێــك دەڕوات، دەیزانــی کــە دێتــەوە ڕووبەڕووی وەها لێپرســینەوەیەکی توند دەبێت لە بەردەم سوپاو پێشــەوا ســولەیماندا، بــە دڵنیاییەوە ئەو زۆرتر گەشــبین بووە بــەوەی کە کۆتایی ئەم گفتۆگۆیە بە قازانجی خۆی دەشــکێتەوە، ئەمەش وای لێکرد کە زۆر بە ورەیەکی بەرزەوە بڵێ: (ئەوەی من پێــم زانیوە تۆ پێت نەزانیوە، من لە وڵاتی ســەبەئەوە هەواڵێکی ڕاستو دروستم بۆ هێناویت)!

٥- ئامانجێکــی گەورەی هەڵگرتبوو:- لێرەدا پەپوســولێمانە دەیەوێ گەلێك لە گومڕاییو تاریکی ڕزگار بکاتو بانگیان بکات بۆ یەکتاپەرســتی، جا لە پێناوی وەهــا کارێکدا گەر لەناویش بچێت، ئەوە هەر بە قازانجی ئەو کۆتایی دێت، بۆیە لە پێناوی ئامانجێکی وەها مەزندا کۆمەڵێك کاری قورسو سەرکەشی ئەنجامدا، لەوانە:-

١- لە یاســاو ڕێکخســتنی ســوپاکە دەرچوو:- ســوپا بە پێی سروشــتی خۆی خاوەنی کۆمەڵێك یاساو لێپرسینەوەی توندوتۆڵە، گرنگــە لێرەدا پرســیار بکرێت بۆ پەپوســولێمانە بێ پرس وەها کارێك ئەنجام دەدات..

٢- بە تەنها  شینایی ئاسمانی دایەبەر.

٣- بەرپرســیارێتی ئەم کارەی لە ئەســتۆگرتو دواتر هاتەوە بەردەم فەرماندەی ســوپاوە، دەبێت چەندە گرفتو پرســی گەورە هەبێت؟ دەبێت چەند وڵاتی سەبەء هەبێت؟ دەبێت چەند خەڵکی ســەرگەردان هەبێت؟ کــە ئاواتەخوازی یــەك دەرفەتی بچوك بن بــۆ ڕزگاربوونییان،  پەپوســلێمانکەکانی وڵاتەکــەم، خێرا خۆتان دەرخــەن، چاوەڕێی هیچ مەبن، دڵنیابن دەتوانن ســەرکەون تەنها دەستپێبکەن!

سەرچاوە:- سورەتی سبأ.

شیرین نەجمەدین



# ئەو منداڵە بێ باوکانەی ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕی!

## پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (١٦٤ - ٢٤١)کۆچی

بەرزان ئەبوبەکر



پێشەوا ئەحمەد لە بەهاری ساڵی (١٦٤) کۆچیدا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، هەر لە تەمەنی منداڵیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات، دوور لە سۆزو ئامێزی باوکی لەگەڵ دایکیدا ژیان دەگوزەرێنێت، لەو سەردەمەدا کارکردنو پەیداکردنی بژێوی، بەتایبەت بۆ ئەو منداڵانەی باوکیان ماڵاوایی لە ژیان کردووە، نەریتێکی ئاسایی بووە، بەڵام دایکی پێشەوا لە بری ئەوەی منداڵەکەی ئاڕاستەی بازاڕ بکات بۆ پەیداکردنی پارەو سامان، ئاڕاستەی مزگەوتی دەکات بۆ پەیداکردنی زانستو زانیاری، پێشەوا هەر لە تەمەنی منداڵیدا تەواوی قورئانی پیرۆز لەبەردەکات، لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا دەستدەکات بە خوێندنی زانستی فەرموودەو لەبەرکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (سەلامی خودای لێبێت)، لە تەمەنی(٢٠) ساڵیدا دەستدەکات بە گەشتی زانستی، لە پێناو بەدەستهێنانی زانستو زانیاریدا چووەتە شارەکانی (کوفەو مەککەی پیرۆزو مەدینەی منەوەرەو شامو وڵاتی یەمەن)، پاشان گەڕاوەتەوە شاری بەغدادو لە ساڵانی (١٩٥- ١٩٧) بووەتە قوتابی پێشەوا شافیعی، لە گەورەترینو زیرەکترینو ناودارترین قوتابییەکانی پێشەوا شافیعی بووە، هەروەها زانستی لە زاناو پێشەوایانی عێراق وەرگرتوە لەوانە:- (ئیبراهیمی کوڕی سەعیدو سوفیانی کوڕی عەیینەو یەحیای کوڕی سەعیدو یەزیدی کوڕ هارونو ئەبو داودی تەیالیسیو وەکیعی کوڕی جەڕاحو عەبدوڕەحمانی کوڕی مەهدی)، دوای ئەوە بووەتە موجتەهیدو خاوەنی مەزهەبێکی سەربەخۆو پێشەوای فەرموودەناسان.

موسنەدەکەی زیاتر لە چل هەزار فەرموودەی لەخۆگرتووە، پێشەوا ئەحمەد خاوەنی زاکیرەیەکی بێ وێنەو بەهێز بووە، شافیعی لە بارەیەوە دەڵێت: هیچ کەسم لە بەغداد بەجێنەهێشتووە بە ئەندازەی پێشەوا ئەحمەد فەقیهو دونیا نەویستو خۆپارێزو زاناو خاوەن زاکیرەیەکی بەهێز بێت.

پێشەوا ئەحمەد کەسێکی زۆر ئارامگرو خاوەن ئیرادەو خاوەنی بۆچوونی دروستو بەڵگەی بەهێز بووە، لە وتنی حەقو ڕاستی بەرامبەر خەلیفەکانی ئەو سەردەمە زۆر ئازاو بوێر بووە، لەسەردەمی خەلیفە مەئموندا لە ساڵی (٢١٢) کۆچی، ناکۆکی سەبارەت بە (خلق القران) ڕوویدا، کە بیروباوەڕی موعتەزیلەکان بووە، ئەو کات فەرمانی خەلافەت دەرچوو کە هەر کەس دان نەنێت بەو بابەتەدا ئەوا سزا دەدرێتو لە کارو فەرمانو پێشەی دەوڵەت دووردەخرێتەوە، هەروەها دووچاری لێدانو زیندان دەبێت..

پێشەوا ئەحمەد بە توندی بەرپەرچی دانەوەو دانی بە بیرۆکەکەیاندا نەنا، وەکو چیایەکی بەهێزی خۆڕاگر بە ڕوویاندا وەستایەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە وانە وتنەوە دووریان خستەوەو سزایان داو زیندانیان کرد تا ساڵی (٢١٨)ی کۆچی، تا ئەو کاتەی خەلیفە مەئمون کۆچی دوایی کردو براکەی موعتەسەم بووە خەلیفە، ئەویش بە هەمان شێوەی خەلیفە مەئمون پێشەوا ئەحمەدی زیندانی کردو فەرمانی کرد ڕۆژانە بە قامچی لێی بدەن، تا لە هۆش خۆی دەچێت، سزای خەلیفە موعتەسەم بۆ پێشەوا ئەحمەد ماوەی (٢٨) مانگ بەردەوام بوو، یەکێك لە جەلادەکان دوای ئەوەی پەشیمان بووەوە دەیگوت: (٨٠) جەلدم لە ئیمام ئەحمەد داوە، ئەگەر لە فیلم بدایە بێگومان دەکەوت.

### ئارامگری پێشەوا ئەحمەد:-

خەلیفە موعتەسەم گفتوگۆیەکی بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ سازکرد، لەگەڵ تەواوی زاناو پسپۆڕانی ئەو کاتە سەبارەت بە ڕووداوی (خلق القران)، پێشەوا ئەحمەد بە بەڵگەی زۆر بەهێزو دەرخستنی ڕاستیو دروستی بۆچوونەکانی دەیگوت: من کەسێکم زانستێك فێربووم کە هیچ کەس لەو بوارەدا لە من شارەزاتر نییە، بەڵگەیەکم لە قورئانو سوونەتدا بدەنێ، تا منیش دان بە بیرۆکەکەتاندا بنێم.

هەموو جارێك کە زۆریان بۆ دەهێنا، کە دان بنێ بەبیرۆکەکەیاندا دەیگوت: چۆن شتێك بڵێم کە نەگوتراوە؟!

خەلیفە موعتەسەم دەیگوت: ئەحمەد توڕەمان دەکەیت. قازی بە خەلیفەی گوت: جەنابی خەلیفە فەرمان بدە بیکوژن، تا لە دەستی ئەم کافرە ڕزگارمان بێتو ئیسراحەت بکەین.

خەلیفە موعتەسەم وتی: پەیمانم داوە بە شمێر نەیکوژم، فەرمانیش نەکەم بە شمشێر بیکوژن، وەزیرو قازییەکەی پێیان گوت: فەرمان بکە بە قامچی لێی بدەن.. موعتەسەم فەرمانی کرد جەلادەکان ئامادە بن، بە یەك لەوانی گوت: بە چەند قامچی دەتوانی بیکوژیت؟ وتی: بە (١٠) قامچی، وتی لێیدە، بە لێدانی قامچییەکان پێشەوا

تەواوی جلوبەرگەکانی لەبەردا شڕو شیتاڵ بوو، بە چاوی پڕ لە گریانەوە دەیگوت: خودایە عەورەتم بپارێزە، دوای ئەوەی پێشەوا بەرگەی قامچییەکانی جەلادەکەی گرت.. موعتەسەم فەرمانی کرد جەلادی دیکەی بۆ بانگ بکەن، فەرمانی کرد لێی بدەن.. لەگەڵ وەشاندنی قامچی یەکەم پێشەوای خۆڕاگرو بە ئیمان وتی: بسم اللە.. کاتێك قامچی دووەمیان لێدا، وتی: لاحول ولاقوة إلا باللە.. کاتێکیش قامچی سێیەمیان لێدا فەرمووی: قورئان کەلامی خوای گەورەیەو مەخلوق نییە، لەگەڵ قامچی چوارەمدا ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (قل لن یصیبنا إلا ما کتب اللە لنا).

بەو شێوە بێبەزەییانە جەلادەکان (١٩) قامچییان لێدا، دواتر موعتەسەم لەوە زیاتر نەیتوانی خۆی ڕابگرێت هەڵساو وتی: ئەحمەد خۆت دەکوژی! سوێند بەخوا من بەزەییم پێتدا دێتەوە، دەسکی شمشێرەکەی لە سنگی توندکردو وتی: دەتەوێت بەسەر هەموو ئەو زانایانەدا سەربکەویت!! هەندێك لە ئامادەبووان دەیانگوت: واوەیلا بۆ تۆ ئەحمەد، خەلیفە لەسەر سەرت ڕاوەستاوە، هەندێکی تریان دەیانگوت: جەنابی خەلیفە فەرمان بدە بیکوژن من خوێنەکەی دەدەم، هەندێکی دیکەیان دەیانگوت: جەنابی خەلیفە ئەو بەڕۆژووەو تۆش لەبەر خۆردا ڕاوەستاوی، مەبەستیان بوو کۆتایی بە سزادانەکەی بهێنن، هەندێکی دیکە گوتیان: بەڵات لێدا ئەحمەد چی دەڵێی: پێشەوا هەروەکو یەکەمجار گوتی: بەڵگەیەکم لە قورئانو سووننەتدا بدەنێ، تا منیش دان بە بیرۆکەکەتاندا بنێم.

پاشان خەلیفە دانیشتەوەو جەلادەکانی بانگ کردەوە، فەرمانی کرد لێی دەن تا برسی دەبێتو بەرگە ناگرێت.. جەلادەکان لێیان دا تا دووبارە لە هۆش خۆی چوو، کاتێك هۆش خۆی هاتەوە کۆتو پێوەندەکەیان لە دەستەتو قاچی کردەوە، خواردنیان بۆ هێنا، وتی: ناخۆمو ڕۆژووەکەم ناشکێنم.. (سڵاو لەو پاڵەوانە بەرگەی ئەو هەموو سزایە دەگرێت، بە سکی برسیو گەرووی وشکو زمانی بەڕۆژووەوە)!!

پێشەوا دەڵێت: پاش تەواوبوونی سزاو دانیشتنەکەیان هەرچۆنێك بێت چووم بۆ ماڵی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم لەوێ نوێژی نیوەڕۆم کرد، پێیان گوتم: نوێژ دەکەیت لە کاتێکدا جلەکانت خوێنی لێ دەتکێ؟ وتم: پێشەوا عومەر نوێژی دەکردو برینەکەی خوێنی لێ دەچۆڕا!!

کاتێك زانیان هیچ شتێك پێشەوا ئەحمەد لە بیروباوەڕە دامەزراوو بەهێزەکەی پاشگەز ناکاتەوە، ئازادیان کردو ڕێگەیان دا دووبار بگەڕێتەوە سەر وانە وتنەوە، تا کۆچی دوایی خەلیفە موعتەسەم لە ساڵی (٢٢٧) کۆچی، واثق باللە بووە خەلیفە، دووبارە لەسەردەمی واثقدا پێشەوا ئەحمەد دووچاری دەردەسەریو ناڕەحەتی بووەوەو ڕێگەیان نەدەدا پێشەوا تێکەڵاوی خەڵکی ببێتو وانە بڵێتەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ، تا ئەو کاتەی خەلیفە واثق باللە لە ساڵی (٢٣٢) کۆچی دوایی کرد، متەوەکل خەلافەتی گرتە دەست، خەلیفە متەوەکل پێچەوانەی خەلیفەکانی پێش خۆی (مەئمونو موعتەسەمو واثق) دژی ئەو بۆچوونە بوو کە دەیانگوت: قورئان مەخلوقە، خەلیفە فەرمانی کرد گرنگیدان بە زانستی فەرموودەو دەرخستنی سووننەتو لەناوبردنی بیرۆکە هەڵبەستراوەکانو ڕووناککردنەوەی سەردەمەکەی بە زانستو زانیاریو هەڵگرتنی ئەو ناڕەحەتییەی لەسەر دەروونی خەڵکییەو گێڕانەوەی ڕێزو شکۆمەندی تایبەت بۆ پێشەوا ئەحمەدو تەنانەت فەرمانی زیندانکردنی ئەو کەسانەشی دا کە دەڵێن قورئان مەخلوقە.

### لە قوتابییە ناودارەکانی پێشەوا ئەحمەد:-

(محەممەدی کوڕی ئیسماعیل ناسراو بە بوخاری، موسلیمی کوڕی حەجاجی نەیسابوری، ناسراو بە موسلیم، ئەبوداودو چەندین قوتابی دیکە..).

### ماڵاوایی پێشەوا ئەحمەد:-

دواجار پێشەوا ئەحمەد لە ڕۆژی هەینی لە ساڵی (٢٤١) کۆچی لە تەمەنی (٧٧) ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کردو چاوەکانی بۆ هەمیشە لێکناو دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.. لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی ئەم پێشەوا ناودارەدا، شەقامەکانی شاری بەغداد لێوان لێوو بوون لە قوتابیو شوێنکەوتووانی، بە جۆرێك مێژوونووسان دەڵێن زیاتر لە سەد هەزار پیاوو شەست هەزار ئافرەت ئامادەی بە خاکسپاردنی پێشەوا ئەحمەد بوون.. ئەو ژمارەیە بۆ ئەو سەردەمە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بووە..

### سەرگوزشتەیەك لە ژیانی پێشەوا ئەحمەد:-

هەر دوو پێشەوایان (شافیعیو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) لە یەك سەردەمدا ژیاونو زۆر یەکتریان خۆشویستووە، بە جۆرێك پێشەوا ئەحمەد بێ گوێدانە ناڕەحەتی ڕێگاو دووری نێوانیان لە عێراقەوە سەردانی میسری کردووە، بۆ بینینی پێشەوا شافیعی.. لە یەکێك لەسەردانەکانیدا بۆ لای پێشەوا شافیعی، دوای نوێژی ئێوارە دەگاتە میسر، حەزناکات لەشەودا لە دەرگای ماڵی پێشەوا شافیعی بدات، لەبەرئەوە ڕوودەکاتە مزگەوتێکو چاوەڕوانی نوێژی خەوتنان دەکات، پاش تەواوبونی نوێژ پێشەوا دەیەوێت ئەو شەوە لە مزگەوتدا بمێنێتەوەو بۆ بەیانی بڕوات بۆ دیداری پێشەوا شافیعی، بەڵام لە ناکاو مجەوری مزگەوتەکە خەیاڵەکەی دەپچڕێنێو پێی دەڵێت: دەبێت بڕۆیتە دەرەوە، چونکە مزگەوتەکە دادەخەم، مجەور نایناسێو نازانێت چ زانایەکی پایە بەرزە، پێشەوای خۆبەکەمزانیش خۆی ناناسێنێتو دەڕواتە دەرەوە، لە بن دیواری مزگەوتەکە دادەنیشێت، کاتێك مجەورەکە دێتە دەرەوە بن دیوارەکەشی پێ ڕەوانابینێو پێی دەڵێت: مەگەر تۆ تێناگەیت، هەڵسەو بڕۆ ئێرە جێبهێڵە، لەو کاتەدا نانەوایەك لە نزیك مزگەوتەکە دەیانبینێت، بانگی مجەورەکە دەکاتو دەڵێت: وازی لێبێنە با ئەو میوانە بێت بۆ دووکانەکەی من، پێشەوا دەڕوات بۆ دووکانی نانەواکە، کاتێك لە لای نانەواکە دادەنیشێت، دەبینێت نانەواکە بە دەستەکانی سەرقاڵی هەویر شێلانە، بە زوبانیشی بەردەوام یادی خودا دەکات، پێشەوا لێی دەپرسێت: لە کەیەوە بەمشێوەیە یادی خودا دەکەیت؟

نانەواکە دەڵێت: ماوەی بیست ساڵە.

پێشەوا پرسی: ئایا زیکرو یادی خودا بەو شێوە زۆرە هیچ بەرهەمێکی بۆت هەبووە؟ نانەواکە وتی: هەر داوایەکم کردبێت خودای گەورە پێی بەخشیوم، تەنها یەك نزا نەبێت، ئەوەش چاوەڕوانی بەدیهاتنی دەکەم، پێشەوا گوتی: دەتوانم بپرسم ئەو نزایە چییە؟

نانەواکە وتی: ئاواتم ئەوەیە بە دیداری ئەحمەدی کوڕی حەنبەل شاد ببم!

پێشەوا لەوە زیاتر خۆی پێنەگیراو وتی: کەواتە ئەو نزایەشت قبوڵ بوو، ئەو کەسەی ئێستا میوانی تۆیە (ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە)!!

نانەوا لە خۆشیدا نەیدەزانی چی بکات، زۆر بەپەرۆشەوەو بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە باوەشی پێداکردو تێر ماچیکرد، پاشان وتی: بفەرموو با دوکانەکە دابخەینو بەرەو ماڵ بڕۆین تا میوانداریت بکەینو خزمەتت بکەین..

پێشەوا گوتی: لە عێراقەوە هاتووم بۆ میسر بۆ سەردانی پێشەوا شافیعی، هەرگیز پێش ماڵی بەڕێز شافیعی بۆ هیچ ماڵێکی دیکە ناچم.. سەیری ئەو خۆشەویستیو وەفادارییە بکە، لەو کاتەدا کە لە مزگەوت دەردەکرێو شوێنێك شك نابات بۆ حەوانەوەو ناشیەوێت لە شەودا لە دەرگای پێشەوا شافیعی بدات، لە هەمان کاتدا نایەوێت پێ بخاتە ماڵی هیچ کەسێکەوە، پێش ئەوەی سەردانی ماڵی پێشەوای هاوڕێی بکات!!



جەلال عەبدوڵا حاجی

# ڕۆژی جیهانی ژینگە..

ڕۆژی (٥)ی حوزەیران دیاریکراوە وەك ڕۆژی جیهانی ژینگە، وڵاتانی دونیا لەم ڕۆژەدا ئاهەنگ دەگێڕن بۆ زیندووکردنەوەی یادی یەکەم کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تایبەت بوو بە ژینگەی مرۆیی، لە شاری ستۆکهۆڵم پایتەختی وڵاتی سوید، لە (٥-١٦) حوزەیرانی ١٩٧٢، لەم ڕۆژەدا ڕێکخراوەکە بڕیاریدا بە دروستکردنی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ژینگە (UNEP United Nations Environment Program)، ڕێکخراوەکە بۆ هەرساڵێك ناونیشانێك هەڵدەبژێرێت لە پێناو پاراستنی ژینگەدا، لە هەمان کاتدا دەبێتە تەوەرێکی سەرەکی لە کۆنگرەو کارو چالاکییەکاندا، لە پێناو باشترکردنی ژینگەو دابینکردنی پێداویستییەکان بۆی، گەورەترین کێشەیەك کە دووچاری مرۆڤایەتی بووە کێشەی پیسبوونی ژینگەیە بەشێوەیەکی ناسرووشتی، ئایا مرۆڤ دەبێت چی بکات لە بەرامبەر ئەم مەترسییە گەورەیەدا؟!

دروشمی ڕێکخراوەکە بۆ ساڵی ٢٠٠٩ (هەسارەکەمان پەنامان بۆ دێنێ).

دروشمی ڕێکخراوەکە بۆ ساڵی ٢٠١٠ (فرەچەشن، یەك هەسارە، هەمان چارەنووس).

دروشمی ڕێکخراوەکە بۆ ساڵی ٢٠١١ (دارستانەکان، سرووشت لە خزمەتتاندایە).

دروشمی ڕێکخراوەکە بۆ ساڵی ٢٠١٢ (ئابووری سەوز، ئایا تۆ دەگرێتەوە؟).

دروشمی ڕێکخراوەکە بۆ ساڵی ٢٠١٣ (بیربکەرەوە – بخۆ – بەرهەمبێنە (زیادی بکە)).

ڕۆژی جیهانی ژینگە هەر ساڵەو لە شارێکی دیاریکراودا دەکرێت، بە دروشمێکی گەورەو دروشمی بچوکتر تایبەت بە هەر ناوچەو وڵاتێك، لە زۆر وڵاتدا ئەم ڕۆژە گرنگی تایبەتی پێدەدرێتو سەرۆکی وڵاتانو سەرۆکی پارتەکان، وەزیرەکانو وەزارەتی ژینگە بەشداری دەکەن لەو کارو چالاکییانەدا. هانی خەڵکی دەدەن، لەپێناو پاراستنی ژینگەدا کۆمەڵێك ئاهەنگو چالاکی لەخۆ دەگرێت، خوێندنگەکانیش کارو چالاکی تایبەت دەکەن، لەگەڵ هەڵمەتی ڕواندنی نەمامو گرنگیدان بە درەختەکان، کۆکردنەوەی خۆڵو خاشاك، کارکردن بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی کەرەستەی بەکارهاتوو لەگەڵ چەندین چالاکی تر.

ژینگەی پیسبوو ڕەنگە لە سەرەتادا کێشەی چەند ناوچەو هەرێمێك بووبێت لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا، بەڵام لە ئەنجامی کەمتەرخەمی ئەم وڵاتانەوە کێشەکە بوو بە کێشەیەکی جیهانیو ئەگەر مرۆڤ بەمشێوەیە بەردەوام بێت لە کەمتەرخەمی بەرامبەر ژینگە، ئەوا گرفتی پیسبوونی ژینگە گەورەترین کێشەی مرۆڤە لە داهاتوودا لەسەر ڕووی زەوی، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، ئێمە یەك هەسارەمان هەیە، بۆیە هەرمەترسییەك ڕووی تێبکات هەموومان دەگرێتەوە، هەر یەکێك لە ئێمە بەرپرسین لەم کێشە گەورەیە دەبێت هەست بە بەرپرسیارێتی بکەینو نەهێڵین ژینگەی ئەم هەرێمە لەوە زیاتر ناخاوێن بێت.

لە ڕووی جوگرافییەوە ژینگەی وڵاتان لە ڕێگەی هەواو ئاوەوە بە یەکترییەوە بەستراونەتەوە، ناتوانین ڕێگری بکەین لە جوڵەی هەواو ئاوی پیسبوو لە کیشوەرێکەوە بەرەو کیشوەرێکی تر بڕوات، هەروەها باڵندەو ماسییەکانو گیانەوەران هەڵگری ماددەی پیسبوون، یان لە ڕێگەی خۆراکی پیسبوو دەگوێزرێتەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، هیچ دەسەڵاتێکمان نییە بەسەر ئاسمانی زەویدا، گازەکان بەرز دەبنەوە لەگەڵ چینی ئۆزۆن کارلێکدەکەنو دەبنە هۆی تەنکبوونو کونبوونی چینی ئۆزۆن، ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنە ناوەوەی تیشکی زیانبەخشی سەرو وەنەوشەیی، تیشکێکە زیان دەگەیەنێت بە گەشەی خانەی ڕووەكو گیانلەبەرانو مرۆڤ.

نەتەوەیەکگرتوەکانو وڵاتانو وەزارەتو ڕێکخراوەمەدەنییەکانو ئەوانەی کە گرنگی بە بواری ژینگە دەدەن، هەوڵدەدەن بنەمایەك دابنێن بۆ دیاریکردنی سنورێك بۆ پیسبوونی ژینگە بە هەموو جۆرەکانییەوە.

- دەبێت ڕۆشنبیری پاراستنی ژینگەی مرۆیی بڵاوبکرێتەوە، بۆئەوەی هۆشیاری هەمووان بەرزببێتەوە بەرامبەر مەترسی پیسبوونی ژینگە لەسەر مرۆڤو هەواو ئاوو زەوی.

- ڕێزگرتن لە یاسا کەونییەکان کە خوای گەورە دایناون، هەر هەوڵێك بۆ تێکدانیو لادان لێی کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ.

- پێویستە کۆمەڵە یاسایەك دەربکرێت بۆ وڵاتانو پابەند بن پێوەی، هەر وڵاتێك سەرپێچی کرد سزابدرێت.

- هەڵمەتی ڕواندنی نەمام زیاد بکرێت بەتایبەت ئەوانەی ئاودێرییان پێویست نییە، ئەو ڕووەکانەش کەم بکرێتەوە کە ئاوی ژێرزەوی هەڵدەمژن.

-هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بۆ خاوێنڕاگرتنی کوچەو کۆڵانەکانو زیادکردنی هەڵمەتی پاكو خاوێنی، گەلێك کاری گرنگی تر.

36



38




39



41



42



43



## پەروەردە



# قەزافی (1942 - 2011)

**مەبەست لە باسکردنی ژیانی ستەمکاران چییە؟**

بێگومان بۆ بیرخستنەوەو یادهێنانەوەو پەندوەرگرتنە، بۆئەوەی هەمووان بزانین سەرەنجامی ستەمو ستەمکاران درەنگ یان زوو، هەمان چارەنووس چاوەڕێیان دەکات، خۆشبەختی بۆ ئەو سەرکردەیەی ژیانی سەرکردە دادپەروەرەکانی پێش خۆی دەکاتە سەر مەشقو چاو لە باشەکانیان دەکاتو لە دڵی میللەتەکەیدا جێگەی خۆی دەکاتەوەو لە سیفەتی سەرکردە ستەمکارەکان خۆی بەدووردەگرێت.. ئەو کات مێژوو لە پاش خۆی لە بری ئەوەی بە ناونیشانی چارەنووسی ستەمکاران چیرۆکو ژیانیان بنووسێتەوە، بە ناونیشانی دادپەوەرو خەمخۆری نەتەوەکانیان چیرۆکی ژیانیان تۆماردەکاتو بە نموونە بۆ سەرکردەکانی دوای خۆیان دەهێنرێتەوە..

لەم ژمارەیەدا باس لە قەزافیو چارەنووسی دەکەین، قەزافی یەکێك لەو سەرکردە ستەمکارانەی پەندی لە کۆتایی هاتنی ژیانی ستەمکارانی پێش خۆی وەرنەگرت، هەرلەبەرئەوەش لێرەدا بەناونیشانی چارەنووسی ستەمکاران باس لە ژیانی دەکرێت، بۆئەوەی سەرکردەکانی دوای ئەو لە سەرتانسەری جیهاندا بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەند پەندی لێوەربگرن..

قەزافی لە ٧ یونیوی ساڵی ١٩٤٢ لە دایکبووە، لە تەمەنی لاوێتیدا لە ڕیزەکانی سوپادا کاری کردووەو ئەفسەرێکی لێهاتوو بووە، هەر لەو سەردەمەدا بیری لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کردووەتەوە، کە ئەو کات حوکمڕانی وڵاتەکەی سیستەمی پاشایەتی بوو، لە ڕێگەی هەڵگەڕانەوەیەکی سەربازییەوە لە ساڵی ١٩٦٩ توانی ئیدریس پاشا لەسەر کار لاببات‌و ببێتە سەرۆکی وڵات، تا ساڵی ١٩٧٧، ئەو کاتە بە فەرمی دەستی لە پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی لیبیا هەڵگرتو پۆستی سەرۆکی کۆماری لیبیای بە خۆی بەخشی، قەزافی وەك هەموو دیکتاتۆرەکانی دونیا بە تەنها نازناوو پۆستێك ڕازی نەبوو، بەردەوام لە هەوڵی زیادکردنی پۆستو دەسەڵاتیدا بوو، بۆ وێنە لە ساڵی (٢٠٠٨) کۆنگرەیەکی بەست بۆ سەرکردەکانی وڵاتانی ئەفریقا، نازناوی پاشای پاشاکانی ئەفریقاو بەرگریکاری وڵاتانی ئەفریقای پێبەخشرا، هەروەها بووەتە سەرۆکی یەکێتی ئەفریقا لە ٢٠٠٩/٢/٢ تا ٣١/یەنایری ٢٠١٠..

قەزافی دەستوری ساڵی ١٩٥١ لیبیای گۆڕی، بۆ بیروباوەڕی سیاسی، بەناونیشانی بیردۆزی جیهانی سێیەم، لە کتێبی سەوزدا بڵاوی کردەوە.

**ئابوری لیبیا لە سەردەمی قەزافیدا..**

قەزافی توانی تا ڕادەیەکی باش ئابوری لیبیا ببوژێنێتەوە، بە بەرزکردنەوەی نرخی نەوتو ناردنەدەرەوەی ڕێژەیەکی زۆری نەوتو بەرزکردنەوەی داهاتی تاك لە ڕێگەی بەرنامەی سەرپەرشتیاری کۆمەڵایەتی.. لە ڕاستیدا لیبیا بەرزترین پێوانەی بە بەراورد بە دەوڵەتانی دیکەی ئەفریقا تۆمار کرد.. بە ئەندازەیەك لیبیا هیچ قەرزێکی دەرەکی لەسەر

نەما.. ئەمە لە كاتێكدا بوو بەشێكی كەمی لە داهاتی نەوت بۆ خزمەتی گەلەكەی تەرخان كردبوو، بەڵكو زۆرینەی سەروەتی وڵاتەكەی بۆ ڕەفاهییەتی ژیانی خۆیو پڕكردنی بانكەكانی جیهان لە پارەو سامان بە ناوی خۆیەوەو مەلایین دۆلاریشی بۆ تێركردنی حەزو ئارەزووی خۆیو منداڵەكانی خەرج دەكرد.. هەڵسو كەوتو نەریتو ڕەفتاری هەروەكو دیكتاتۆرو ستەمكارەكانی دونیا بوو، قەزافی سەرەتا بە ناوی شۆڕشو خزمەتەوە خۆی دەرخست، بەڵام دواجار دەركەوت كە بۆ پارەو دەسەڵاتو تێركردنی حەزەكانی تێدەكۆشێت..

**ئاكارو ڕەوشتی قەزافی:-**

بە پێی سەرجەم بەڵگەنامەكانو شاهیدەكان قەزافی هەمیشە بە دوای تێركردنی لایەنی سێكسیەوە بووە، كەسێكی هەوەس بازو شەهوانی بووە، تەنانەت دەستی لە خوێندنگەكانیش نەپاراستووە، زۆرجار كچانی ناكامڵییان بۆ بردووەو وەحشیانە ڕەفتاری لەگەڵدا كردوون، دەرمانی بەهێزكردنی لایەنی سێكسی بەرێژەیەكی زۆر بەكارهێناوە، زۆرجارو بێ ئاگاداركردنەوە سەردانی قوتابخانەی كچانی كردووە، تا ئەو كەسەی دەیەوێت لە ڕێگەی پیاوە تایبەتیەكانییەوە بۆی ببەن بۆ كۆشك..

قەزافی ئاواتێكی سەرشێتانەی هەبووە، چێژی لە كوشتنو سزادانی سەختی بەندكراوانو دەستدرێژی سێكسی بۆ سەر هاوڵاتییەكانی خۆی بینیوە.. تەنانەت زۆرینەی پاسەوانە تایبەتەكانی كچ بوون، گەر ژیانی هەر یەك لە پاسەوانەكانی بخوێنیتەوە دەزانیت ئەم كارەی بۆ چ مەبەستو مەرامێكی گڵاوانە بووە!

**لە ڕووی سەربازییەوە:**

لە كۆتایی هەشتاكاندا قەزافی توانی ببێتە خاوەنی چەكی كیمیاوی، لیبیا بە دەوڵەتێكی ڤێزەون ناسرابوو لە لایەن دەوڵەتانی جیهانەوە، لەبەرئەوە لەلایەن زۆرێك لە وڵاتانەوە سزای بەسەردا سەپێنراوە.. دوای شەش ڕۆژ لە دەستگیركردنی (صدام حسین) لە ساڵی «٢٠٠٣» قەزافی ڕەزامەندی نیشان دا بە پشكنینی بەرنامەی چەكە كیمیاوییەكانی لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە، بۆ پەیوەستبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەكانەوە..

**لە ڕووی ئاینییەوە:-**

قەزافی دژایەتییەكی سەرسەختانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی دەكرد، كە ئاینی زۆرینەی دانیشتوانەكەی بوو، قەزافی زانكۆ ئیسلامییەكانی وڵاتەكەی داخست، هەر بابەتێك پەیوەندی بە ئاینەوە هەبێت لە نێو پرۆگرامەكانی خوێندندا لایبرد، گوشاری زۆری خستە سەر فێربوونی قورئانو ڕێگەی نەدەدا وانەی فێربوونی قورئانی پیرۆز بوترێتەوە، نكوڵی فەرمودەكانی پێغەمبەری (سەلامی خوای لێبێت) دەكرد، بە جۆرێك ڕێگەی نەدەدا وتاربێژەكان لە وتارەكانی ڕۆژی هەینیدا بەڵگە بە فەرمووده بهێننەوە، زیندانەكانی پڕكردبوو لە بانگخوازانو زانستخوازانی ئاینی، قوتابییە كچەكانی ناچار دەكردبە جلوبەرگی كورتەوە بڕۆن بۆ خوێندنگە.. هەموو ڕێگەیەكی گرتبووە بەر، بۆ سڕینەوەی ئاین لە وڵاتەكەیدا..

بەڵام ئایا توانی ئاواتەكە بهێنێتە دی؟

**سەرەنجام:-**

لە شوباتی ساڵی (٢٠١١)دا نارەزاییەكانی گەلی ستەمدیدەی لیبیا دەستیپێكرد، بەشێوەیەك ڕاپەڕینی جەماوەری لەسەرتاسەری لیبیادا هاتەئاراوە، بەرەی ئۆپۆزسیۆن توانیان لە ماوەیەكی كەمدا حكومەتی كاتی پێكبهێنن كە بنكەی سەرەكیان لە بنغازی بوو، ناویان نا ئەنجومەنی نیشتمانی ئینتقالی، ئەم هەنگاوە بووە هۆی بەرپابوونی شەڕێكی قورس لە نێوان بەرەی گەلو داروودەستەكەی قەزافیدا، دوای پەرەسەندنی شەڕو بەكارهێنانی جۆرەها چەكو هێرشی بێبەزەییانەی سوپای قەزافی، هێزی ناتۆ بەسەرپەرشتی پەیمانی باكوری ئەتڵەسی هاتنە ناوەوە بۆ جێبەجێكردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، بە دانانی ناوچەی دژە فڕینو پارێزگاریكردن لە ژیانی هاوڵاتیانی مەدەنی.

پاشان دادگای تاوانەكانی نێودەوڵەتی ئینتەرپول لە «٢٧ حوزەیرانی ساڵی ٢٠١١» فەرمانی دەستگیركردنی بۆ قەزافیو كوڕەكەی (سیف الاسلام)و سەرۆكی دەزگای هەواڵگری (عەبدوڵا سنوسی) دەركرد.. بە تۆمەتی تاوان دژی مرۆڤایەتی.(دونیا دەورانە، تا دوێنێ وەكو سەرۆك كۆمار پێشوازی لێكراوە، ئەمڕۆ وەكو تاوانبار فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەردەچێت)!

قەزافیو سوپاكەی لە «ئابی ساڵی ٢٠١١» تێكشكا، لە سێبتەمبەری هەمان ساڵدا ئەنجومەنی نیشتمانی ئینتقالی لە نەتەوە یەكگرتووەكان بووە خاوەنی ئەو كورسییەی بۆ قەزافی دانرابوو، هێشتا قەزافی چەند ناوچەیەكی لیبیای لە ژێر دەستدا مابوو، بەتایبەت شاری (سرت)و تەرابلوسو ورفلە..

پاش شەڕێكی سەخت لە لایەن هێزو دارو دەستەی قەزافیو بەرەی ئۆپۆزسیۆن بە هاوكاری هێزی ناتۆ، توانیان سوپاكەی قەزافی تێك بشكێننو خودی قەزافیش بە زیندوویی لەلایەن ئەندامانی سوپای ئازادی نیشتمانییەوە دەستگیر بكەن!!

لە «٢٠ ئۆكتۆبەری ساڵی ٢٠١١»، سوپای ئازاد قەزافییان بە دیلی نەهێشتەوە، بەڵكو هێندە داخ لە دڵ بوون كە دەستبەجێ كوشتیانو كۆتاییان بە تەمەنو حوكمڕانی قەزافی هێنا، كە ماوەی (٤٢) ساڵ بوو حوكمڕانی وڵاتی لیبیای دەكرد، كە لە مێژووی وڵاتی لیبیادا بە درێژترین ماوەی دەسەڵات ناودەبرێت دوای ویلایەتی عوسمانییەكان، هەروەها درێژترین ماوەی حوكمڕانی كۆمارییە لە مێژوودا، جگە لە ڕژێمی پاشایەتی.

**"كاتێك سەركردەی دادپەروەر دەڕوات، خۆی پێدەكەنێت، گەلەكەی بۆی دەگرین..**

**سەركردەی ستەمكاریش كاتێك دەڕوات، خۆی دەگریو گەلەكەی پێدەكەنن!!**

**تۆی سەركردە خۆت سەرپشكی كامیان هەڵدەبژێری.. ئایا دەتەوێت خۆت بخەنیتو گەلەكەت بۆت بگرین؟! یاخود دەتەوێت خۆت ئەسرین هەڵبوەڕێنیو گەلەكەشت بدەن لە قاقای پێكەنین؟!"**

# چەند شێوازێکی جوان بۆ وتنی «نا»

هەورامان محمد هانەدنی

**بۆچی دەربڕینی «نا» ئاسانە بەڵام وتنی گرانە؟**

وشەی «نا» یەکێکە لە کورتترینو سادەترین وشەکان بۆ دەربڕین لە زۆربەی زمانەکاندا، بەڵام بەڕاستی هەمان ئەم وشەیە، هێنانە سەرزمانی گرانە، کاتێك دەمانەوێت بە وانیتر بڵێین «نا»، دەترسین کە هەستیان بریندار بکەین، یان بێ هیوایان بکەین، یان تەنانەت خراپتر، کە چیتر ئێمەیان خۆشنەوێ. لەم بابەتەشدا وەکو هەموو کارەکانی تر، بە ڕاهێنان کارامەییەکی زیاتر پەیدا دەکەن، بۆئەوەی وتنی « نا» ئاسانتر بێ بۆتان، ئەم ڕێگە چارانە تاقی بکەنەوە:-

**١- وشەی (سوپاس) زیاد بکەن:-** لەبەرئەوەی کە وشەی «نا» بە تەنیا زۆر درشتە، بەڵام زیادکردنی تەنیا یەك (مەمنونم)، زۆرتر دلگیرتری دەکات. کاتێ داوای ئەنجامدانی کارێکتان لێدەکرێ کە ئێوە پێتان خۆش نییە، لە بەرامبەردا لەبەرئەوەی کە کەسی بەرامبەر لەبیری ئێوەدا بووە سوپاسی بکەن.

بۆ نموونە: «نا سوپاس، بەڵام زۆر خۆشحاڵم کە منت هەڵبژارد بۆئەوەی کە هاوڕێیەتی منداڵەکەتان بکەم بۆ شاری یاری».

**٢- پێشنیاری بەرنامەیەکی تر بکەن:-** کاتێك کەسێك داوای ئەنجامدانی کارێکتان لێدەکات، بەڵام ئێوە زۆر بە دڵتان نییە، کارێکی تر پێشنیار بکەن کە دەتوانن بۆی ئەنجام بدەن.

بۆ نموونە «بە داخەوەم کە ناتوانم هەفتەیەکی تر ئاگاداری کوڕەکەت بم، بەڵام ئەگەر پێتخۆشبێ دەتوانم لە هاوڕێکانم بپرسم بزانم کاتی ئەم کارەیان هەیە، یان نا؟»

**٣- داوای کات بکەن:-** لە جیاتی ئەوەی کە خێرا بڵێن (بەڵێ)و دواتر پەشیمان ببنەوە، داوای چەند ڕۆژێك کات بکەن لە کەسی بەرامبەر بۆ بیرکردنەوە.

بۆ نمونە:- «خۆشحاڵ دەبم کە یارمەتیت بدەم هەفتەیەکی تر گەنجینەی ماڵەکەت پاك بکەیتەوە، بەڵام نازانم بەرنامەی هەفتەیەکی ترم چییە، دەتوانم دواتر پێت بڵێم؟

**٤- بڵێن کە پێویستتان نییە:-** لەبەرخاتری خواردنی لازانیایەك کە خوشکی مێردەکەتان هەمووجارێ فەرموتان دەکات، خۆتان نارەحەت مەکەن، بڵێن کە جارێ برسیتان نییە.

بۆ نموونە: «ئێستا تێرم، بەڵام پێم خراپ نییە کە هەندێك لەگەڵ خۆمدا ببەمەوە ماڵەوە دوایی بیخۆم».

**٥- بەئاسایی وەری بگرن:-** هەندێ کات ئەدەبیانەترین ڕێگا بۆ وتنی «نا» ئەوەیە کە زۆر بە ئاساییو سادەییەوە بڵێین:- «نا»! بە بێ هیچ ڕونکردنەوەیەك.

بۆ نموونە:- «بەداخەوەم، ناتوانم».. گرنگترین شتێك کە دەبێ تێبگەن ئەوەیە کە وتنی «نا» کارێکی خراپ، یان خۆپەرستانە نییە. لە ڕاستیدا ئەگەر زۆر بڵێین: (بەڵێ)، بۆی هەیە سەلامەتی هەستو جەستەمان بخەینە مەترسییەوەو کاتێکی کەمتر بخەینە گەڕ بۆ گەیشتن بەو کارو ئامانجانەی کە بۆ خۆمان گرنگە بیخەینە گەڕ. نەتوانین لە دەربڕینی وتنی «نا» هەروەها لەوانەیە پانتایی ترسی ئێوە زیاتر بکات، بە پێی وێبسایتی مایۆ کلینیك(mayo clinic)، خەڵکی دەبێ پێش ئەنجامدانی هەر کارێك هاوسەنگی وتنی «بەڵێ»کانیان لەبەرچاوبگرن کە بووەتە هۆی (ئێسترێس) ترسی دەروونی.

ئەگەروتنی «نا» قورسە بۆتان، هەندێ لەم شێوازانە تاقی بکەنەوە، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانتان ڕاهێنان لەسەر ئەم کارە بکەن.

سەرچاوە:- ممتاز نیوز- مجله خانواده - موفقیت



# دایکان و باوکان و پەروەردەی دەرەکی

گوڵان حەمەئەمین

خوێنەرانی خۆشەویست، دایکان باوکانی ڕێزدار ئەو گرفتەی دەناڵێنن بەدەستییەوە، بەشوێن چارسەرەکەیدا دەگەڕێن، بێگومان هاوڕان لەگەڵمان کە بریتییە لە زاڵبوونی پەروەردەی دەرەوەی خێزان بەسەر منداڵەکاندا.

تەمەنی پێنج ساڵی منداڵ، ئەو تەمەنەیە کە کاریگەری پەروەردەیی دەرەوەی خێزان لەسەر منداڵ ڕەنگدانەوەی دەبێت، چونکە لەم تەمەنەوە منداڵ تێکەڵ بە باخچەی ساوایان دەبێت، هاوڕێیەتی لەگەڵ منداڵانی دراوسێ‌وخزمان دروستدەکات، زیاتر بە دیار تەلەفزیۆنو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە کات بەسەردەبات...، هەرچەند لە داهاتودا هەوڵدەدەین باس لە هۆکاری ڕاگەیاندن لەسەر دەروونو ڕەوشتی منداڵ بخەینە خزمەتتان، بەڵام وەك یادخستنەوەیەکی کورت بیرتان دێنمەوە کە زۆرێك لە ئەفلام کارتۆنەکان کە بێ خەم منداڵەکانمان سەیری دەکەن، هۆکاری سەرەکین بۆ لاوازکردنی لایەنی ژیریو لادانی سێکسیو بزێوکردنی منداڵو... هتد. بۆ نمونە پشیلەیەك حەز لە پشیلەیەکی دیکە دەکات، ئەی بۆ پشیلەیەك نەبێت بەرماوەی بەکارهێندراوەکان فڕێنەداتە سەرشەقامەکان، یاخود ئەفلام کارتۆنێك داوا بکات لە شتەکان خۆیان لە خۆیانەوە بگۆڕێن بە حەزی ئەو!!!

ئایا ئەمانە چ سودێك بەمنداڵ دەگەیەنێت، جگە لە زیان! هەروەها سەرجەمی ئەمانەش هۆکارن بۆ کاریگەربوونی ئەو منداڵە بەو ژینگەیە، دەبینیت وشەیەك بەکاردەهێنێت کە پێشتر لێت نەبیستووە، کاتێك دەپرسی بۆ وادەڵێیت؟ دەڵێ فلان منداڵ وای‌وتو وایکرد، پاپاکە وایکرد، بۆیە گرنگە دایكو باوك هۆشیاری خۆیان زیادکەن، بزانن کام کەناڵانە باشنین بیسڕنەوە، کام کەناڵانە پەروەردەیین ئەوانە خەزنکەن، بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نەدەن منداڵەکانیان هاوڕێیەتی، یاخود نزیکی ئەو منداڵانە نەبنەوە کە پەروەردەی خێزانیان لەبارنییە.

ڕەنگە بپرسیت ئەی چارسەر چییە؟ خۆ ناتوانم لە ژینگەکەی دایبڕنم!

**چارەسەر:** بۆئەوەی منداڵەکەت کارێك نەکات ئازاری دەروونت بداتو پێچەوانەی تۆ ڕەفتار بکات، پێویستە خۆت ماندووبکەیتو ڕێگای زۆر بگریتەبەر لەوانە:-

١- خۆشەویستیو بایەخ پێدانێکی گونجاو.

٢- یاریکردن لەگەڵیدا.

٣- خوێندنەوەی چیرۆکی بەسود.

٤- کڕینی ئەو سیدیو ڤیدیانەی کە ئەفلام کارتۆنی پەروەردەیین.

٥- دانانی یارییە سودبەخشەکان لە ئایپادو کۆمپیوتەر.

٦- هەوڵ مەدە گۆشەگیری بکەیت، بەڵکو پەیوەندی ببەستە لەگەڵ ئەو خێزانانە کە لە ڕەوشی پەروەردەیی منداڵیان دڵنیایت.

٧- بینێرە باخچەیەکی ساوایان کە شێوازی پەروەردەیی سەرکەوتوو خاوەن پرۆگرامێکی پەروەردەیی تۆکمەبن.

٨- زۆر جێی مەهێڵە لە ماڵ، یاخود لای هاوسێ‌و خزمان.

٩- بەڕادەیەکی سنوردار کۆمەڵایەتی بن، نەك زۆرێك لە کاتەکانتان تێکەڵ بەخانەوادەی تر بن، با کەسانی نزیکیش بن.

١٠- پەیوەندی پتەوی خێزانو بوونی ڕێزو خۆشەویستی دایكو باوك بۆ یەکتر، هەروەها شاردنەوەی بچوکترین ناکۆکی لەبەرچاوی منداڵ.

بە هیوای نەوەیەکی خاوەن ڕەوشتی بەرزو سەرکەوتوو، بۆ هەموو لایەك.





# بۆچی لە کاتی تووڕەبووندا، دەنگ هەڵدەبڕین؟!

ئەسکەندەر ڕەحیم

لە کاتێکدا پیرێکی دانا، لەگەڵ قوتابییەکانیدا بە لای ڕووبارێکدا ڕەت دەبوون، لە هەردوو بەری ڕووبارەکە، کۆمەڵە کەسێکی بینی، لە تووڕەییدا ئاگریان لێدەبووەوەو دەنگیان بەسەریەکدا بەرزدەکردەوەو دەنگەدەنگو هەرایان بوو.

پیری دانا، بە زەردەخەنەیەکەوە ئاوڕی بەلای قوتابییەکانیدا دایەوەو لێی پرسین:

بۆچی لە کاتی تووڕەییدا، مرۆڤ دەنگی بەرز دەکاتەوە؟

ماوەیەك قوتابییەکانی بیریان کردەوە، پاشان یەکێکیان وەڵامی دایەوەو گوتی:

لەبەرئەوەی لە کاتی توڕەبووندا ئارامیمان لەدەست دەدەین.

پیری دانا، بەم پرسیارە وەڵامی قوتابییەکەی دایەوە:

بەڵام کە کەسی بەرامبەر ڕێك لە بەرامبەرت، یا لە تەنیشتتدایە، چ پێویست دەکات، بەسەریدا هاوار بکەیت؟ خۆدەتوانیت ئەوەی دەتەوێت، بە شێوازێکی باشتر پێی بڵێیت.

پاش ئەوەی هەندێك لە قوتابییەکان، چەند وەڵامێکی جیاوازیان دایەوە، بەڵام وەڵامی دروست بۆ ئەو پرسیارەی پیری دانا، لە دڵی هیچ کام لە قوتابییەکانی دیکەدا دانەمرکاندەوە.. هەر لەبەرئەوە پیری دانا، هۆکارەکەی بۆ ڕوون کردنەوەو گوتی:

ئەو کاتەی دوو کەس، لەیەکدی تووڕە دەبن، دڵیان زۆر لەیەکدی دوور دەکەوێتەوە، بۆئەوەی ئەو کەلێنەی کە لە نێوانیاندا دروست بووە، دایبپۆشنو نەیهێڵن، پێویستە لەسەریان، بڕێك دەنگیان هەڵبڕن. توڕەبوونیشیان هەرچەندە زۆرترو زۆرتر بێت، هێندە پێویستیان بە دەنگی بەرزترو بەرزتر دەبێت، تا ئەو ماوەو کەلێنە گەورەیە، بە دەنگە دەنگ پڕ بکەنەوە.

سەرنج بدەن، کاتێك دوو کەس دەکەونە نێو خۆشەویستییەوە، چی ڕوو دەدات؟

ئەو دوو کەسە بەسەریەکدا هاوار ناکەن، بەڵکو زۆر بە نەرمونیانی لەگەڵ یەکدیدا دەدوێن، ئەوەش لەبەرئەوەی دڵیان، زۆر لە یەکدییەوە نزیکەو ئەو ماوەو مەودایەی لە نێوان دڵیاندا هەیە، زۆر کەمە، یان هەر نییە.

پاشان دانای پیرو ژیر، درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: کاتێك ئەو دوو کەسە زۆرتر یەکدییان خۆشدەوێت، دەبێت چی لە نێوانیاندا ڕوو بدات؟

ئەو دووانە لەو دەمەدا، بە چپە یەکدی دەدوێنن، کورد گوتەنی: لە گوڵ کاڵترو لە چرپە بەرزتر بە یەکدی ناڵێن.. چونکە زۆرترو زۆرتر لە یەکدی نزیك کەوتوونەتەوە.

لە ئاکامیشدا، پێویستیان بە یەکدی دواندن نییە، هەر سەیرێکی یەکدی دەکەنو بەس، ئەمەش ئەندازەی ئەو لێکنزیکییەیە، کە دوو کەس پێی دەگەن، لەو کاتەدا کە یەکدییان خۆشدەوێت.

پاش ئەم لێکدانەوەیە، دانای پیر، سەرنجی سەرجەم قوتابییەکانی داو گوتی:

سا لەبەرئەوە، کاتێك لەسەر شتێك کۆك نیین، یان وتووێژو مشتومڕتانە، نەهێڵن دڵتان لێك دوور بکەوێتەوە، وتەیەك لە دەمتان نەیەتە دەر، کە زۆرتر لە یەکدیتان دووربخاتەوە.. ئەگەرنا، دڵنیابن بەزوویی ئەو ڕۆژە دەگات، کە تێیدا ماوەی نێوانتان، هێندە دوورو درێژو هەزاربەهەزار دەبێت، کە ئەستەمە ڕێگەیەك بۆ لای یەکدی گەڕانەوە شك ببەن!

# بۆ ئەوەی خەسوویەکی ڕۆح سووک بێت!

بێگەرد فارس

خێزانەکانمان واڕاهاتوون پێشـوازییەکی گەرم بکەن لە هاوسەری کوڕەکانیـان، بـە جۆرێك کە دایکی کـوڕ بە کچەکـەمو ئەویش بە جوانتریـت نازناو کە دایەگیانە بانگی دەکات، بەڵام ئەم پەیوەندییە زۆر ناخایەنێت، دوای ماوەیەکی کەم هیچ شتێك وەك خۆی نامێنێت، دایەگیان دەگۆڕێ بۆ خەسوو، کچەکەم بۆ ژنی کوڕەکەم!

لـە تۆمـاری دادگای خێزانـیو پەرتووکی دادگا شـەرعییەکاندا زۆربەی جیاوازیو کێشەکانی هاوسەرانو جیابوونەوەیان هۆکارەکەی جیاوازی نێوان بووكو خەسووەکەیە، ژیان لە نێوانیان دەبێتە دۆزەخ، ئەوەش کاردەکاتە سەر خێزانو هەموو کۆمەڵگەش بە گشتی..

لەبەرئەوە لێرەدا چەند خاڵێك یادی هەمووان دەخەینەوە، بەتایبەت ئامۆژگاری دایکی هاوسەران کە لەو خاڵانە دووربکەونەوە، ئەوانیش:-

**یەکـەم:-** خۆت بە دوور بگرە لە کاتی بوونی هەر کێشـەیەك لە نێوانیاندا، کێشەی تایبەتی بێت، یان کێشەی بەڕێوەبردنی ماڵ، یاخود پەروەردەی منداڵەکانیان بێت، بۆ ئەوەی تۆ نەبیتە بەشێك لەو کێشـەیە، نەوەك ڕاکەت وەك دەسـت تێوەردان ئەژمار بکرێت، هەمیشە کۆتری ئاشتی ناوماڵ بە، نەك بۆمبێکی چێنراو.

**دووەم:-** هەڵەکانـی بووکەکەت ئەژمار مەکە، بەڵکو ئامۆژگاری بکە بێئەوەی دەسـت وەردەیتە ژیانی، ئەوە بزانە سـەردەمی ئەو جیایە لەسـەردەمی تۆ، کاتێکیش ئامـۆژگاری دەکەیت با بە تەنها بێت، نەك لەبەردەم هاوسەرەکەیدا، یان میواندا.

**سێیەم:-** دەست وەرمەدەرە شێوازی پەروەردەکردنی منداڵەکانی، تەنانەت هەر شـتێکیش لە نێوانیان ڕوویدات، کارێك مەکە هەست بـە بـێ ئەزموونی بـکات لەو بـوارەدا، پێی مەڵـێ «نازانی چۆن پەروەردەیـان بکەیت، بزانە من چۆن باوکیانم پەروەردە کردووە»، ئەو شێوازە لە دەروونیا هەستی شکستو نائارامی دەخولقێنێت.

**چـوارەم:-** کلیلـی خانووەکەیان لای خـۆت هەڵمەگرە مەگەر بـە ڕەزامەنـدی ئەو نەبێت، یان بێ ئامادەبوونی ئەوان سـەردانی خانووەکەیان مەکە بۆ ئەوەی هەست بە موڵکە تایبەتیەکانی بکاتو بزانێت تۆش ڕێز لـە تایبەتمەندییەکانی دەگریت، بە تایبەتی تر ژووری نوستن، مافی خۆیەتی ژیانو شتی تایبەت بە خۆی هەبێت.

**پێنجەم:-** هەموو دەمێ باسی باشییەکانت بۆ هاوسەرەکەی مەکە لەو کاتەی لە دایکبووە تا ئەوەی بووەتە پیاوێكو پێشکەشـی ئەوت کـردووە، بـە جۆرێك ئەگەر کوڕەکەی ئـەو نەبوایە ئەوا نەدەبووە خاوەنی هاوسـەر، ئەو قوربانیانەی لەپێناویدا داوتە، باسیان مەکە، ئەوە ئەرکی خۆتە وەك دایکێك هەر بەهۆی ئەویشـەوە دایکایەتیت پێبەخشـراوە، بە تایبەتی تر باس لـە هاوکارییە ماددییەکانت بۆ هاوسەرگیری ئەوان مەکە، ئەوە ڕۆڵی خۆتە لە ژیاندا.

**شەشـەم:-** بەراورد لە نێوان ئەو کارانەی پێی هەستاوی لەگەڵ ئـەو کارانەی ئەو دەیکات مەکەو لە بەهـاو نرخی کەم مەکەرەوە بەتایبەتی لەبەردەم هاوسـەرەکەیدا، ستایشـی خواردنەکانت مەکە بەبـەراورد لەگەڵ خواردنەکانـی، جیاوازی تەمەنو شـارەزاییتان زۆرە، ئەوە بزانە تۆش سەرەتا وەك ئەو دەستت پێکردووە.

**حەوتـەم:-** با هەسـت بە جیـاوازی نەکات لە نێـوان خۆیو کچەکانت، سـۆزو خۆشەویستی پێببەخشە لە مامەڵەکانتدا لەگەڵی بەتایبەتـی لە کاتێکدا ئەوان ئامادەبنو هەسـت بەو پەیوەندییەی نێوانتـان بکـەن، ئەمـەش وای لێـدەکات هەسـت بـە نزیکـیو خۆشەویسـتیت بکات بـۆی، بێگومان ئەویش زیاتر لـە بەرامبەر هەستەکانت پاداشتت بە ڕێزو خۆشەویستی دەداتەوە.

**هەشـتەم:-** وارەفتار مەکە هەسـت بە بوونی نەرێنی بکات لە نێوان تۆو هاوسـەرەکەی بە شێوەیەك لە بەردەمیدا گفتوگۆ بکرێ نەتانـەوێ ئاگاداری باسـەکە بێـت، بیرت نەچێت ئـەو کوڕی تۆ بێت هاوسـەری ئەویشـە، بۆیە با ئەو هەستەی لا دروست نەبێت، کێشەکانی نێوانیان بەهۆی تۆوە بێتو گومانی خراپت پێببات.

**نۆیەم:-** هەموو هاوسەران شایەنی ئەوەن کە ناکۆکیو کێشە لە نێوانیاندا هەبێتو ئەوەش ئاسـاییە، خۆت بە دووربگرە لە دەست تێـوەردانو تۆمەتبارکردنـی ئەو لە هەموو شـتێکداو ڕووداوەکان بخەیتە ئەسـتۆی ئەو، بەڵکو وای لێ بکە هەسـت بکات بوونی ئەو لە ژیانی کوڕەکەیدا باشترینی ئەو شتانەیە کە لە ژیانی کوڕەکەی ڕوویداوەو هەمیشـەش دوعـا خوازە کە خوای گـەورە بۆ یەکیان بهێڵێتو ئاسوودەیە بە بوونی ئەو لە ژیانی کوڕەکەیدا.

**دەیـەم:-** بە هیچ شـێوەیەك لە هـۆکاری دووگیـان نەبوونی مەپرسە، یان هۆکاری ڕەفتاری منداڵەکانی،...هتد.

بۆئەوەی هەست نەکات دەست دەخەیتە ناو ژیانییەوە.

لە یادت بێت، بە دەستهێنانی دڵی بووکەکەت، زۆر باشترە لەوەی لە دەسـتی بدەیت، بەختەوەری ئەو بەختەوەری کوڕەکەتە، ئیرەیی مەبە بە خۆشەویسـتی کوڕەکەت بۆ ئەو، کوڕی باش خۆشەویسـتی هاوسەرەکەی، نابێتە هۆی لە بیرکردنی سۆزو خۆشەویستی بۆ دایکی.

سەرچاوە: پێگەی لیدیز کورنر



# چۆنییەتی هەڵبژاردنی پۆشاکی شیاو بۆ منداڵەکەت

لـەم سـەردەمەدا گەر سـەرنجی دایکو باوکـە لاوەکان بدەین، ئەوەی دەیبینین ڕێکپۆشی منداڵە ساواکانیانە، بەهۆی دەستکەوتنی پێگەکانـی پۆشـاکی منداڵو بوونی ناوەندە جیـاوازەکان بۆ کڕینی پۆشـاکی منداڵ، دایکو باوکەکان بە ئاگان لە هەڵبژاردنی پۆشـاک بـۆ منداڵە خۆشەویسـتەکانیان، دەزانین بارودۆخـی ئابوری باشو پێشـکەوتوو، کڕینـی جلوبـەرگ ئاسـانتر دەکات، بـەڵام بوونی کارامەییەکی زیاتر لە هەڵبژاردنی پۆشاکەکاندا گرنگترە لە ئابوری باش، هونەرو کارامەییەکان لە هەڵبژاردنی پۆشاکدا، دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، تا هەڵبژاردنێکی شـیاوت هەبێت، پیشەسـازی سەردەم لە پۆشاکی منداڵی ساوادا پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین کە جۆراوجۆری مۆدێلەکان تێڕوانینتان لە کارامەییو هونەرەکانی کڕینێکی گونجاودا پەرت نەکات.

منـداڵ ئازیزترین ئەندامـی هەرخێزانێکە، بـە هاتنە دونیای منداڵێکی ساوا خۆشیو شادی زیاتر بە هەموو خێزانەکە دەبەخشێت، دایـکو بـاوك کۆتـا هەوڵـدەدەن بـۆ پـەروەردەو ڕازیکردنی دڵی منداڵەکانیـان. ئایا بۆ ئێوەش پێش نەهاتـووە لە بەردەم دوکانێکی جلوبەرگی منداڵانەوە تێبپەڕنو سـەیری ئەو جلە ڕەنگاو ڕەنگانە نەکەن؟ گەورەکان بە بینینی ئەم پۆشاکە بچووکانە هەست بە شادیو چێژوەرگرتن دەکەن، چ بگات بەوەی کەسـێك لە ڕاستیدا مەبەستی کڕینی ئەو پۆشاکانەی هەبێت، وەك خزمو کەسوکار کە بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی هاتنە دونیای منداڵێکی ساوا، مەبەستی کڕینی پۆشاکێکی کەشخەیان هەیە، داپیرەو باپیرەکانیش بە دونیایەك ئارەزووەوە لە بۆنـە جیاوازەکاندا جلوبەرگ دەکەنە دیاری بۆ نەوە ئازیزەکانیان، کەوایە باشترە پێش کڕین ئەم خاڵانە لەبەرچاوبگرین.

*** ڕەنگە گونجاوەکان بۆ پۆشاکی منداڵی ساوا:-**

هەمیشـە ئـەو ڕەنگانەی تێکئاڵاوی ڕەنگی سـپین، باشـترین هەڵبژاردەیە بۆ منداڵ لە تەمەنی ساواییدا، وەك کڕینی پۆشاکێکی سـپی، یان پەمەیی، ئەم جۆرە ڕەنگانە دەتوانێت کەشـێکی لەبارو پاكو ئارام بۆ منداڵ دەستەبەر بکات. گرنگە بزانین چاوی مرۆڤ ڕەنگی سـپی بە یەکێك لە ڕەنگە ڕۆشـنو بەرچاوەکان دەبینێت، جگـە لەوەش بە سـودوەرگرتن لە ڕەنگی سـپی لـە جلو بەرگی منداڵدا کەشێکی تەندروستو سەلامەت بۆ منداڵ فەراهەم دەکەیت.

*** سەلامەتی لە پۆشاکدا:-**

لـە کاتی کڕینـی جلوبەرگـدا زیاتر لـە جوانی سـەلامەتی پۆشـاکیش لەبەرچاو بگـرن، منداڵ لەم تەمەنەدا بە ئاسـانی بە دەسـتەکانی هەرچی بە پۆشـاکەکەوەیەتی نزیك دەمی دەکاتەوە. ئەو قۆپچانەی بۆ ڕازاندنەوە بەکاردێن بۆ پۆشاکی منداڵ هیچ کات گونجاو نییە، لە کڕینی ئەو جۆرە پۆشاکانە خۆتان بەدوور بگرن.

*** لەباربێت بۆ شۆردن:-**

ئـەوەی لە هەڵبژاردنی جلوبەرگـی منداڵدا دەبێت گرنگی پێ بدەین، کڕینی جلو بەرگێکە کە لەباربێت بۆ شۆردن، ڕەنگە پێویست بکات منداڵێکی سـاوا لە ڕۆژێکدا «٣-٥»جـار جلەکانی بگۆڕدرێت، منداڵ لەم تەمەنەدا وەك گەورەکان نییە بتوانێت جلو بەرگەکانی بە پاکی ڕابگرێت، ئەم منداڵە خۆشەویستانە زۆر زوو پۆشاکەکانیان پیس دەکەن، بۆیە یەکێك لە خاڵە گرنگەکان لە کڕینی جلوبەرگدا ئەوەیە پێکهاتەی قوماشەکەی گونجاوبێت بۆ شۆردن.

*** میوانی لەگەڵ منداڵی ساوادا:-**

ئەگەر بانگهێشتکرای بۆ میوانییەك، دەبێت چەند دەست جلی زیـادە لەگەڵ خـۆت ببەی بۆ منداڵەکەت، چونکـە وەکو دەزانیت جلی منداڵ خێرا پیس دەبێت، کەواتە هەبوونی ٢ تا ٣ دەست جلی زیادە کارێکی ژیرانەیە.

*** کڕینی جلو بەرگ بۆ منداڵی ساوا:-**

داپیـرەو باپیـرە میهرەبانەکان ئەوە بزانن بە گشـتی ڕەنگی پۆشـاکی منداڵی سـاوا بۆ کوڕو کچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە فرۆشـگاکاندا، ڕەنگە جوانەکان سەوز، شینی کاڵ، کرێمی تەنانەت شـێوەی گوڵـدارو بوکەڵەیی جۆراوجـۆری کڕین بۆ ئێـوە دابین دەکات. ئەوە بزانن ڕەنگە کراوەکان ئارام بەخشە، چ بۆ منداڵو چ بۆ دایکو ئەوانەی لە دەوروبەری منداڵەوەن.

*** پۆشاك دەبێت ئاسودەبەخش بێت:-**

هەرگیز پۆشـاکە قۆپچەدارەکان مەکڕن، چونکـە لە کاتی خەودا ڕەنگە ئازاری بدەن، یاخود قۆپچەکانی دەبێت لەسـەر شانییەوە بێت، لەبەرئەوەی گۆڕینی جلوبەرگی ئاسـان بکات، منداڵ جموجوڵی زۆرەو خێرا گەشـە دەکاتو گەورە دەبێت، کەوایە باشـترە پۆشـاکێکیان بۆ بکڕن ئاسـودەبێتو ڕێگا لە جوڵەو هەڵسو کەوتیان نەگرێت. هەمیشە پۆشـاکێکی یـەك پارچە بـۆ منداڵەکانتان بکڕن، چونکە هەسـت بە ئارامی زیاتر دەکەن لەو جۆرە پۆشـاکانەدا، لە کڕینی پۆشـاکێك ١ تا ٢ ئەندازە گەورەتر خۆتان بە دووربگرن، لەگەڵ ئەوەشـدا دەزانن لەم تەمەنەدا ئەندازەیان خێرا گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام سەرنجی ئەوە بدەن کڕینی پۆشاکێك بە ئەندازەی گەورەتر هەڵبژاردنێکی باش نییە.

سەرچاوە/ گۆڤاری زیبایی/ ژمارە:- ٩١ ساڵی ١٣٩٢

و: ڕێڤان عەلی



# دایە گیان

لە بری ئازاری یەك چرکەتدا
لە ژێر ساباتی ئەوینتا
لە ئامێزی پڕ لە هەستتا
بە قومە شیری میهرت گۆشکرامو
بەسەدای لای لایەی سۆزت، گەورە کرام
گشت کاتێك... وەك منالْ ڕۆحی تامەزرۆم
گڕوی باوەشی پڕ نیانت ئەگرێ
تا بۆ ساتێك تیای بسرەوێ
دەستەکانم لە نێو دەستە پڕ گوڵەکانتا
بۆ هەمیشە... بۆنخۆشو گوڵاو ڕێژکە، بەشەرمو حەیا...!
بەرامەی یاسەمینی تۆ سەرچەمەی حەیاتو زیندوێتیمە !
تۆ هەمان ئەو قومە ئاوە یاقوتییەی
کە تینوێتی گەڕیدەیەکی مانیای لە بیابانا پێ ئەشکێ
تۆ جلیوەی ئە و ڕۆشناییەیت
کە تاریکایی ناخی پەژموردەم
ئەکەیتە چراخانو لالەزار..!
توند لە ئامێزی گەرمی خۆتم کەو پەنام بدە
نەبادا لە ژێر ماسکی تریفەی مانگەشەوا
شەولەبانێك... خەندەم خەڵتانی غەم کا
لە نیگای پڕلە حیکمەتو حەقیقەت تا..
پشکۆی وێرانکەری بێ بەڵێنیو
نەسیمی فێنکی ئەمەلم بۆ وێناکە..!
میهرو خۆشەوستی تۆ...
هەمان ئەو شنەبایەیە کە لەبەیانا
ڕووخساری سندوسیم ماچەکاو
دڵو ڕۆحم پڕ لە سکونەتو دڵنیایی دەکات..!
کە شنەبای خۆشەویستیت هەڵئەکا بۆ مێرگی سینەم
پەڕەکانی سینەم وەك گوڵەکان شکۆفە ئەکەنو
هەریەکەیان بە بەرامەو ڕەنگێك...
ئاوازی شادی ئەدا ئەکەن..!
دەریایی ئەم دەروونە پڕئەوینەم
تنۆك تنۆکی ئاوی عیشقی بێگەردی تۆیە
هەموو کاتێ شەپۆلی هەستەکانم
پێویستیان بە کەناری پڕ لە شادیو وەفاو دڵسۆزی تۆیە
تا بەتنۆکی عیشقی بێگەردی خۆت
بێ نیازیان کەیت..!

ڕۆشنا صاڵح



# پروشەی ئەوین!



گەرمیان

ئەگەر دڵت دایتە دەستی خودا
کەس ناتوانێ بیشکێنێ!

ئەم شەو پەنجەرەکەم بە ڕووی بارانەکەدا کردەوە، ڕێژنەی بارانی بەهاربوو، گەڵاو گوڵەباخەکانی بە ئەسرینی ئاسمان دەشۆری، ئەو ڕۆژانەم بیرکەوتەوە کە بەیانیانی کۆتا ڕۆژەکانی بەهار، وەختێك باران لە بەرەبەیاندا دارهەنجیریماڵەکانی ڕێگای قوتابخانەی پاك دەشۆریو بۆنی گەڵای هەنجیرەکە مەستی دەکردم، ئێستاش دوای زێتر لە سیساڵ من هەر کەیلو مەستی ئەو بۆنەم، بۆنی گەڵا هەنجیرەکان بۆنی توهرو پاکییان لێ دەتکا، حەزم دەکرد لە ژێر دار هەنجیرێکا ژووان ببەستمو نەچم بۆ قوتابخانە!

من حەزم دەکرد لەبەرباران پڕ سینگم بۆنی گوڵاوو گەڵای شۆراو بکەم!

دەمویست خۆمو پەڕاوەکانیشم بسمیل بکەم، ئاخر بۆچی باران هەموو شتێك پاك دەکاتەوە جگە لە ناخی مرۆڤەکان!؟ من نەمدەویست بچم بۆ قوتابخانە، دەمویست وانەکانم لەوێ بخوێنم! ئێستاش هەر بە هیوام بەیانییەك بگەڕێمەوە ژێر دارهەنجیرەکان، نازانم ئێستا ئەوان ماون؟ یاخود من دەمێنم تا ئەو کاتەی جارێکی دی تێر بۆنی پروشەی بارانو بۆنی گەڵا هەنجیرەکان بکەم!؟

بەڵام ئەمجارە نامەوێت بە تەنیا بڕۆم دەمەوێت تۆشم لەگەڵ بی!

من دڵم بەم بارانەی ئەمشەو خۆشە، چونکە سالم دەڵێت:

بە ئومێدی بەهاری وەسڵەکەی تۆ
لە هەوری دیدە هەر بارانە ئەمشەو!

دەزانم ئەگەر تۆ بێیت، هەر ئەمشەو پێش بەرەبەیان، پڕ ژوورەکەم دەبێت لە بۆنی گەڵا هەنجیری تەڕو شۆراو، کوڵبەی ئەحزانم دەکەی بە گوڵستان، دەزانی چیدی من بەرگەی دووری تۆ ناگرم، دەزانی دوور لە نیگای تۆ، جگە لە دڵێکی شکاو، فرمێسکی ڕژاو، سیمایەك بەدی ناکەیت، ئەوسا کۆتایی بەدووری دێنی ئازیزم!

بلوری دڵ شکا، وەك جامی مەی، فکرم ڕژا وەك مەی
نیشانەی دڵ شکاویمە، سروشکی ئاڵی خوێنینم! -ناری-

من هەموو ژیانی خۆمم لە دەریای عەدەمدا لەیاد کردبوو، تا ئەو کاتەی کە تۆ هاتیو بە خۆشەویستی خۆت هەموو تاڵییەکانت کردم بە هەنگوین، دڕکەکانت کردن بە گوڵ، کوچەو کۆڵانەکانی ناخی منت وەکو زیخی ئەم بەرەوبەری جۆگەیەکی بەفرین شۆردەوە! تۆ بۆنی دار هەنجیرە تەڕەکەت لێ دەهات!

ئەو کات زانیم چاوەڕوانکردنی دڵێکی پاك، چاوەڕوانکردنی نەسیمی ڕۆحە، ساڵێکی هەناسەیەکە! چونکە هەناسەیەکی ئەو دوورییە ساڵێکە!!

هیوادارم پێش زەردبوونی گوڵەکان، پێش قەتیس

بوونی ئەسرینی بەهار، بێیتو کۆتایی بە تەنیایی بهێنی!

کوچـەو کۆڵانەکان بیری ترپـەی پێیەکانت دەکەن، منیش بیری ترپەی دڵت دەکەم!

بە تەواوی ئینتـزار چاوەڕوانتم! کزەبای دوای باران بۆنی هەناسەی تۆم بۆ دێنێ!!

ئەمشـەو کەسـێك چاوەڕوانە، بۆ گەیشتنت ئامادەیە دەسـت لـە داری دونیا هەڵگـرێ، مەولانا ئاسـا دەڵێت: هەرچـی دەتەوێت بیبە، هەرچیـم هەیە بیبە، هەرچی پێویسـتت پێیەتی بیبە، هەموو شـتێکم بەبە، کە دوورم دەخاتەوە لە تۆ! ئەگەر ناوی خۆشم دوورم دەخاتەوە لە تۆ، لە خۆمی دادەڕنم، من ناوم بۆچییە لە دووری تۆ!

سیمای ڕووخسارت لەیلێ لە نێو دیدەم نەخشاوە
زمـانـم بـە نـاوی تـۆ لـە ئـەزەلـۆ پـژاوە
دڵـم بـە زیـکـرو یـادت تـەواو داگـیـرکـراوە
ئیدی بۆ کێ بنوسم، نامە بۆ کوێ براوە! -مەجنون-

ئەو کاتەی دڵی مرۆڤێکی گەورە بە تەواوی ئەوینەوە دەروازەی خۆشەویسـتیت بـۆ دەخاتە سەرپشـت، ئیدی گەنجینەکانی دونیا هەموو بۆ سـەودای هەناسـەیەك لە ژیان ناشێن!!

ئەو کاتە دەزانی کە ئەو دڵە نیشـتمانتە، ئەو مرۆڤە ناسـنامەتە، ڕەشماڵی ژیانو سـێبەری عومرە! ئەو کاتە دەزانی لەم جیهانی بێ کەسییەدا کەسێك هەموو کەسێکە بـۆ تۆ، ئیدی لە بێکەسـی نەجاتت دەبێت!! ئەو کەسـە هەمیشە پێت دەڵێت: مەترسە من لەگەڵتم!!

ئەوسـا تاڵیـی ئینتیـزار دەبێتـە حەلاوەتـی ڕۆحو سـوکنایی دڵ! چونکە ئەوە چاوەڕوانی خودو گەڕانەوەی هەموو خۆشیو لەزەتێکی ڕۆحە!

لـە قوتابخانەکەی تۆدا بووم بە مرۆڤو ژوانم لەگەڵ فریشـتەدا بەسـت، بەفرم ماڵی کردوو بۆنم بە میسکی بەهەشتەوە کرد...

ئازارەکانی دووریو دڕكو داڵی حەسرەتو چاوەڕوانی شەهدی ئەوینن، چونکە ئەگەر ئەو ئازارانە نەبا، مرۆڤە پـاكو بێگەردەکان لە هەوەسـبازو ئارەزوو پەرسـتەکان جودا نەدەکرانەوە، ئەو دڵە سپیو نورینانەی کە سوتاوی تـاوی ئەوینن، لەو دڵە ڕەشـانە جـودا نەدەکرانەوە کە لانەی ئەهریمەنو قەترانی ڕقو کینەو دڕندەیین!

ئەوین خۆی لە خۆیدا سـەرچاوەی گەورەترین ژانە، بەڵام ئەو ژانەیە کە هەمووان شەیدای بووین، چونکە لە ناخی ئەو ئازارو ژانەدا ڕۆحمان لە دایك دەبێت!

چی لەو ڕۆژە خۆشتر بوو دوای عەیامێك لە ونبوون خۆم لە دڵی تۆدا دۆزییەوە!؟

لـەم جیهانەدا دڵێك داڵدەت بدات، هەموو ئێوارەیەك بە ئەسرینی چاوی لە هەموو تەپو تۆزی ئەم ڕۆژگارەت بشواتەوەو بەرگی فریشتەت لەبەرکا!

نوقمی خۆشەویسـتیو متمانەو ئەوینت بکات، ئیدی چی باکم بە ئازارو نارەحەتییە!؟

خۆ من تا نەگەیشتمە حزوری دیوانی تۆ، مرۆڤبوونی خۆمم هەست پێ نەکردا!

گوێم لـە دەنگی پێکەنین نەبوو بوو، سـەدای ناڵەو هـاواری ئەویـن نەیـان هەژاندبـووم، پێناسـەیەکم بۆ خۆشەویستی نەدەزانی!

بە گەیشـتنم بە تـۆ ماڵاواییم لە ژینی ئاژەڵیم کرد، جوانییەکانی ناخی خۆم بەدی کرد، بە خۆم ئاشنا بووم، تێر بۆنی خۆمم کرد!

لام وایە گەیشـتن بە تۆ، ئیدی گەیشتنە بە ڕاحەتی ڕۆحو لەزەتی سـەرمەدی، مردنو قوربانیدانیش ڕێگایە بەرەو بەهەشـتی ڕۆح، لە ئەویندا ئیدی مردن نامێنێت، جاکێ بەو ئاواتە دەگات ببێتە قوربانت؟؟

گرۆهـی عاشـقان ئەمـڕۆ هەموو هاتوونە پابوسـت
منیش هاتووم بفەرمووی بمکوژن، بمکەن بە قوربانت
لە کوشـتن گەردنـت ئازادە، بێتو بێیە سـەر قەبرم
بە ڕۆژی جومعە بمنێژن، لەگەڵ جەمعی شەهیدانت -کوردی-

هێدی هێدی خەریکە ئاسمان ڕوپۆشی ڕەشی ڕادەماڵێو دەسـماڵی بەیان واڵا دەکا، بارانەکەش ماندوو بوو، تەنها پرۆشەیەکی وردی ماوە.

ئەویـن فێری کردین بەرگی ڕیاو ڕووکەش پەرسـتی فڕێ دەین!

ئەو چاوە بەهەشـتییەی ئەوین پێمان دەبەخشـێت، قوڵاییەکانـی حوسـنی حەقیقی دەبینێـت، ئێمە هەواو ئارەزوومـان لـە یەکەم هەنـگاودا بە تیغـی حەقیقەت سـەربڕیو بە ئاوی چاوو گوڵاوی هەناسـەی حەسـرەت دەستنوێژی ئەوینمان هەڵگرت!

لە زەلکاوی قـوڕو لیتەی حەیوانییـەوە بۆ دەریاری نوور وەرێکەوتین!

ئێمە بۆ خودی خۆمان ئاژین، نەفسی خۆمان لە نوری ئەویندا توایەوە وەکو مۆم!

دەبێـت جیهانێکی نوێ دروسـت بکەیـن، وردە وردە پێیەکانمان لە زەوی ببڕینو بەرەو ئاسمان هەڵکشێین!

ئـەی نـوری دڵو قـووەتـی ئـەژنـۆم، بەسە دووری
ڕۆحم وەکو پەروانە، گەڕا دەوروبەری تۆ -سید کامیلی ئیمامی-

هەست بە غوربەتێکی تاڵ دەکەم، سەدای گریانێك لە سینەمدا پەنگی خواردۆتەوە، ئاگر لە دەروونم بەردەدا....

لە دوای نوێژی شێوان لەسەر بەرماڵەکەم بە کزی دانیشتوەو دەستی نزاو پاڕانەوەم ڕووەو ئاسمان بڵند کردووە! بە تەنێ ڕووگەی دڵم خوداوەندە، تەنها نوری هیوام سۆزی ئیلاهییە!

مامۆستا......، زۆر دڵتەنگو نیگەرانو بێ حەواسم، دەمەوێت لە دەوروبەری خۆم جودا ببمەوەو لە هەموو مرۆڤەکان دوورەپەرێزبم، ژیان ڕەنگی لەبەرچاوم بزرکاوەو هەست بەو باقو بریقەی ناکەم کە باسی لێوە دەکەن!

دەنگی مرۆڤەکانو قاقای تاڵو ژاوەژاوی دونیاپەرستیو جیهانی مادده ئازارم دەدەن، هەستدەکەم ژیان بووەتە بازنەیەکی بەتاڵ، مرۆڤەکان ڕۆژانە سوڕانەوەی خۆیانی تێدا دووبارە دەکەنەوە!

دەمەوێت لە کۆڕو مەجلیسەکان هەڵێم.. نامەوێ بەیتو بالۆرەی ئەم ڕۆژگارە ببیسم!

من چی بکەم؟ هەموو کەسەکان، هەموو شتەکان، هەوڵدەدەن لە خودای گەورەم وەدوورخەنەوە!

نامەوێت ببمە بووکەشوشەی دەستی شەیتان!

نامەوێت گیرۆدەی نەفسی ئەممارەو ئارەزووەکان بم!

نامەوێت لە شەوەزەنگی غەفڵەتدا مەستو سەرگەردان بم!

دەمەوێ بەرەو ئاسمان هەڵکشێم، ڕۆحم پاك بکەمەوەو پەیوەندیم لەگەڵ خودای خۆمدا پتەوبکەم، دەزانم گەورەیی خوداوەند پێویستی بە سەلماندن نییە، ئەوە منم پێویستم بە سەلماندنی خودی خۆم هەیە لە لای خودا!

من چیدی نامەوێت لە نێوان دوڕیانێکدا سەرگەردان بم، من دەمەوێت تەنها بەندەی خودابم، شەیداو مەستی ئەوینی ئەو بم، جگە لە گەیشتن بە ئەو هیچ ئاواتێکم نەمێنێ!!

# نامە نوریەکان



نامەی بیستو هەشت

ئازیزم.. ئەوەی تۆ دەتەوێت کەماڵی عەقڵو تەواوی ژیری تۆیە، گەواهی نوری ئیمانو خۆشەویستیو بەندایەتییەکی ڕاستەقینەیە بۆ خودای میهرەبان! دۆزینەوەی ڕێگای بەختەوەریو سەرفرازی حەقیقییە، دۆزینەوەی بەهای خودو حیکمەتی وجودە..!

ئیبنولقەیم دەفەرموێت:

فلواحد كن واحدا فى واحدٍ أعني سبيل الحق والإيمان

واتە: بۆ یەکێك کە خودای تاكو تەنهایە، یەك ڕووگە بە لەسەر ڕێگایەك کە ڕێگای ئەهلی حەقو ئەهلی ئیمانە!!

تۆ دەتەوێت بچیتەوە سەر ڕێگای ڕاست، تۆ بۆ لای کارێك گەڕایتەوە، کە هەموومان فەرامۆشمان کردووە، ئەویش تاکە فەرمانی خودایە، هەرکەسێك ئەو کارەی لەیاد بچێت، ئیدی هەزار کاری دی ئەنجام بدات، کەڵکی نییە!

ئەو کارەی بە ئێمە ڕاسپێردراوە لە لایەن خودای تەعالاوە، هەڵسانە بە تەواوی عبودیەت بۆ خودا.. ئەوە گرنگی ئێمەیە لە بووندا، ئێمە بۆ خواردنو خواردنەوەو کەیفو سەیرو سەفا دروست نەبوین!!

هەربۆیە کاتێك ئەرکی سەرەکیمان لەیاد دەچێت، ئیدی بەهای خۆمان لە دەستدەدەین، ئیدی کارەکانمان، ژیانمان، زیندەگیو ڕاحەتمان، وەکو دەنکی تەزبیحێك هەمووی لێك دەترازێت، چونکە ئەو کاتەی کە نزیکی لە خوداوەند لە دەستدەدەین، ئیدی هەموو خۆشییەکان لە دەستدەدەین، ئیدی بێکەس دەبین، لەگەڵ خودی خۆشماندا ئەغیارین!

بەڵام ئەو کاتەی بە تەواوەتی دەبینە بەندەی خودا، تێکەڵ بە بەندایەتیو مەحەببەتی ئیلاهی دەبینو جگە لە خودا خەیاڵمان بە هیچ شتێکی دی داگیر ناکەین، هەموو خۆشیو لەزەتی دونیا بە دەورماندا سەما دەکات.

ئەو کاتەی کە خوداوەند پێمان دەڵێت: «ولعبدي ما سئل»! ئیدی داوایەك نامێنێت جێبەجێ نەکرێت.

دەگێڕنەوە پاشایەك کۆیلەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، هەر کاتێك ئەم کۆیلەیە ڕووی لە کۆشك دەکرد، ئەهلی حاجات وردە کاغەزو ئەرزوحاڵی خۆیانیان دەخستە نێو دەستی، بەڵکو لای شا نمایشی بکاتو داواکانیان جێبەجێ بکرێت.

بەندەش نامەی داواو سکاڵاکانی دەخستنە نێو کیفەکەی، بەڵام کاتێك بە دیداری شای خۆی شاد دەبوو، نەیدەتوانی خۆی لە بەر جەماڵی ئەودا ڕاگرێ، بەڵکو یەکڕاست لە هۆش خۆ دەچوو!

پاشاش دەستی دەخستە نێو کیفو باخەڵو کەشکۆڵی کۆیلەکەیو دەیگوت ئەم کۆیلەیەی من کە مەستی جەماڵی منەو لە ئەوینی مندا خودی خۆی وەبیر نەماوەو هۆشێکی لەبەرنییە، دەبێت چی پێبێت؟!

کاتێك نامەو عەرزوحاڵو پارچەکاغەزەکانی دەبینی، فەرمانی دەکرد بە جێبەجێکردنی هەموو داواکانو هەر لە پشتی داواکارییەکان بە دەستی خۆی ئیمزای دەکردنو دەیگێڕانەوە شوێنی خۆی!

بەو شێوەیە داوای هەموویانی جێبەجێ دەکرد، بێئەوەی کە کۆیلەی شەیدا نمایشی بکات لە خزمەت شادا، بە جۆرێك کە هەموو داواکانی بە زیادەوە بۆ جێبەجێ دەکردنو زێتر لەوەی خوازیاری بوون دەستیان دەکەوت!

بەڵام ئەو بەندانەی کە هۆشیار بوونو بە زمانی خۆیان عەرزی حاڵی ئەهلی حاجاتیان دەکرد، بە زەحمەتو زۆر بە دەگمەن داوایەك، یان دوانیان بۆ جێبەجێ دەکرا.

"ولله المثل الأعلى" "گەورەییو بەرزی خودا"......

ئەگەر بەندەیەك وەها ڕووی دڵی بکاتە خوداو جگە لە پەیوەست بوون بە ئەوەوە هەموو شتێك فەرامۆش بکات، ئەوا هەموو کارەکان مەیسەر دەبێت.

خوداوەند ئاگاداری هەموو ڕازو نیازو خۆزگەو ئاواتێکی ئێمەیە، ئەوەی دەمانەوێت بە زیادەوە دەماندات!

بۆ خودا جگە لە «کن فیکون» هیچی دی تێناچێت!

دەردی دڵی ئێمە وا لە کوێو ئێمە لە کوێ بۆی دەگەڕێین؟!

بەڵام کوا ئەو بەندەیەی کە جگە لە خودا هیچ ڕووگەیەکی نییە!

ئیبراهیمی ئەدهەم دەڵێت: جارێك کۆیلەیەکم کڕی لێم پرسی: ناوت چییە؟

گوتی: هەرچی تۆ پێت خۆشە!

گوتم: ئەی چی دەخۆیت؟

گوتی: هەرچیم پێ بدەی، من ئەوە دەخۆم!

گوتم: ئەی چی دەپۆشیت؟

گوتی: چی بەرگێکم پێ ببەخشی، من ئەوە دەپۆشم!

گوتم: ئەی چی کارێك دەکەیت؟

گوتی: هەرچی کارێك تۆ فەرمانم پێ بکەی، ئامادەم ئەنجامی بدەم!

گوتم: ئەی چی داوا دەکەیو ئاوات بە چی دەخوازی؟

گوتی: داواکردنو خواستن چی پەیوەندییەکی بە منی هەژارەوە هەیە؟!

ئیبراهیم دەڵێ بە خۆم گوت: تۆ ئەی داماو لە هەموو ژینتدا ساتێك لەگەڵ خودای خۆتدا ئاوها مامەڵەت کردووە؟!

بەردەوامبە ئازیزم لەو ڕێگایە ڕاستتر نییە کە لە خوداوەندت نزیك دەکاتەوە!

لەو دڵە هۆشیارتر نییە کە مەستە بە حوببی ئیلاهی!

لەو چاوە ڕووناکتر نییە کە ئەسرین بۆ هەیبەتو عەزەمەتی خودا هەڵدەوەرێنێ!

هاودەمیی بێکارو وێڵو سەرگەردانەکان مەکە...

جگە لەلای خوداوەند لە هیچ شوێنێ بۆ بەختەوەریو سەرفرازی مەگەڕێ، لەبەردەم دەرگای خودای گەورەو میهرەباندا نەبێت هەرگیز ڕامەوەستە...

جگە لە خەزێنەی ئیلاهی چاوت لە دەستی کەس نەبێت..

گەیشتن بە خودا گەیشتنە بە هەموو ئاواتو خۆزگەو هیواکان «الیس الله بكاف عبده»!

ئیدی با هەوڵدەین بەڕاستی «عەبدی» «الله» بینو بەس!

ع.ش. شێرکۆ

# لەگەڵ سەید کامیلی شاعیردا



## شاری دڵ

مـــن دەڵێـــم شـــاری دڵـــم بـــاغو گوڵـــستانە، کەچی
عەقڵ ئەڵێ نا، قەســـەبەی شۆڕشـــی مەستانە، نەچی
مـــن دەڵێـــم نوختەیی ئەو ڕەوزەیـــی ڕیزوانە، دەچم
ئـــەو دەڵێ نا، ڕەشـــە، جێ ڕاوگەیی شـــەیتانە، نەچی
مـــن دەڵێـــم مەســـکەنو ئارامگەیـــی جانانـــە، دەچم
ئـــەو دەڵـــێ سەربەســـەری تێکچووە، وێرانـــە، نەچی
مـــن دەڵێـــم جێگەیی هەر شـــێتو جنونانـــە، دەچم
ئـــەو دەڵێ نـــا، زەدەیـــی پەنچەیی پەریانـــە، نەچی
مـــن دەڵێـــم مەرکەزی ئەســـراری حەریفانـــە، دەچم
ئەو دەڵێ جـــێ تەمەعی چاوی حەســـوودانە، نەچی
من دەڵێم وەختی خەتەر مەئمەنو قەڵغانە، دەچم
ئەو دەڵێ کون کونە، جێگەی ســـەرە پەیکانە، نەچی
لەو هەموو چوونو نەچوونە سەری سوڕما «کامیل»
من دەڵێـــم جوانە بچم، ئەو دەڵـــێ وا جوانە، نەچی

"سید کامیل کوڕی سەید عبدولحەکیمە" ساڵی (١٩٠٣)ی زاینی لە دێی زەنبیل لە دایکبووەو ساڵی (١٩٨٩) لە شاری سەقز کۆچی دوایی کردووەو لە زەنبیل بە خاك سپێردراوە.

سید کامیل بە بڕوای ئەدیبان لە چڵەپۆپەی شیعرو ئەدەبی کوردی دایەو خاوەنی شیعری ناسکو هەستی بەرزو وەسفی بڵندو گوزارشتێکی دڵفڕێنە.

هەژار موکریانی دەڵێت: لە گۆمی ئەدەبیاتی زمانی کوردیدا مەلەوانێکی تاقانەیە! سید شاعیری بەهارو غەزەلو نیشتمانە....

نوری ڕووخســـارت وەدەرخە، دەردی بێ دەرمانە شەو
زەڵمەتی زوڵفت لەســـەر ڕووتە، لە ڕۆژ میوانە شـــەو

........

ئەگـــەر با بۆنی تـــۆ بێنێ «ئیمامـــی» وا دەڵێ گیانە
کە من ڕۆحو سەرم قوربانی ڕێگەی با، نەکەم چ بکەم؟

........

وەکو بیستم خەمت خواردم، ئەویش بۆ من خەمێکی دی
دڵـــت بـــۆ ماتەمـــم ســـووتا، ئەویشـــم ماتەمێکی دی
دەمـــێ ئەمدی لە دنیا هاودەمێ، غەیری خەمو دەردم
لە کوێ پەیدا بکەم یا ڕەببی! ئاخر هەمدەمێکی دی؟
بـــە داخو دەردی تۆوە شـــەرتە ئەی باڵابـــەرز! بمرم
دەبێ ئەو حەسرەتەی خۆم من بەرم بۆ عالەمێکی دی
بە زوڵفی خەم بە خەم دونیات وەکوو چێوی خمێ لێ کرد
کەچی بۆ گەردنی ئەمنت درێغ فەرموو خەمێکی دی
«ئیمامی»ت کوشت بە تیری غەمزە گەرچی چاوتە چارەی
تەماشای گەر بفەرمووی نایەوێ قەت مەڵحەمێکی دی